# دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین بە گەڕانەوە بۆ گەل و دەوڵەتی یاسا دەپارێزرێت

((من لەبەهاری ١٩٩١ داوای هەڵبژاردنم کرد، چونکە من ویستوومە ئێوە ئازاد بن و بڕیار لەچارەنووسی خۆتان بدەن، سەربەرزم بەوەی ڕۆڵم هەبووە لەچەسپاندنی دیموکراسی لەکوردستان و سیستەمێکمان داناوە کە نە سەرۆکی تاهەتایی هەیە، نە حزبی حاکم هەیە و نە پەرلەمانی هەمیشەیی هەیە، بەڵام میللەتی بەردەوام هەیە و ئەم میللەتە مەرجەعمانە و بۆیە دەبێت بۆ ئەم مەرجەعیەتە بگەڕێینەوە و خۆی بڕیار و حوکمی خۆی بدات)).

مسعود بارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان

ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ وەرچەرخانێکی مێژووییە لە مێژووی بزاڤی ڕزگاری خوازی گەلی کوردستان و بەرقەرابوونی ئازادی لەسەرانسەری هەرێمی کوردستاندا بە کەرکوکی دڵی کوردستانیشەوە، مەزنی ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ لەوەدابوو، کە گەلی کوردستان بێ جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی و سیاسیی ڕاپەڕی، هەربۆیە یەکەم وانە کە لەراپەڕینەکە فێری دەبین ئەوەیە، کە دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین و ئەو دەسکەوتانەشی ئێستا هەوڵی بەدیهێنانی دەدەین، بەیەکڕیزی و برایەتی و یەکتری قبوڵکردن و پێکەوە ژیان بەدەست دێت، بۆیە لەم ڕۆژەدا کە یادی ٢٠ـەمین ساڵیادی ئەو ڕاپەڕینە شکۆدارە دەکەینەوە دەبێت یەکڕیزی گەلی کوردستان و یەکڕیزی نێوان لایەنە سیاسییەکان لە ئەولەویەتی کار و بەرنامەی هەموو لایەنە سیاسییەکاندا بێت و، گەورەترین وەفاداری بۆ شەهیدانی ڕاپەڕین ئەوەیە کە لەساڵیادی ڕاپەڕیندا جارێکی دیکە هەموو بەوەفا بین بۆ ئەم وانە مێژووییەی ڕاپەڕین و یەکڕیزی سیاسیی و پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان و پێکهاتە سیاسییەکانی کوردستان بپارێزین.

هەر لەساڵیادی ڕاپەڕیندا، یادی ئەو پەیامەی بەڕێز مسعود بارزانی کە ئەو کات سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو کە لە کۆیەی حاجی قادرەوە ڕایگەیاند، دەبێت دەسەڵات بگەڕێتەوە بۆ گەلی کوردستان و هەڵبژاردن بکرێت و دەوڵەتی قانوون دابمەزرێت، ئەم پەیامەی بەڕێزیان لەماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوو بووە هەوێنی حکومڕانیەکی دیموکراتی لەکوردستان و سەلماندی تەنیا ڕێگە بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان لەگەڵ جیهانی سەردەم بگونجێنین ئەوەیە، دەبێت بێجگە لە دیموکراتی و دەوڵەتی قانوون هیچ بەدیلێکی دیکە بۆ حکومڕانی کوردستان هەڵنەبژێرین، لەبەر ئەوەی تەنیا لە سیستمی دیموکراتیدا گەل خاوەنی دەسەڵاتە و نابێت لەکوردستاندا سیستمی حکومڕانی یەك حزبی و حکومەتی هەتا هەتایی و پەرلەمانی هەتا هەتایی بوونی هەبێت، هەروەها ئەو پەیامەی بارزانی بووە بەرنامەی بەرەی کوردستانی بۆ ئەوەی کە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێت و ئەوەبوو توانرا لەماوەی ساڵێکدا هەموو ڕێوشوێنێکی یاسایی پێکبهێرێت. لە ئایاری ساڵی ١٩٩٢ یەکەمین هەڵبژاردنی ئازاد لەکوردستان ئەنجامدرا و دوای ئەویش پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرێنرا و، بوونە دوو بەرهەمی دانسقەی خوێنی شەهیدان و خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگە و پێشکەشی گەلی کوردستان کرانەوە.

ئێستا کە تەنگژەیەکی سیاسیی لە کوردستاندا بوونی هەیە و داوا دەکرێت کە جارێکی دیکە هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجامبدرێتەوە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان چۆن بیست ساڵ لەمەوپێش ڕایگەیاند کە دەبێتە هەموومان بگەڕێینەوە بۆ ئیرادەی خەڵکی کوردستان و پێویستە خەڵکی کوردستان خۆی بڕیار بدات کێ نوێنەرایەتی دەکات، هەربۆیە پەرلەمانی کوردستانی ڕاسپاردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان دابنشێت و دیراسەتی هەڵبژاردنەوەی پێشوەختە بکرێت، ئەم پەیامە لەگەڵ ئەوەی دووبارەکردنەوەی پەیامی ٢٠ ساڵ لەمەوپێشی بەڕێزیانە، تەنیا ڕێگەشە کە دەتوانین ئەزموونە دیموکراتییەکەمانی پێ بپارێزین و دەتوانین دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین و بەرهەمی خوێنی شەهیدانی پێ بپارێزین.



# چاكسازی و گۆڕانكاری بە دامەزراوەی بەهێز دەكرێت نەك دروشمی سیاسیی





## ئەدۆنیس

کاتێک مرۆڤ دەگاتە ئەو قەناعەتەی هەموو هەقیقەتێک لای ئەوە، ئەوا خۆی دەبێتە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی توندوتیژی، ئەم قەناعەتە دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئەقڵ دیل بکرێت، ئەوجا نەک هەر ئەقڵی خۆی، بەڵکو هەوڵدەدات ئەقڵی بەرامبەریش دیل بکات، هەموو قەناعەتێکی لەم جۆرەش بە زەرورەت دەبێتە ئیرادەیەکی سیاسیی، ئەو هێزەشی بەو ئیرادە سیاسییەوە پێوەندار دەبێت و هەڵدەسورێت، دەبێتتە بەرهەمهێنەری سەرکوتکردن و توندوتیژی، دەبێتە هەوڵێک بۆ لەناوبردنی ئەوی دیکە. ئەمە ئەو ڕاستیەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کاتێک ئایدلۆژیەتێکی سیاسیی (کە خۆی بەخاوەنی هەموو هەقیقەت دەزانێ) داوا لە هەوادارانی خۆی دەکات هەڵبسورێن، وەک ئەوەیە پارتێکی سیاسیی ئایینی داوا لە هەوادارانی خۆی بکات، هەربۆیە ئەویش داوا لە هەوادارنی دەکات، بەردەوام ملکەچی بن، لە هەندێک حاڵەتدا خۆتان قوربانی بدەن، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هەوڵبدەن قوربانییەکە بەرامبەر بێت، ئەم دوو جۆرە سیاسەتە (سیاسەتی ئایینی و سیاسەتی ئایدلۆژی) لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە، بەڵام ئەوەی لەیەکتریان جیادەکاتەوە ئەوەیە، یەکەمیان بە ئایین سیاسەت دەکات و دووەمیان بە ئایدلۆژییەت سیاسەت دەکات)).

ئەگەر مەعریفە بەو جۆرە پێناسە بکەین، کە خودی مەعریفە میتۆدێکە بۆ ڕەخنە و خودی ڕەخنە دەبێتە مەعریفە، ئەوا هیچ مەعریفەیەك بوونی نابێت ئەگەر تەجرەبە نەکرابێت یان لەبەر ڕۆشنایی تەجرەبەکان چەکوشی ڕەخنەی لەسەر تاقی نەکرابێتەوە، کەواتە کێشەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی

**گرنگە سەرکردایەتی بزووتنەوەی گۆڕان بەخەڵکی کوردستانی ڕابگەیەنێت ئەم مۆدێلە دیموکراسیەی ئەو بانگێشەی بۆ دەکات لەگەڵ کام لە دەیان مۆدێلی دیموکراتی کە لە جیهاندا بوونیان هەیە و یەکدەگرێتەوە**

و کۆمەڵگەی کراوە، لەو خاڵەوە نەخشەی ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی هەڵدەگیرێت، کە هەموو پێکهاتەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بە پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەرتی تایبەت، گەیشتبنە ئەو قەناعەتەی تەنیا هەڵەیەك کە پێویستە هەمووی لێی دووربکەنەوە ئەوەیە کە هەقیقەتی تەواو لای هیچ کەس و لایەنێك نییە و، هەر کەس و لایەنێك ئیدعای ئەوەی کرد خۆی خاوەنی هەقیقەتە یان وەك دەنگی هەقیقەت و ڕاستی بانگێشەی بۆ خۆی کرد، ئەوا ئەو کەس و لایەنە هەرکەسێك بێت دژی پرۆسەی دیموکراتی و دژی کۆمەڵگەی کراوەیە.

بەداخەوە لەو کاتەوەی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان بە هەردوو لایەنی (چەپی ئایدلۆژیی و سیاسی ئیسلامی) یەوە، دەیانەوێت سواری شەپۆلی داواکاری خۆپیشاندەران بن بۆ بەدیهێنانی مەرامە سیاسییەکانی خۆیان، هەست دەکەین هەردوولایان لە بانگێشەکردنیان بۆ هەقیقەت یەکدەگرنەوە، بەڵام ئەوەی لێکیان جیادەکاتەوە ئەوەیە، یەکەمیان بانگێشە بۆ هەقیقەتی چەپی ئایدلۆژی دەکات و دووەمیان بانگێشە بۆ هەقیقەتی سیاسەتی ئاینی دەکات، ئەم بانگێشەکردنە لەگەڵ ئەوەی هیچ لەو مەسەلەیە کەمناکاتەوە بەوەی دەشێت هەر لایەکیان بەشێك لە هەقیقەتیان لابێت، بەڵام سووربوونیان لەسەر ئەوەی هەمموو هەقیقەت لای ئەوانە ئەمە سەنگەرگرتنێکی ئاشکرایە لە دیموکراتی و لە فەرهەنگی دیموکراتیدا جێگەی نابێتەوە. ئەمەش ڕاستەخۆ پێوەندی بە سوڵتانی ئەو جۆرە ئایدلۆژیەتانەوە هەیە، کە هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە کە دەیانەوێت هەموو وەك یەك بیر و بەیەك شێواز بیر بکەینەوە، هەر بۆیە کاتێك جیاوازی لە بیروبۆچوونەکان دەبینن، شێتگیر دەبن و هەست دەکەن جیاواز بوون لە بیروبۆچوونی ئەوان جۆرێکە لە سوکایەتیکردنە بە بیروبۆچوونیان، ئەوانەی دانیشتنەکانی ئەم دواییەی پەرلەمانی کوردستانیان بینیوە هەست بەو ڕاستییە دەکەن کە چۆن پەرلەمانتارەکانی لیستی گۆڕان و لایەنە ئیسلامییەکان لەو خاڵەدا یەکدەگرنەوە کە بانگێشە بۆ هەقیقەتی ڕەهای خۆیان دەکەن و لەنەزمی قسەکردنیان تێدەگەین چۆن بە بیروبۆچوونە جیاوازەکانی لایەنەکانی دیکە قەڵس و جارس دەبن و تەنانەت تا کار دەگاتە ئەوەی لە ناو هۆڵی پەرلەماندا سوکایەتی بە لایەنە سیاسییەکان و هەیبەت و شکۆی پەرلەمانی کوردستانیش بکەن، ئەمە ئەو ڕاستیەیە کە پێمان دەڵێت سیاسەتکردن بە ئایدلۆژیەت و سیاسەتکردن بە ئایین، لەو ڕوانگەیەوە سەیری بەرامبەر ناکات کە ئەوی دیکە بیروبۆچوونێکی جیاوازی هەیە، بەڵکو بەوجۆرە سەیری دەکات دەبێت ئەقڵی بەرامبەر دیلی بەردەستی ئەو بێت و بۆ ئەوەی بتوانێت بژی دەبێت پاکانەی بۆ پربکاتەوە.

ئەگەر ئەم شێوازە سیمای باڵای ئەو ئۆپۆزسیۆنە بێت کە ئەمڕۆ دەیەوێت لەژێر ناوی ئۆپۆزسیۆنێکی دیموکراتییەوە جارێکی دیکە ستالینیزم یان چەمکەکانی سەید قوتب و حەسەن بەنا لە کوردستان زیندوو بکەنەوە، ئەوا هیچ چارێك بەدەستەوە نامێنێت و دەبێتە ئەرکی ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیران و نووسەران کە ئەم سیاسەتە ئایدلۆژی و ئایینییە بۆ ڕای گشتی جەماوەری کوردستان ڕوونبکەنەوەو ئەو ئەقڵانە بخاتە بەر ڕەخنە کە دەیانەوێت لەرێگەی ئەم ئایدلۆژیەتەوە ئیرادەی هاووڵاتیان سڕبکەن و بۆ ئارەزووەکانی خۆیان هەڵی بسوڕێنن، هەربۆیە کاتێك لەم خاڵەوە هەوڵدەدەین ڕەخنە لەو جۆرە سیاسەتە بگرین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی چۆن ئەم ئایدۆلۆژیەتە دروست بووە و دەیانەوێت چۆن هەڵیبسوڕێنن؟ ئایا دەیانەوێت بگەنە چ ئامانجێك و دەیانەوێت دڵی کێی پێ خۆش بکەن؟ ڕۆچوون بەنێو ئەو ئامانجانەی کە ئەزموومی مێژووی وڵاتانی جیهان پێمان دەڵێن، ئەزموونێکە بە جیهانی دیموکراتی نامۆیە و هەر بۆیە لە گوتارە سیاسییەکانیاندا ئاماژە بەهیچ تەجرەبەیەکی دیموکراتی ئەم جیهانە بێجگە لە ئیسرائیل ناکەن.

## ئایدلۆژییە شمولیەکان سوود لە ئەزموونەکانی جیهان وەرناگرن

لەوەتەی بزووتنەوەی گۆڕان وەك باڵێکی جیابۆوە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەرکەتووە، چەند جار گوێمان لەوە بووە کە ڕۆژێك دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بە حزبی بەعس لەسوریا دەچووێنێت، ڕۆژێکی دیکە بەدەسەڵاتی حوسنی موبارەك و زەینلعابدین بن عەلی و عەلی عەبدوڵڵا سالح دەچووێنێت، لەمەش خراپتر تەنانەت پێشتر پەنای بۆ ئەوەش بردووە کە سەرکردایەتی یەکێتی وەك مەجلیسی قیادەی سەورەی حزبی بەعس بچوونێت، لەوانەیە ئەم لایەنە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی یان بۆ کۆمەڵگەیەکی وەك کۆمەڵگەی کوردستان کە لە دەسپێکی پیادەکردنی ئازادی و

**ئایا بزووتنەوەی گۆڕان دەتوانێت وەك بزووتنەوەیەکی دیموکراتی ڕاشکاوانە و بێ پەردە و بە داتا و دیکۆمێنتی زانستی بۆمان بسەلمێنێت. لە پرۆسەی بونیادی دیموکراتی و لە قۆناغی ئینتقالی کام وڵاتدا دیاردەی گەندەڵی بوونی نەبووە؟**

بونیادی دیموکراتیدایە، دەکرێت بڵێین بوارێك بێت بۆ خۆ خاڵی کردنەوە، بۆیە پرسیاری ئێمە لەم ڕاپۆرتە ئەوە نییە ئایا ئەو لەسەر هەقە یان ئەو مافەی هەیە کە بەئارەزووی خۆی ناو و ناتۆرەی ناسیاسییانە و بازاڕیانە لە بەرامبەرکەی بنێت یان نەء، بەڵکو پرسیاری ئەم ڕاپۆرتە ئەوەیە ئایا بۆ گوێمان لێ نەبووە ئایا بزووتنەوەی گۆڕان دەیەوێت کام ئەزموونی دیموکراتی لەکوردستان دووبارە

بکاتەوە؟ گوێمان لێ نەبووە ڕۆژێك لە ڕۆژان لەهەموو بڵاوکراوەکانی ئەو حزبە بە (بیسترا و بینرا و نووسراوەوە) ڕەهەندە سەرەکییەکانی ئاراستەی سیاسیی خۆی بۆ هاوولاتیانی کوردستان بڵاو بکاتەوە هەتا بزانین ئایا ئەم نموونەیەی کە بزووتنەوەی گۆڕان دەیەوێت لە کوردستان دووبارەی بکاتەوە لە کوێوە

**سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان دەیەوێت وای پیشانبدات ئەو فریادرەسە و لەمەش زیاتر دەیەوێت ئەوە بەخەڵکی بڵێت ئەوانەی بوونە هەواداری ئەو هەموویان دژی گەندەڵین**

سەرچاوەی گرتووەو دەیەوێت کوردستان بەرەو چ ئاراستەیەك بەرێت؟ ئەم پرسیارانە لە کۆمەڵگەی دیموکراتی و کراوەدا پێویستی بە وەڵامدانەوەیە، لەبەر ئەوەی دەبێت حزبە سیاسییەکان کە ئەرکی نوێنەرایەتیکردن دەخەنە سەرشانی خۆیان، هاوولاتیان بزانن ئەو بزووتنەوە سیاسییە چۆن بیر دەکاتەوە و مەبەستێتی کۆمەڵگە بەرەو چ ئاراستەیەك بەرێت، لێرەوە بۆ بەرچاوڕوونیی خوێنەر چەند خاڵێك دەست نیشان دەکەین:

١- گرنگە سەرکردایەتی بزووتنەوەی گۆڕان پێناسەی سیستمی دیموکراتی بۆ خەڵکی کوردستان بکاتەوە و ئاشکرای بکات کە ئەو مەبەستی لە دیموکراتی و بونیادی سیستمی دیموکراتی چییە؟ ئەمڕۆ لە جیهاندا دەیان ئەزموونی دیموکراتی لە قۆناغی ئینتیقالیدایە، هەر لە بەرازیلەوە تا دەگاتە ژاپۆن و هەر لەوڵاتانی پۆست کۆمونیستەوە تادەگاتە باشووری ئەفریقیا، بۆیە زۆر گرنگە بەخەڵکی کوردستانی ڕابگەیەنێت ئەم مۆدیلەی ئەو بانگێشەی بۆ دەکات لەگەڵ کام لەو دەیان مۆدیلەی لە جیهاندا بوونیان هەیە یەکدەگرێتەوە، ئەمە نەك بۆ بزووتنەوەکەی خۆی و هەوادارانی سوودمەندە، بەڵکو بۆ خەڵکانی دەرەوەی بزووتنەوەکەشی سوودی هەیە، لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستان بڕوایان بەدیموکراتی هەیە و پێیانوایە بێجگە لە دیموکراتی بەدیلێکی دیکە نییە، ئەگەرچی لە بونیادنانی ئەم ئەزموونەشدا زۆر شارەزانین.

٢- کاتێك بزووتنەوەی گۆڕان ناو و ناتۆرەی سەیری ناسیاسییانە لەم حزب و ئەو حزب دەنێت، هەر بۆ نموونە بە پارتی و یەکێتی دەڵێت دەسەڵاتی تاکحزبی و بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت حکومەتی حزب و بە حزبە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان دەڵێت حزبی کارتۆنی و دوکانی سیاسیی، گرنگە خەڵکی کوردستان لەزاری خۆیانەوە بزانن ئایا ئەمانە بزووتنەوەیەکی دیموکراتین، یان بزووتنەوەیەکی چەپی ستالینیزمن وەك پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئەمریکای لاتین و دەوڵەتانی پۆست کۆمونیست و، دەیانەوێت لە ڕێگەی سندوقی دەنگدانەوە کودەتا بەسەر دیموکراتیدا بکەن، ئەوجا بۆ ئەوەی ئەقڵی سیاسیی بە ڕادەیەك هۆشیار بێت و خۆی لەو قاڵبە کلاسیکیە بهێنێتە دەرەوە کە چەمکی کودەتا، تەنیا کودەتای سەربازی نییە، بەڵکو کودەتای سیاسیش دەگرێتەوە، لێرەدا گرنگە بڵێین ڕاستە کودەتای سەربازی مۆدیلی دەوڵەتانی عەرەبییە، بەڵام کودەتای سیاسیی مۆدیلی ئەو سەرکردە چەپانەیە کە دەیانەوێت بەرێگەی سندوقی دەنگدان بگەنە دەسەڵات، هەربۆیە ئەگەر بەرنامەی بزووتنەوەی گۆڕان لاساییکردنەوەی بزووتنەوە پۆپۆلیستە چەپەکانی ئەمریکای لاتینییە، ئەوا پێویستە خەڵکی کوردستان لەم ڕاستیە بێ ئاگا نەبن و گرنگە خۆشیان بوێرانە دان بەم ڕاستییانەدا بنێن:

أ- بزووتنەوەی گۆڕان بەکردەیی سەلماندویەتی دژی هەر دامەزراوەیەکە کە لە کوردستان بوونی هەبێت، ئەوان ئازادن ئەم ڕاستییە پێچەوانە بکەنەوە، لەبەر ئەوەی تائێستا یەك دامەزراوەی کوردستان نییە کە بزووتنەوەی گۆڕان داوای ڕووخاندنی نەکردبێت، ئەمە دەقاودەق داوای ئەو سەرکردە پۆپۆلیستە چەپانەیە کە لە ئەمریکای لاتینی بوونیان هەیە، بەڵام جیاوازی بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ بزووتنەوە چەپەکانی ئەمریکای لاتینی ئەوەیە، ئەوان نایشارنەوە و بەئاشکرا دەڵێن، ئێمە دژی دیموکراسیەتی نوێنەرایەتین، دژی پەرەپێدانی کۆمەڵگایین بە شێوازی سەرمایەداری یان لەسەر بنەمای ئابووری بازاڕ، دژی حزبی سیاسی و نوێنەرایەتیکردنی حزبین، بۆیە هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە هاوولاتیان متمانەیان بە حزبە سیاسییەکان نەمێنێت، هەوڵیان بۆ ئەوەیە کە بە خەڵکی بڵێن ئەم دامەزراوانەی بواری پەرەپێدان هەڵدسوڕێنن بوونە هۆکاری ئەوەی جیاوازی نێوان هەژار و دەوڵەمەندەکان زیاتر بێت و هەژارەکان هەژارتر بن و دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر بن، بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە هاوولاتی هانبدەن پۆلیس بەدوژمنی خۆی بزانێت و، وەك پارێزەری سەلامەتی و سەروماڵی سەیری نەکات، ئەوان ڕاشکاوانە دەیڵێن پێویستە دەسەڵاتی تاکەکەس (کە مەبەستیان سەرکردە پۆپۆلیستەکەیە) لە دەسەڵاتی هەموو دامودەزگان زیاتر بێت، پاکانەیان بۆ ئەوەی دەسەڵاتی تاکەکەس لەسەرووی دەسەڵاتی دامەزراوەکانەوە بێت ئەوەیە دامەزراوەکان هیچ گۆڕانکارییەکیان پێ ناکرێت و پێویستە هەموو لەدەوری ئەو سەرکردە پۆپۆلیستیە کۆببنەوە کە داری سیحری بەدەستەوە گرتووە توانای ئەوەی هەیە کۆمەڵگە لە نەهامەتییەکانی ڕزگار بکات.

ب- بزووتنەوەی گۆڕان کاتێك هەوڵدەدات دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی لەگەڵ دەسەڵاتی دیکتاتۆری و شمولیەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بەراورد بکات، ئەو پێش هەمووان دەزانێت کە لە وڵاتانی عەرەبیدا لە مەغریبەوە تا عێراق، بزووتنەوەیەکی سیاسیی دیموکراتی بوونی نییە کە توانای بونیادی دیموکراتییەتی نوێنەرایەتی لەکۆمەڵگەدا هەبێت، نەبوونی ئەم بزووتنەوە سیاسییە دیموکراتیە هۆکاری ئەوەبووە کە باهۆزی دیموکراتی لەدوای ڕووخانی دیواری بەرلینەوە هیچ دەوڵەتێکی عەرەبی نەگرێتەوە، ئەم دیاردەیە کە هەموو بیرمەندانی سیاسیی و تایبەتمەندی لە بواری

**تاکەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراتی بەسروشتی خۆیان حەزیان لە گۆڕانکارییە. بۆیە لە کۆمەڵگەی دیموکراتی هیچ لایەنێك تاسەر حکومڕان نییە و هیچ لایەنێك تاسەر موعارەزە یان ئۆپۆزسیۆن نییە**

دیموکراتی سەرسامکردووە، هۆکارەکەی ئەوەنییە کە گەلە موسڵمانەکان دژی دیموکراتین، نەخێر هۆکارەکەی ئەوەیە کە بزووتنەوە یان حزبێکی سیاسیی دیموکراتی بوونی نییە، هەرچی حزبە ئیسلامیەکانی وڵاتانی عەرەبیشن کە زۆربەیان سەر بەتەیاری ئیخوان موسلمینن ئەمانە بێ شاردنەوە

ڕایانگەیاندووە دیموکراتی ڕۆژئاوا (کە مەبەستیان دیموکراتی نوێنەرایەتی و لیبرال دیموکراتییە) ڕەتدەکەنەوە و لەبری پەرلەمان بڕوایان بەشورا هەیە، هەروەها دەسەڵاتی دەوڵەتە عەرەبییەکانیش دامەزراندنی حزبیان لەسەر شوناسی ئایینی بایکۆتکردووە، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی حزبی سیاسی لەوڵاتانی عەرەبی هیچ ڕۆڵێکی نەبووە و ڕۆشنبیران و نووسەران و ڕۆژنامەنووسانیش هەموو کات دژی حزبی سیاسیی ڕاوەستاون، ئەوجا لەم روانگەیەوە و لەبەر ئەوەی حزبە سیاسییەکانی وڵاتانی عەرەبی حزبی دیموکراتی نەبوون هەموویان پێکەوە ڕەتکراونەتەوەو، وەك ئاستەنگێك بۆ پرۆسەی دیموکراتی سەیر کراون، لەبری ئەمە بەپشتگیری ڕۆژئاواش بەتایبەتی ئەمریکا هەوڵدراوە بایەخ بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هەندێك سەنتەری دیراساتی ئەکادیمی بدرێت بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری دیموکراتی، وەك سەنتەری ئیبین خەلدوون لە میسر، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم سەنتەرەش لە تێڕوانینی دەسەڵاتدارانی میسرەوە لە حزبە ئیسلامییەکان زیاتر بەمەترسی حسابیان بۆکراوە، «وەك پێشتر بینیوومانە سەرۆکی ئەو سەنتەرە سەعددەین ئیبراهیم چەندین جار دەستگیرکراوە و چەندین تۆمەتی نارەواشی بۆ هەڵبەستراوە»، ئەوجا لەم ڕاستەوە و لەبەر ئەوەی باکگراوندی ڕۆشنبیری هاووڵاتیانی کوردستان بەشێویەکی گشتی هەتا ئێستاش باکگراوندێکی عەرەبییە و ئەو نەوە تازەیەی کە فێری زمانی دیکە بوون، هەتا ئێستا بەو ئاستە پێنەگەیشتوون، کە سەرچاوەی مەعریفی خۆیان بگۆڕن، بۆیە کۆمپانیای وشە کە دواتر بووە بزووتنەوەی گۆڕان، هەوادار و لایەنگرانی خۆی لەسەر شێوازی سیاسەتی عەرەبی دوور لە ڕۆشنبیری دیموکراتی پەروەردە کردووە، ئەم پەروەدەکرنەش بنەماکەی یەك وشەیە، ئەویش دروستکردنی دیاردەی گەندەڵی و بانگێشەکردنە بۆ هەژاری.

ت- ئەگەر سەرنج لەماوەی ٤-٥ ساڵی سەرهەڵدانی کۆمپانیای وشە و بزووتنەوەی گۆڕان بدەین، دەبینین کۆمپانیای وشە یەك بەرهەمی هەبووە، ئەویش شاردنەوەی هەموو ئامانجەکانی ئەم کۆمپانیا و بزووتنەوەیە بووە لەژێر ناوی گەندەڵیدا، پرسیار ئەوەیە ئایا لەم وشانە مەبەستمان ئەوەیە بڵێین گەندەڵی بوونی نییە و بزووتنەوەی گۆڕان لە خۆڕا باسی گەندەڵی دەکات؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین نەخێر مەبەستمان ئەوە نییە بڵێین گەندەڵی بوونی نییە، بەپێچەوانەوە ئێمە ڕووی پرسیار لە بزووتنەوەی گۆڕان دەکەین و لێی دەپرسین، ئایا دەتوانێت وەك بزووتنەوەیەکی دیموکراتی ڕاشکاوانە و بێ پەردە و بە داتا و دیکۆمێنتی زانستی بۆمان بسەلمێنێت، لە پرۆسەی بونیادی دیموکراتی و لە قۆناغی ئینتقالی کام وڵاتدا دیاردەی گەندەڵی بوونی نەبووە؟ هۆکاری بوونی دیاردەی گەندەڵی یان دەرکەوتنی دیاردەی گەندەڵی لە پرۆسە تازەکانی دیموکراتیدا هێندەی پێوەندی بە نەشارەزایی و کەم ئەزموونی بونیادی ئەم پرۆسەیەوە هەیە، هێندە پێوەندی بە خواستی




سابرینا ڕامێت بۆ گوڵان:

**پلوراڵیزم و فرەیی شتێکی گرنگ و پێویستە بۆ بونیادی دیموکراتی، بەڵام لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە پارت و لایەنەکان بەشێوەیەکی ڕەوا و عادیلانە بجووڵێنەوە و بەپێی ڕێساکان ڕەفتاربکەن**

دەسەڵاتدارانەوە نییە، هەر بۆ نموونە لەگەڵ دەسپێکی پرۆسەی بونیادنانەوە لەدوای ساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ لەکوردستاندا، هەموو شارەزایان و پسپۆڕانی بواری بونیادی دیموکراتی ڕێنمایی ئەوەیاندا بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەوەی پێویستە کوردستان یاسایەکی وەبەرهێنانی ئەوتۆی هەبێت کە هەموو ئاسانکارییەك پێشکەشی وەبەرهێن بکات بۆ ئەوەی سەرنجی وەبەرهێنەران ڕابکێشرێت و بێن لەکوردستان وەبەرهێنان بکەن، لەمەش خراپتر حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شاهیدی سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان هیچ ئەزموونێکی لەبواری کاری وەبەرهێنان نەبووە، هیچ داتایەکیشی لەبەردەست نەبووە کە وەك نەخشەی ڕێگە بۆ بونیادنانەوەی کوردستان بەکاری بهێنێت، بۆیە لەبری ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بانگهێشتی وەبەرهێنەکان بکات بۆ ئەوەی بەپێی پێداویستی کوردستان وەبەرهێنان بکەن، بانگهێشتی وەبەرهێنەکانی کردووە ئێوە دەتوانن چیمان بۆ بکەن، لەم بارودۆخەدا کە ئومێدی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەبووە شان بەشانی وەبەرهێنی بیانی، وەبەرهێنی ناوخۆییش دروست بن بۆ ئەوەی ڕۆژێك زووتر کوردستان ئاوەدان بێتەوە، لێرەدا خستنەڕووی ئەم واقیعە بۆ ئەوە نییە پاکانە بۆ گەندەڵییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، بەڵکو بۆ ئەوەیە بیخەینەڕوو چۆن دیاردەی گەندەڵی و سوود وەرگرتنی خراپ لە یاسای وەبەرهێنان هاتۆتە ئاراوە، هەروەها پرسیار ئەوەیە ئایا تەنیا چەند کەسێك لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەم یاسایەوە قازانجی گەورەیان دەسکەوتووە؟ لەوەڵامدا دەڵێین بچووککردنەوەی مەسەلەکە بەو ئاستە تەنیا چەند بەرپرسێك لێی سوودمەندبوون، ئەمە خۆڵکردنە چاوی خەڵکە بۆ ئەوەی ڕاستییەکان نەبینن، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو وەبەرهێنە بیانی و ئیقلمیانەی لەکوردستان کاری وەبەرهێنان و بەڵێندەرایەتیان کردووە، زیاد لە ئاستی مەزندەکراوی خۆیان سوودمەندبوون و پارەکانیشیان بەپێی یاسای وەبەرهێنان گواستۆتەوە وڵاتی خۆیان، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ناکرێت ڕەخنە لەم یاسایە بگیرێت و داوای هەموارکردنی بکرێت؟ بێگومان دەڵێین بەڵی دوای ئەوەی چەند ساڵێك ئەو یاسایە پیادەکرا و لایەنە سلبی و ئیجابیەکانمان بینی، هەقە پێداچوونەوەی پێدا بکرێت و هەوڵبدرێت لایەنە ئیجابییەکانی زیاتر بکرێت و لایەنە سلبییەکانی کەمبکرێتەوە، بەڵام کێشەکە لێرەدا ئەوەیە لایەنێکی سیاسیی بۆ مەبەستی سیاسی خۆی تەواوی پرۆسەکە ڕەتبکاتەوە و ئەم کارە وەك هەنگاوێك دژ بە بونیادی دیموکراتی لە کوردستان بخاتە ڕوو، بێگومان ئەمە یاریکردنە بەسۆزی خەڵك، یاریکردنە بە ئیرادەی خەڵك، لەمەش زیاتر دووجار خەڵکی کوردستان زەرەرمەند دەبن، جاری یەکەم لەبەر ئەوەی یاساکە ئاسانکاری زۆری پێشکەشکردووە، بۆ ئەوەی زیاتر وەبەرهێن بێنە کوردستان، جاری دووەهەم ئەوەیە دژایەتی ئەم

شێوازە بکرێت بۆ مەبەستی سیاسیی، کە هەتا پرۆسەی وەبەرهێنان لەکوردستان ڕانەوەستیٚ، نازانرێت خەڵکی کوردستان چ زیانێکی پێدەگات. لەبەرامبەردا ئەگەر بپرسین ئایا ئەگەر بەم شێوازەی ئێستا پرۆسەی پەرەپێدان و وەبەرهێنان بەردەوام بێت خەڵکی کوردستان زیانی پێناگات؟ بێگومان دەبێت ڕاشکاوانە بڵێین بەڵی زیانی گەورەی پێدەگات، کەواتە بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ زیانەکانی کۆمەڵگە و زەرەمەندی خەڵکی کوردستان دابنرێت، ئەوا هیچ چار نییە دەبێت پرۆسەی چاکسازی تەدریجی بەردەوام بێت.

٣- بزووتنەوەی گۆڕان بەگشتی و سەرۆکەکەی دەیەوێت وای پیشانبدات ئەو فریادرەسە و لەمەش زیاتر دەیەوێت ئەوە بەخەڵکی بڵێت ئەوانەی بوونە هەواداری بزووتنەوەکەی هەموویان دژی گەندەڵین و خەڵکانێك ژمارەیەکی کەمیان نەبێت ئەوانی دیکە ئەو خەڵکانەن کە لەهەموو گەندەڵیەك بیٚ بەرین، لەبەرامبەر ئەم حاڵەتەی ئەوان دەیانەوێت بەو جۆرە پیشانی بدەن، ئەم ڕاپۆرتە ئومێدی دەخواست ئەو گروپە بەو شێوەیە بن، بزووتنەوەی گۆڕان بزووتنەوەیەکی خۆرسکی هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵگەی کوردستان بووبێت، تەنیا بەرەنجامی ئینشقاقێکی سیاسیی نەبێت، بەڵام بەداخەوە بزووتنەوەی گۆڕان بێجگە لە ئینشقاقێکی سیاسیی بەرهەمی هیچ بارودۆخێك نییە، لەوانەیە ئەم قسە ڕاشکاوییە هەندێك قەڵس بکات، بەڵام بابێن جارێکی دیکە سەیری هاوکێشەی سیاسیی کوردستان بکەینەوە، زۆر ڕاشکاوانە بێجگە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە بزووتنەوەی گۆڕان لێی جیابۆتەوە، هیچ لایەنێکی سیاسی لەکوردستان داکشانێکی جەماوەری ئەوتۆی بە خۆوە نەبینووە کە شایەنی باسکردن بێت، ڕاشکاوانەتر، لایەنی سەرەکی کە ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندایە پارتی دیموکراتی کوردستانە، نفوزی جەماوەری پێش دروست بوونی بزووتنەوەی گۆڕان چەند بووە، دوای دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان زیادیشی نەکردبێت و وای دابنێین کەمیکردووە، کەمکردنەکەی بەو ئاستە نییە کە حسابی لەسەر بکرێت، ئەمە بۆ حزبە ئیسلامیەکانیش(کۆمەڵ و یەکگرتوو و بزووتنەوەی ئیسلامیش) ڕاستە، خۆیان دەتوانن ئەو شاهیدیە بدەن ئایا نفوزی سیاسیان کەمیکردووە یان زیادی کردووە، لەمەش زیاتر ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ٧ی ئاداری ساڵی پار بوو، کە هەڵبژاردنەکان کراوە بوو هەموو لایەك قەوارەی ڕاستەقینەی خۆی بۆ دەرکەوت، هەربۆیە کاتێك بزووتنەوەی گۆڕان بانگێشەی ئەوە دەکات کە ئەو نوێنەرایەتی خەڵکی نارەزایی کوردستان دەکات، ئەوە واقیع ئەو ڕاستیە پێچەوانە دەکاتەوەو پێمان دەڵێت خەڵکی نارازیی کوردستان(لەدەرەوەی ڕێکخستەکانی یەکێتی نیشتمانی)، هەتا ئەگەر نارەزایش بن بزووتنەوەی گۆڕان و سەرۆکەکەی بەنوێنەری خۆیان نازانن و، ئەمە واقیعێکە پێویستە بزووتنەوەی گۆڕان قبوڵی بکات، کە خەڵك نەیەوێت ئەو بزووتنەوەیە نوێنەرایەتی بکات، خۆ بەزۆری



جۆلیۆن هاووٚرس بۆ گوڵان:

**سیستمی دیموکراسی ڕێگە بۆ پرۆسەی چاکسازی خۆشدەکات و ئاسانکاری بۆ پێشکەش دەکات و ڕێگەدەدات بە ڕوودانی، بەڵام ڕژێمە دیکتاتۆر و ستەمکارەکان ڕێگە بەم پرۆسەیە نادەن**

زۆرداری خۆیان بەسەردا ناسەپێنن، لایەنێکی دیکە کە زۆر گرنگە و نیشانەی هۆشیاری خەڵکی کوردستانە ئەوەیە، ئایا خەڵکی کوردستان بۆچی کاتێك بزووتنەوەی گۆڕان و سەرۆکەکەی بانگێشە بۆ قەلاچۆکردنی گەندەڵی دەکەن، خەڵك بڕوایان پێناکەن؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسارە ئاسانە لەبەر ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان و سەرۆکەکەی بەبەشێك لەو بارودۆخە دەزانن کە ئێستا لە سلێمانی و دەوروبەری بوونی هەیە، دەبێت بزووتنەوەی گۆڕان وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، ئایا بزووتنەوەی گۆڕان ئامادەیە پارێزگاری سلێمانی کە ئێستا هەڵسوراوێکی گەورەی بزووتنەوەکەیە بداتە دادگاو خەڵکی سلێمانی و گەرمیان لەسەر هەموو گەندەڵی و نەهامەتیەکان موسائەلەی بکەن، ئەمە واقیعە نابێت بزووتنەوەیەك داوای چاکسازی بکات خۆی لێبشارێتەوە یان خۆڵبکاتە چاوی خەڵك بۆ ئەوەی ڕاستییەکان وەك خۆی نەبینن. یان دیوێکیان پیشان بدرێت و دیوەکەی دیکەی بشاردرێتەوە، لەوانەیە باشترین نموونە کە بزووتنەوەی گۆڕان زۆر بازرگانی سیاسیی پێوەدەکات، بارودۆخ و نەهامەتیەکانی خەڵکی لێقەوماوی شاری پیرەمەگرون بێت، کە بەرپرسانی پیرەمەگرون ڕاشکاوانە بە گوڵانیان ڕاگەیاندووە، ئەو پارەیەی لە پرۆژەی ئاوەکەیان سەرفکراوە، خۆزیا پرۆژەکە هەر دروست نەکرایەو پارەکە ببرایە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان لەخەمی خەڵکی هەژار و لێقەوماوی ئەو ئوردوگا زۆرەملێیەیە، بۆچی ناوی ئەو کۆمپانیایە و ئەو وەبەرهێنە ئاشکرا ناکات، کە پرۆژەی ئاوی پیرەمەگرونی کاولکردووە و ئەو خەڵکە هەژار و ڕەش و ڕووتەی لە سەرەکیترین خزمەتگوزاری کە ئاوی خواردنەوەیە بێبەش کردووە، یان بۆ نەمانبینی بزووتنەوەی گۆڕان تەنیا یەك ڕیپۆرتاژ لەسەر ئاوی ڕانییە بکات، هۆکارە ڕاستەقینەکانی بۆ خەڵکی درەوازەی ڕاپەرین ئاشکرا بکات و، وەك دەست پێشخەریەکی شۆڕشگێڕانە ئەو کەسانەی کە هۆکار بوون لە شکستپێهێنانی ئەو پرۆژەیە تەسلیمی دادگایان بکات، ئایا لە تێڕوانینی بزووتنەوەی گۆڕاندا خەڵکی سەربەرزی دەروازەی ڕاپەرین هەموویان بارتاقای یەك بەرپرسن کە گۆڕان ناتوانێت ناوەکانیان ئاشکرا بکات.

## لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا چاکسازی و گۆڕانکاری پرۆسەیەکی بەردەوامە

هەر کۆمەڵگەیەك وەك کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی خۆی پێناسە بکات، ئەوا چاکسازی و گۆڕانکاری پرۆسەیەکی بەردەوامە، جوانی کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەوەیە کە کەموکورتیەکانی ئاشکران و ناشاردرێنەوە، بۆیە کاتێك باس لە پرۆسەی چاکسازی و گۆڕانکاری دەکەین، وەك پرۆسەیەکی بەردەوام کە بەرەنجامی پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگەیە و پێویستە بەردەوام هەڵوەستە لەسەر کەموکورتییەکان بکرێن و بەردەوامیش هەوڵەکانی چاکسازی بەدەوام بن، لایەنێکی دیکە کە دیسان





کریستینا پەراو بۆ گوڵان:

# بە دڵنیاییەوە سەرهەڵدانی توندوتیژی هەڕەشەیە بۆ سەر ئایندەی هەر کۆمەڵگەیەک، ئەویش کاتێک بەرژەوەندخوازی تایبەتی لە کۆنترۆڵ دەردەچێت

سیمایەکی جوانی کۆمەڵگەی دیموکراتییە، ئەوەیە کە تاکەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراتی بەسروشتی خۆیان حەزیان لە گۆڕانکارییە، بۆیە لە کۆمەڵگەی دیموکراتی هیچ لایەنێك تاسەر حکومڕان نییە و هیچ لایەنێك تاسەر موعارەزە یان ئۆپۆزسیۆن نییە، ئەم پرۆسەی دەستاودەستکردنەی دەسەڵات کە خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لە گۆڕانکاری، میللەت قبوڵ ناکات تەمەنی هیچ پەرلەمان و حکومەتێك لە چوار ساڵ زیاتر بێت، ئەگەر لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانیشەوە متمانە بەهەمان لایەن یان ئیئتیلافی سیاسیی بداتەوە، هەروەك چۆن ئێستا بۆ جاری دووەم د.نوری مالیکی دەست نیشانکراوەتەوە بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنێتەوە، بەڵام کابینەی ئەم جارەی د.مالیکی، کابینەکەی پێشووی د.مالیکی نییە، ئەندامانی خولی ئەمجارەی پەرلەمان، هەمان ئەندام پەرلەمانەکانی خولی پێشوو نین، هەربۆیە کاتێك باسی چاکسازی و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەی دیموکراتی دەکرێت باس لە دیاردەیەکی ئاسایی و ڕۆژانە دەکرێت، هەتا ئەگەر کار گەیشتە ئەوەی جەماوەر لەم حکومەت و پەرلەمانەی ئێستاش نائومێد بن و، ئەوا دووبارە هەر پەنا دەبرێتەوە بەر ئەو میللەتەو هەڵبژاردنی پێشوەختە دەکرێتەوە و پەرلەمان و حکومەتێکی تازە پێکدەهێنرێت، سەبارەت بە چۆنییەتی پرۆسەی چاکسازی و گۆڕانکاری لە پرۆسەی دیموکراتیدا پرۆفیسۆر کریستینا پەراو ئوستادی یاسا لە زانکۆی ئۆکسفۆرد و تایبەتمەند لە بواری کۆمەڵگە و یاسا، لەلێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:

(ئەگەر خەڵکی لەبەر ئەوەی نارەزایی هەبوو لەسەر شەقامەکان خۆپیشاندانی کرد، ئەوا ڕەنگە پێویست بکات بە شێوەیەکی کاتی کار بۆ دابینکردنی کاڵا خۆراکییە بەپەلە و بنەڕەتییەکان بکرێت. لە مەودای دووردا سەرکردایەتی پێویستی بەوە هەیە تەرکیز لەسەر بەرفراوانکردنی توانای بەرهەمهێنانی خەڵکەکە بکاتەوە. ئەمە تەرکیزکردن لەسەر پێکهێنانی سەرمایە و سەرمایەی مرۆیی دەکات کە لەڕێی پەروەردەکردنەوە دروست دەبێت، بەڵام هەموو پەروەردەیەك نا، بەڵکو ئەو پەروەردەیەی وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی کەرتی بەرهەمهێنەرە. نموونەی سەرەکی لەم ڕووەوە بریتییە لە حاڵەتی بررووکەر تی. واشنتۆن کە لە سایەی کۆیلیەتیدا لە دایك بوو لە ئەمریکا، بەڵام بووە جێی ئومێد بۆ پرۆسەی خۆبەرەوپێشبردنی ڕەشپێستەکان. ئەوجا ئەوەی پەیوەست بێت بە کوردستانەوە، ئەوا حاڵەتە میسالیەکە ئەوە دەبێت کوردەکان تا ئەو سنوورەی مومکینە جڵەوی پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوت بکەن، ئەمە لە کاتێکدا ئێستا کوردستان پشت بە شارەزایی دەرەکی دەبەستێت. هەروەها کوردستان پێویستی بەوە هەیە کە سەرچاوەکانی داهاتی خۆی فرەچەشن بکات و تەنیا پشت بە داهاتی نەوت نەبەستێت. بۆ ئەوەی ئەو چاکسازیانەی ئەنجام بدەین کە ئەم ئامانجانە بهێنێتەدی، ئەوا زەرورە ئاشتی بنیاد بنرێت)).

لەبەشێکی دیکەی لێدوانەکەی و سەبارەت بەوەی هەندێك جار ئاراستەی خۆپیشاندانەکانی جەماوەر توندوتیژی لێدەکەوێتەوە یان لایەنێکی سیاسیی بەرەو ئەو ئاراستەیەی دەبات، خاتوو کریستینا بەمجۆرە سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو وتی: (بە دڵنیاییەوە سەرهەڵدانی توندوتیژی هەڕەشەیە بۆ سەر ئایندەی هەر کۆمەڵگەیەکە، ئەویش کاتێك بەرژەوەندخوازی تایبەتی لە کۆنترۆڵ دەردەچێت. هەروەها ئەمە بە «توندوتیژی تاقمێك» ناسراوە هەروەك جەیمس مادیسۆن، باوکی دەستووری ئەمریکا، گوزارشتی لێدەکات. ئەو توخمە سەرەکیەی لە سیاسەتی وڵاتانی دوای کۆمۆنیستی و ئەمریکای لاتیندا غائیب بوو بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی چالاك بوو. غیابی «فشار لە خوارەوەڕا» بێدەنگییەکی بروسکائاسایە لەم شوێنانەدا. دەبێت سەرکردەکانی کوردستان هەموو کارێك





دانیالا سكۆتمان بۆ گوڵان:

# هاووڵاتیان دەتوانن به بەشداری كردن جیاوازی دروست بكەن و پەره به لێبوردەیی و جیاوازییەكان و تێگەیشتن بدات له بارەی چۆنییەتی كاركردنی دیموكراسیەوە

بكەن كه له دەستیان بێت بۆ هاندان و دەست ئاوەڵاكردنی هاووڵاتیان بۆ پێشكەشكردنی دەستپێشخەریی، تەنانەت بۆی هەیە ئەمە درێژببێتەوە بۆ دامەزراوە سیاسییەكانیش. بۆ نموونە، له ویلایەتی كالیفۆرنیای ئەمریكا هاووڵاتیان، دەسەڵاتی دەستپێشخەریی كردنیان هەیە بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی كه تێیدا هاووڵاتیان دەتوانن دەنگ له بەرژەوەندی یاخود له دژی هەر پێشنیارێك بدەن بۆ گۆڕینی نەك هەر تەنیا یاساكان، بەڵكو بۆ گۆڕینی دەستووری ویلایەتەكەش. هەروەها مافی ئەوەیان هەیە دەنگ دژی بەردەوام بوونی دادوەرەكانی دادگای باڵای ویلایەتەكە لەسەر كارەكانیان بدەن، ئەمەش دوای ئەوەی ئەو دادوەرانە ماوەی ئەزموونی خۆیان تەواو دەكەن- كەواتە هاووڵاتیان دەسەڵاتی ڕاستەوخۆیان هەیە بۆ ڕەتكردنەوەی دامەزراندنی باڵاترین كەس له دادگای ولایەتەكەدایە. لێرەوە هەروەك له ڕابردوودا لەلایەن فەیلەسوف جۆن لۆكەوە له كتێبی «دو تێز دەربارەی حكومەت» و فەیلەسوفی ئەڵمانی هیگڵ له «فەلسەفەی حەق» ئاماژەیان پێكردووە، مۆڵكداری گشتی بەردی بناغەی پرۆسە دیموكراتییەكانه و دابەشكردنی بەربڵاوی سەروەت و سامان لەڕێی چالاكی ئابووری تایبەتیەوە (نەك لەڕێی دەوڵەتی خۆشگوزەرانییەوە كه خەڵكی پشت به حكومەت دەبەستن بۆ زامنكردنی ئابووری) كارێكی بنەڕەتیه. دواتر دەبێت سەركردەكان كار بۆ دامەزراندنی دەزگایەكی قەزائی عادیل و بێلایەن بكەنەوە كه لەڕێیەوە پیرۆزی مۆڵكداری گشتی بپارێزن. موڵكدارێتی تایبەتی و زامنكردنی جێبەجێكردنی گرێبەستەكان له دەرەوەی هەموو گومان و موناقەشەیەك بن)).

ئەو خاڵانەی كه پرۆفیسۆر كریستینا ئاماژەی پێكردن جەختكردنەوەبوو لەسەر ڕۆڵی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و دەسەڵاتی سەروەریی یاسا، پرسیارمان له پرۆفیسۆر دانیالا سكۆتمان ئوستادی زانستی سیاسەت له زانكۆی لیدنی هۆڵەندی كردو سەبارەت بەم پرسە بەمجۆره ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (له ڕاستیدا « نەخەشەیەكی وردی» دیاری كراو نییه بۆ ئەوەی له قۆناغی ئینتیقالیدا بیگریتەبەر له پێناو هێنانەدی دیموكراسیدا، دەبێت هەر كۆمەڵگەیەك ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوە، ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی پاشخانه كەلتووری، ئابووری و سیاسییه دەگمەنەكەی. ئەوەی پێوەندی به پتەوكردنی ڕێكخراوە كۆمەڵایەتییەكانەوە هەبێت، دیراسەتەكانی زانستی سیاسی ئاماژە بەوە دەكەن كه خەڵكی پێوستیان بەوە هەیه ساز و تەیار بكرێن بۆ ئەوەی له بواری سیاسیدا چالاك بن. ئاسانترە خەڵكی بۆ پرسێك سازبدەیت كه بایەخێكی قوڵی پێدەدەن، هەروەها ئەگەر باوەڕیان وابێت كه سیاسییەكان به تەنگ بەرژەوەندیەكانی خەڵكەوە دێن و دامەزراوە سیاسی و كۆمەڵایەتیەكان سیاسییەكان ناچار دەكەن وەڵامی داخوازیەكانی خەڵك بدەنەوە.

لەوەش زیاتر، دیراسەتەكانی زانستی سیاسی ئاماژە بەوە دەكەن كه ڕێكخراوە كۆمەڵایەتیەكان یارمەتیدەرن له بنیادنانی كەلتوورێكی سیاسی كه گونجاو بێت بۆ بەرەوپێشچوونی دیموكراسی، ئەگەر ئەم ڕێكخراوانه به شێوەیەكی ستوونی نەك ئاسۆیی ڕێكخرابن، واته بڕیاره گرنگەكان لەلایەن كەسێكەوە یاخود چەند كەسێكەوە دەرنەكرێن، بەڵكو هەموو ئەندامان دەرفەتی بەشداری كردنیان هەبێت له دروستكردنی بڕیاردا. ئەمه چەند فۆرمێك وەردەگرێت. كاتێك ڕێكخراوە كۆمەڵایەتییەكان ڕێكخراوی بچووكن، ئەوا ئاسانتر و به كاتێكی كەمتر هەموو ئەندامان بەشداری پێدەكەن لەم پرۆسەیەدا (پرۆسەی بڕیارسازی) ئەگەر ئەم ڕێكخراوانه ڕێكخراوی گەورەبن، ڕەنگه باشتربێت سەركردەیەك هەڵبژێردرێت كه دواتر له ئاستی ئەنداماندا بەرپرسیارێتی هەڵگرێت. هەرچۆنێك بێت، فۆرمی جیاوازی بڕیاردروستكردن هەیه له ڕێكخراوە

کۆمەڵایەتیەکاندا کە دەبێت کارکردنیان بەو شێوەیە بگۆڕدرێت کە لەگەڵ خواستی ئەندامەکانیان بگونجێت. لەگەڵ ئەوەشدا پێدەچێت گرنگ بێت کە بونیادی ناوخۆیی ئەم ڕێکخراوانە ئەو بیر و باوەڕانە بەهێز بکەن کە پێیوایە هاووڵاتیان دەتوانێت بە بەشداری کردنی جیاوازی دروست بکات، پەرە بە لێبوردەیی بدات لە ئاست بۆچونە جیاوازەکاندا و پەرە بە تێگەیشتن بدات لە بارەی چۆنییەتی کارکردنی دیموکراسیەوە)).

بەڵام وێڕای ئەوەش، لە قۆناغی ئینتیقالی دیاردەی سەرهەڵدانی گەندەڵی یەکێکە لەو دیاردانەی لەناو پرۆسە دەردەکەوێت، هەربۆیە سەبارەت بەم لایەنە گرنگە پرسیارمان خاتوو سو ئەنسوێرس پسپۆر لە ئامۆژگای پۆلیسی پراکتیس، (www.thepolicypractice.com کرد کە یەکێکە لە تۆژە باڵاکانی ئەو سەنتەرە لەبوارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و چاکسازی لە کۆمەڵگەدا، سەبارەت بەم پرسە بەم جۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (گەندەڵی یەکێکە لە ڕواڵەتەکانی ململانێی سیاسی لەو وڵاتانەی داهاتێکی کەمیان هەیە و هەمیشەش هەروابووە لەم وڵاتانەدا. هەروەها بنیادنانی دامەزراوەکانی بازاڕ و خولْقاندنی ململانێی سیاسی کە بنەهۆی پتەوکردنی سیستمە دیموکراتیەکان لە وڵاتە تازەگەشەکردوەکاندا کاتی دەوێت. من باوەڕناکەم لەم ڕووەوە ڕێگەی کورت هەبێت بۆ ئەوەی بیگرینەبەر. لە ڕووی مێژووییەوە سەپاندنی باج میکانیزمێکی گرنگ بووە بۆ زیادکردنی هەم کارایی و هەم بەرپرسیارێتی سیستمەکانی حکومەت: واتە پێویستبوون بە کۆکردنەوەی داهات ئەو پاڵنەرەی خولْقاند کە حکومڕانەکان هەڵبستن بە گەشەپێدانی ئابووری خولْقاندنی بونیادێکی ئیداری بۆ کۆکردنەوەی داهات. باجدانیش لەلایەن هاووڵاتیانەوە ئەو پاڵنەرەی لا خولْقاندن کە داوای ئەوە بکەن قسەیان هەبێت لە بارەی چۆنییەتی خەرجکردنی ئەو پارەیەوە، هەروەها گفتوگۆ بکەن لەبارەی بەدەستهێنانی مافە مەدەنی و سیاسییەکانەوە لە بەرامبەر ملکەچکردنیان بۆ دانی ئەو باجە. بە دەوری خۆیان، حکومەتەکان باشتر توانیان وەڵامی پێداویستیەکانی هاووڵاتیان بدەنەوە لەبەر ئەوەی هەڵسان بە ڕێکخستن و کۆکردنەوە و گەیاندنی داواکاریەکان- ئەمەش کارئاسانی کرد بۆ داڕشتنی سیاسەتێکی گشتی باشتر)).

### بەهێزکردنی دامەزراوەکان فاکتەرێکی گرنگە بۆ چاکسازی

دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەگەر بەهێزن باشترین ڕێگەیە بۆ ئەوەی بوار نەدرێت خواست و داواکاری هاووڵاتیان بە سیاسیی بکرێت، سەبارەت بە چۆنییەتی بونیادی ئەم دامەزراوانە لەوڵاتانی دەسپێکی دیموکراتیدا، پرسیارمان لە پرۆفیسۆر سابرینا ڕامێت ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی نەرویژ بۆ زانست و تەکنۆلۆژیا ( NTNU) کرد کە پسپۆرە لەسەر پرۆسەکانی دیموکراتی



سو ئەنسوێرس بۆ گوڵان:

**بنیادنانی دامەزراوەکانی بازاڕ و خولْقاندنی ململانێی سیاسی کە بنەهۆی پتەوکردنی سیستمە دیموکراتیەکان لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا کاتی دەوێت**

لە ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەوروپا، دەربارەی ئەم پرسە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (گواستنەوە لە ڕژێمێکی دیکتاتۆری بەرەو ئاراستەی سیستەمێکی دیموکراسی بە چەند ڕێڕەوێکدا تێدەپەڕێت. هەڵبەتە یەکەم ڕێڕەو بریتییە لە پرۆسەی چاکسازی. بەواتای، بەگەڕخستنی دامەزراوەکان لەپێناو دروستکردنی سیستەمێکی نوێ. بۆیە دەبێت ئەو ڕاستییە بڵێین کە قۆناغی گواستنەوە قۆناغێکی زۆر ئاڵۆزە لەبەرئەوەی گواستنەوە پێویستیی هەیە بە دامەزراندنی دامەزراوەی نوێ و دەرکردنی یاسای نوێ و تێکڕای پرۆسەکە نزیکەی ٥ – تاکو ١٠ ساڵ یان زیاتر دەخایەنێت. ئامۆژگایەك لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە بەناوی Central East European Legal Initiative)) (CEELI)) ئەم ئەنستتیوتە لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی جیهان کاردەکات، نەك تەنیا لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، بەڵکو لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست- یش بۆ نموونە وڵاتی «کازاخستان»، لەسەر داواکاریی وڵاتەکاندا ئەم ئامۆژگایە ئامۆژکاریی پێشکەشکردووە لەبارەی یاساکان و دامەزراوەکان. من خودی خۆم چەند ساڵێك بەر لە ئێستا لە یەکێك لە کۆبوونەوەکاندا ئامادەبووم لە «مەکدۆنیا» و شتێکی سەرنجڕاکێش بوو کە بینیم خەڵك چ جۆرە پرسیارێکیان هەبوو و چەند ئامادەباشییان تێدا هەبوو بۆ هاوێشتنی هەنگاوەکان. وڵاتی «پۆڵەندا» لە قۆناغی گواستنەوە دەکەم بە نموونە. لە ساڵانی ١٩٨٠کان بوو هاووڵاتیان تێکەڵی ژیانی سیاسی بوون لە «پۆڵەندا». تاکو هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٩ هەموو شتێك لەژێر دەسەڵاتی پارتی کۆمیۆنیست بوو و هاووڵاتیان لۆمەی پارتی کۆمیۆنیستیان دەکرد لەبەر هەر کەموکورتییەك لەبەرئەوەی پارتی کۆمیۆنیست دەسەڵاتداربوو لە «پۆڵەندا». هەربۆیە دەستیانکرد بە جموجۆڵ و دەرکردنی ڕۆژنامە و بەگەڕخستنی کۆمەڵگە و کۆمەڵگەی پۆڵەندی زیندوو بۆوە و ئاکتیف و چالاك بوو. هەربۆیە، پاش هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٩ و پلوڕالیزکردنی سیستەمەکە، ئیدی هیچ هاندەرێك نەما بۆ بەرهەڵستکاریکردنی سیستەمی حوکمڕان لەبەرئەوەی سیستەمێکی فرەحزبی هاتەکایەوە و پەرلەمان بریتی بوو لە چەند پارتێکی جیاواز و ڕکابەر، بەشێوەیەك کە ئەگەر بتەوێ لەدژی پارتی «أ» بوەستیت، پێویستە پێوەندی بە پارتی «ب» بکەیت. هەڵبەتە لە وڵاتە دیموکراسییەکانیشدا دامەزراوە و ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی ئاکتیف بوونیان هەیە، بەڵام شێوازی کار و ڕەفتارەکانیان جیاوازە)).

سەبارەت بە ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان وەك دامەزراوەیەکی گرنگ بۆ بونیادی دیموکراتی پرۆفیسۆر ڕامێت لە درێژەی لێدوانەکەیدا وتی: (پارتی سیاسی بۆ هەندێك کەس وەکو ئۆتۆمبێلێك وایە کە بیانگەیەنێت بە دەسەلات. هەڵبەتە کەسانی باش خاوەن بەرنامە و بۆچوون و خشتەی کارن و مەبەستیان گەیشتنە بە دەسەڵات لەپێناو پیادەکردنی بەرنامەکانیان بۆ سوودگەیاندن بە کۆمەڵگە و چارەسەرکردنی



کەموکورتییەکان، بەڵام هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە لە هەموو وڵاتێکدا کەسانێك هەنە کە تەنیا لەپێناو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان پێوەندی بە ڕیزی پارتە سیاسییەکان دەکەن و وەك کارێکی وەبەرهێنان سەیری پارتە سیاسییەکان دەکەن. بەڵام ڕکابەری و ململانێ لەنێوان پارتە سیاسییەکان شتێکی پێویست و پەسەندە و تاچەند ڕکابەری نێوان پارتە سیاسییەکان زیاتربێت ئەوەندە باشترە. بۆ نموونە لە وڵاتی «نەرویج» ٦ پارتی سیاسی گەیشتنە پەرلەمان و ئەو ٦ پارتە ڕکابەریی یەکتری دەکەن لە پەرلەمان، ئێستاش بەهۆی ڕکابەری پارتە سیاسییەکان ناچارن پێکەوە کاربکەن و دیالۆگ و سازشکردنیان هەبێت. ئەم ٦ پارتە دووانیان باڵی ڕاستن و دووانیان لە پارتەکانی سۆشیالیست و کرێکاران لە باڵی چەپن و ٢ پارتەکەی دیکەش لە ناوەڕاستن لەنێوان باڵەکانی ڕاست و چەپ، دەبینین هەماهەنگی و تێگەیشتنێکی زۆر لەنێوان ئەم ٦ پارتە هەیە و هەموویان پێکەوە کاردەکەن و بەشێوەیەکی ئاشتییانە کاروبارەکان بەڕێوەدەبەن. هەربۆیە، پێموایە کە پلوڕالیزم و فرەیی شتێکی گرنگ و پێویستە و هەبوونی ڕکابەری و ململانێی سیاسی شتێکی زۆر پێویستە، بەڵام لە هەمووشیان گرنگتر ئەوەیە کە پارت و لایەنەکان بەشێوەیەکی ڕەوا و عادیلانە بجوولێنەوە و بەپێی ڕێساکان ڕەفتاربکەن)).

لەلایەکی دیکە و سەبارەت بەوەی لە کۆمەڵگەی دیموکراتی پرۆسەیەکی بەردەوامە و دیموکراتی هەرگیز ناتوانێت کەموکورتیەکان بشارێتەوە، پرسیارمان لە پرۆفیسۆر جۆلیۆن هاو وۆرس لە زانستی سیاسەت لە زانکۆی یەڵ (Yale) و تایبەتمەند لەسەر دیراساتی ئەورووپی کرد و لەلێدوانێکی تایبەتیدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (کۆمەڵگەی دیموکراسی ڕێگە بۆ پڕۆسەی چاکسازی خۆشدەکات و ئاسانکاری بۆ پێشکەش دەکات و ڕێگەدەدات بە ڕوودانی، هەڵبەتە سیستەمە دیکتاتۆر و ستەمدارەکان ڕێگە بەم پڕۆسەیە نادەن، لەبەرئەوەی چاکسازی ئەنجامی داواکارییەکانی کۆمەڵگەیە. پرسیارەکەتان پەیوەست بوو بە ڕۆڵی دامەزراوەکان لە بەڕێوەبردنی چاکسازی، ئەمڕۆ ئەو دامەزراوانەی کە ڕۆڵیان هەیە بریتین لە گرووپی خاوەن فشارەکان، چەند کێشەیەکی دیاریکراو، کۆمەڵە خەڵکێك، ڕێکخراوە ناحکومییەکان، هاووڵاتیان و گرووپەکان و هەر جۆرێکی تر. هەر یەك لەم دەستە و کۆمەڵە و ڕێکخراوانە خاوەن داواکارین و بەرزی دەکەنەوە بۆ مەبەستی ئەنجامدانی چەند جۆرێك لە چاکسازی بەپێی خواست و داواکاریی ئەو لایەنانە، پاشان پارتە سیاسییەکان هەڵدەستن بە پێکهێنانی جۆرە دەستەیەکی یاسادانان بۆ وەڵامدانەوەی داواکارییەکان و ئەنجامدانی چاکسازییە داواکراوەکە، دواتر بە ئیجرائاتەکانی پەرلەمان تێدەپەڕێت و دەبێت بە یاسا. لەلایەکی دیکە و سەبارەت بە خودی پرۆسەی دیموکراتیش من پێموایە پڕۆسەی دیموکراسی هەمیشە زۆر دوور بووە لە کامڵبوون، هیچ شتێك نییە بەناوی «دیموکراسییەتێکی کامڵ». دڵنیام کە ئێوەش وتە بەناوبانگەکەی «ونستن چرچڵ»تان بیستووە کە دەڵێت: «دیموکراسییەت خراپترین سیستەمی سیاسییە تەنیا بۆ خەڵکانی تر نەبێت». هەربۆیە، دیموکراسییەت پڕۆسەیەکی کامڵ نییە. لەلایەنێکی ترەوە، لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا هاووڵاتیان پرۆتستۆ و خۆپیشاندان سازدەکەن و کۆمەڵە و گرووپەکانی فشار هەوڵدەدەن بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی پارتە سیاسییەکان و گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکانی تر، لەکۆتاییشدا چاکسازیی بەردەوام دێتەکایەوە و ئەمەش درووستترین ڕێگەچارەیە بۆ پیادەکردنی)).

# ناوچە دابڕاوەکان لە نێوان چەکوشی حکومەتی ناوەندی و سندانی حکومەتی هەرێمدا



د: خەلیل ئیسماعیل محەمەد

ناوچە دابڕاوەکان پشتێنەیەکن، هەر لە باکووری خۆرئاواوە تا باشووری خۆرهەڵات درێژدەبنەوە واتا لە قەزای سنجارەوە کە سەربە پارێزگای موسڵە تا پارێزگای کەرکوك و دواتریش تا دەگاتە قەزای بەدرەی سەر بە پارێزگای کوت وەك لە نەخشەکەشدا دیاریکراوە، بەپێی پێگەی ئەو ناوچانەی لە نەخشەکەدان، ئەمانە لە ڕووی جیۆگرافیاوە بایەخێکی ستراتیژیی گرنگیان هەیە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١ـ ئەم پشتێنەیە لە باکووری خۆرئاواوە دراوسێیە لەگەڵ سنووری سوریادا، لە باشووری خۆرهەڵاتیشەوە لەگەڵ سنووری ئێران ـ عێراق دراوسێیە ..

٢ـ ناوچەکانی دابڕاوەکان تژی و پڕن بە چاڵە نەوت وگاز کە بڕێکی زۆری یەدەگی جیهانی نەوتی خاوی لێیە، هەر لە عەین غەزالەوە تا نەفتخانەی سەر بە بەعقوبە درێژدەبێتەوە ..

٣ـ کۆنترۆڵی هەموو سەرچاوە ئاوییەکانی بەرزاییەکانی خۆرهەڵاتی لێیە کە دواتر ئەو سەرچاوانە دەڕژێنە ڕووباری دیجلەوە ..

٤ـ بنکەو سەنتەرێکی بازرگانی و بازاڕی بەروبوومی چیاکان و دەشتاییەکانی خوارووی خۆیین ..

٥ـ مۆزەخانەیەکی ئەتنۆگرافییە بۆ هەموو نەتەوەکانی ناوچەکە لەسەر ئاستی تیرەو خێڵ و ئایینەکان .

لە ژێرتیشکی ئەم بایەخدانە ستراتیژییە جەوهەرییە بۆ ناوچە جێ ناکۆکەکان، حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراق بەتایبەتی لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە چەندین پلان و بەرنامەیان بۆ گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئەتنی دانیشتووانەکەی هەبووە، بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی و داگیرکردنی ناوچەکە، سیاسەتی بە عارەبکردن دیارترین سیاسەتیان بووە و لە سێ جەمسەرەوە جێبەجێ دەکرا یەکەمیان لە پارێزگای موسڵ و دووەمیان لە کەرکوك وسێیەمیشیان لە جەمسەری شوێنی نیشتەجێی کوردە فەیلیەکانی پارێزگای دیالەو واست .

ئاماژەکانی ئەو سیاسەتەش بە چاندن و نیشتەجێکردنی خێڵ و هۆزەکانی عارەبی خوارووی عێراق دەستی پێکرد و دواتر بە کۆڕەوپێکردنی خەڵکە ڕەسەنەکەی ناوچەکە و گۆڕینی یاساکانی ڕەگەزنامەی عیراقی و گۆڕینی بنەچەی نەتەوەیی و دەسبەسەراگرتنی موڵك و زەویوزاری کشتوکاڵی ..

کە ئاکامەکەی بە زیادبوونی عارەبی هاوردە بۆ ناوچەکانی جێ ناکۆکی تەواو بوو، بە ئەنقەستیش ژێرخانی ئابووری ئەو ناوچانە لەڕووی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و ئابووری دانیشتووانەکەیەوە پشتگوێ دەخران، موعاناتی کەسوکارمان لەو ناوچانەدا تەنیا بە هۆی تیرۆرو تۆقاندنی گرووپە توندڕۆکان نەبوو بەڵکو بەهۆی هەژارێتی و نەدارێتیشەوە کە بە درێژایی سەدەی ڕابردوو بە دەست حکومەتە شۆفێنییەکانەوە چێشتبوویان، گەرچی لە بەشە ئازادکراوەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە خەڵکی ماوەیەك ئازادبوون و لە ئارامی و سەقامگیریدا ژیانیان دەبردەسەر و لەژێر سایەی ئیدارەیەکی کوردیدا دەپارێزران چ لە سالانی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ یان دوای ڕاپەڕینی کوردستان لە ١٩٩١ و تا ئێستاش، بەڵام کەسوکارمان لەو ناوچە جێ ناکۆکانە تاموچێژی ئازادییان نەکرد و بەردەوام لەبەر هەڕەشەی لەناوچووندا بوون،

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو ساڵی ٢٠٠٣ خەڵکی ئەو ناوچانەش لەو بڕوایەدا بوون کە ئازادی باڵ دەکێشێت بە سەریاندا و گەڕانەوەیان بۆ باوەشی نیشتمانی ڕەسەنی خۆیان حەتمەن دێتە دی و چیترزوڵم و زۆرداری نابیننەوە،بەڵام ئەم گەشبینییەی ئەوان تەنك بووەوە و پرس و مەسەلەکەیان بەپێی ماددەی ٥٨ یاسای بەڕێوەبردنی کاتیی دەوڵەتی عیراقی بۆ ساڵی ٢٠٠٤و ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥هەڵپەسێردرا..

بەم شێوەیە موعاناتی هاووڵاتییانی ئەو ناوچانە وەك خۆیان مانەوەو چەندینی ساڵی تریش کەوتنە ناو بێزاری و ژیانی چەرمەسەرییەوە، لەبری ئەوەی مادەی ١٤٠ ببێتە ڕێگەیەك بۆ ڕزگاربوون لە کۆیلایەتی و دەروازەبێت بۆ ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدان کەچی بە نەرێنی بەسەر دانیشتووانەکەیدا شکایەوە جگە لە هێرشی بەردەوامی تیرۆریستان لەسەریان، لە ژێرسایەی لاموبالاتی و فەرامۆشی حکومەتی ناوەندی لە لایەك و پشتگوێ خستنی هاووڵاتیانی کوردی ئەو ناوچانە لە لای بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە لایەکی ترەوە ئومێدەکان کاڵ بوونەوە ..

بەم شێوەیە هەندێك لایەنی جێبەجێکار لە وڵاتتدا، ئەوانەی چاویان بەرایی نەدەدا ئەم پەرەسەندن و ئاوەدانی و ئارامی و سەقامگیرییەی هەرێمی کوردستان ببینن، توانییان بەم شێوەیە باز بەسەر ماددەی ١٤٠دا بدەن :


١ ـ بەرزکردنەوەی بنمیچی زەمەنی دیاریکراو بۆ کاتێکی نەزانراو و نادیار.

٢ـ دواخستن و دوورخستنەوەی بەردەوامی ئاماری گشتی دانیشتووان بۆ کاتێکی نادیار.

٣ـ گەڕانەوە بۆ شێوازەکانی بەعارەبکردن لە ڕێگەی کاری توندو تیژی و تیرۆریزمی گرووپە توندڕۆکان و ناڕاستەوخۆ کۆچپێکردنەوەی گەڕاوەکان و نیشتەجێکردنی عارەبی هاوردە لە جێگەیان ..

٤ـ پشتگوێ خستنی بە ئەنقەستی ژێرخانی ئابووری ناوچەکانی دابڕاوەکان و هەوڵدان بۆ ئاوەدان نەکردنەوەیان ..

ئینجا ڕووداوەکانی ٢٠١١/٢/٢٥ کە لە حەویجەو ریاز و قەرەتەپە و ڕەشاد و جەلەولا و کەرکوك ڕوویاندا باشترین بەڵگەن لەسەر ترسناکی بارودۆخی ئەو ناوچانە، لەبەرئەوە پێویستە بە زووترین کات پرۆسەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ خێرابکرێتەوە و بە هاوکاری و کاری هاوبەشی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی و بەسەرپەرشتی خەڵکی ناوچەکە ئەو شوێنانە بەڕێوە ببرێن، تا بەپێی دەستوور چارەسەر دەکرێن، ڕێگەش لە گرووپە تیرۆریستیەکان بگیرێت کەلێن نەخەنە نێوان خێڵ و هۆزو نەتەوەکانی ناوچەکەو هەموو ئەو دەسکەوت و دامودەزگا خزمەتگوزاریەکانی کە وەدەستهاتوون بپارێزرێن، نەهێڵرێت جارێکی تر وڵاتەکە و ناوچە دابڕاوەکان بۆ چاخە تاریکەکانی پێشووی پڕ لە زوڵم و زۆرداری شۆفێنیەکان بگەڕێنرێتەوە.




# دۆخە نوێیە مەترسیدارەکەی کەرکوک

پرۆفیسۆر مایکل گەنتەر* تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە

ئەو خۆپیشاندانانەی لە چەند وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوویاندا، ئێستا لە عێراقیشدا ڕوودەدەن. ئەو توندوتیژیانەی کە لە شاری کەرکوك، کە شارێکی ناکۆکی لەسەرە، بەرپابوون ئەگەرێکی مەترسیداریان لێدەکرێت، ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت سەربکێشن بۆ شەڕێکی ناوخۆیی نێوان بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان. تەنیا دوژمنەکانی کورد خوازیاری ئەمەن. کەواتە دەبێت کوردەکان زۆر وریابن و نەکەونە تەڵەی غروری دەسەڵاتەوە، بەوەی کە ئێستا زۆر بەهێزن دەتوانن کێشەکانیان لە ڕێی بەکارهێنانی هێزی سەربازییەوە یەکلابکەنەوە، یاخود بکەونە داوی هەر تەڵەیەکی دوژمنەکانیەوە بەوەی بیانگەڕێنینەوە بۆ دۆخێکی پڕ لە نەهامەتی کە لە پێش ساڵی ١٩٩١ و ٢٠٠٣دا داگیریان کردبوو.

هەرچەندە حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت بێدەنگ بێت لە ئاست کوشتنی کوردەکاندا، بەڵام پێویستە پەیامێکی شاردراوە بنێردرێت بەوەی پێشمەرگە تەنیا ئەو کاتە ڕەوانە دەکرێت کە بەڕاستی پێویست بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستا، دەبێت ئەو کەسانەی بە هێمنی بیردەکەنەوە باڵادەست بن بۆ ئەوەی بارودۆخەکە ئاڵۆز نەبێت. دەبێت دەرفەتێك بە هێزە ئەمنیەکانی عێراق بدرێت بۆ ئەوەی دۆخەکە هێوربکەنەوە.

هەروەها ئەمە بەو مانایە دێت کە دەبێت جەلال تاڵەبانی، وەك سەرۆکی عێراق نفوزی خۆی بەکاربهێنێت بۆ هێنانەئارای ئاشتی، چونکە ئەو تەنیا نوێنەرایەتی هەموو عێراق ناکات (عەرەب، کورد، تورکمان، شیعە و سوننە)، بەڵکو لە هەمان کاتدا یەکێکە لە دوو سەرکردە کوردە سەرەکیەکە. کە لێرەدا داوای ئەوەی لێدەکرێت ئەزموونە گەورە و دوورودرێژەکەی خۆی بەکار بهێنێت! ڕەنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان خوازیاربێت یەکەم هەنگاو هەڵگرێت لە هەوڵەکانی بۆ سەقامگیرکردنی دۆخە لەرزۆکەکەی کەرکوك لە ڕێی کشانەوەی ٨٥٠٠ پێشمەرگەکەوە کە لە دەوروبەری شاری کەرکوکدا جێگیرکراون، لە کاتێکدا داوا لە عەرەب و تورکمانەکان بکرێت بۆ ئەوەی دەست لەو کارانە هەڵگرن کە دەبنە هۆی ئەوەی بارودۆخەکە زیاتر ناسەقامگیر بێت. ئایا سەرۆك وەزیران، نوری ئەلمالیکی لەکوێی ئەم هاوکێشەیەدایە؟ دەبێت ئەویش ڕۆڵێکی بەهێزی هەبێت لە هێورکردنەوەی دۆخەکە.

ئەو بیرۆکەیەی پێیوایە هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بارودۆخەکە ناسەقامگیردەکەن بەهۆی ئەوەی تەفزیلی کوردەکان دەکەن، بیرۆکەیەکی نامەنتیقیە. ئەگەر شتێك ببێتە هۆی ناسەقامگیرکردنی دۆخەکە، ئەوا کشانەوەی قۆناغ بە قۆناغی هێزەکانی ئەمریکایە کە بوار دروست دەکات بۆ ئەوەی ئەم ئاڵۆزیانە ئاڵۆزتر بن. کەواتە، دەبێت ئەمریکا کار لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکاندا بکات بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە بێ ئەوەی توندوتیژی زیاتر ڕووبدات. بوونی هێزەکانی ئەمریکا وەك هێزێکی بێلایەن بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەی ئاشتی پێویستە، ئەم هێزانە هۆکاری ناسەقامگیری نین.

ئەوە ڕاستە کە خۆپیشاندانەکانی سلێمانی زەنگی ئاگادارکردنەوەیەکە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هەموو شتێك بەباشی بە ڕێوەناچێت، ئەویش لە دەرئەنجامی ئەو شێوە بەڕێوەبردنەی سیاسەت کە پیادە کراوە. خۆپیشاندانەکان ئەوەیان خستەڕوو دەبێت کۆتایی بە گەندەڵی و مەحسوبیەت بهێنرێت و دەبێت خزمەتگوزاری حکومی باشتر دابین بکرێت، وەك هەلی کار و کارەبا. نابێت تەنیا کۆمەڵێك کەس شایستەی ئەوەبن پۆستەکانی هەرێم وەربگرن.

# دروشمی عەرەبە شۆڤێنیەکان و سەرکردەکانی حزبی بەعس لە ٢٠١١/٢/٢٥ لە کەرکوک

١ کەرکوک نابێت بگەڕێتەوە سەر کوردستان

٢ هێزی پێشمەرگەو ئاسایش نابێت لە کەرکوک بمێنێت

٣ لە کەرکوک و ئەو ناوچانەی زۆرینەی کورد نییە نابێت بارەگای پارتە سیاسییەکانی کورد بمێنێت

٤ ماددەی ١٤٠ دەستووری نییەو ئیعترافی پێ ناکەین و نابێت جێبەجێ بکرێت



**د. نەجمەدین کەریم نوێنەری کەرکوک لە پەرلەمانی عێراق (بۆ گوڵان):**

# زانیاریمان هەیە بەشێک لەسەرکردەکانی حزبی بەعس لە سوریاوە هاتوونەتە حەویجە و لەگەڵ تیرۆریستان خۆیان ئامادەدەکەن بۆ تێکدانی بارودۆخی کەرکوک

**کاتێـک سـەردانی کەرکـوک دەکەیـت ئەو ڕاسـتییە حاشـاهەڵنەگرە دەبینیت کە تاچەند دانیشـتووانی ئەم شـارە خۆڕاگربـوون و لەهەموو خزمەتگوزاری و پێشـکەوتنێک فەرامۆشـکراون، ئەمڕۆ کەرکوک لەبەردەم مەترسـیدایە، مەترسـی پیلانی دوژمنان و هێزە شـۆڤێنییەکان لە نێوخۆی عێراق و دەرەوە، هەر بۆیە لەهەموو کات زیاتر پێویسـتە تاکی کوردو پارتە سیاسـییەکان هۆشـیارییان هەبێت بەرامبەر بەمەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان کە ناکرێت موزایەدەی لەسەر بکرێت. لەم بارودۆخەدا پرسیار ئەوەیە ئایا بارودۆخی کەرکوک بەکوێ گەیشتووە؟ ئایا تاچەند ئیدارەی کەرکوک سـەرکەوتوو بووە لەخزمەتکردنی دانیشـتووانی کەرکوک؟ گەڕانەوەی کەرکوک بۆ باوەشـی نیشـتمان بەکوێ گەیشت؟ هێرشی ئەم دواییەی شۆڤێنییەکان و کۆنترۆڵکردنی حەویجەو ڕیاز بۆ چی مەبەستێک بووە؟ گۆڕینی پۆستە ئیدارییەکانی کەرکوک تاچەند خزمەت بە گۆڕینی بارودۆخەکە دەکات؟ ئەمەو چەندین پرسیاری ترمان ئاراستەی دکتۆر نەجمەدین کەریم ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ئەندامی ئێستای ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرد، کە ئەمە دەقەکەیەتی:**





سیاسی

## ئەو بەعسییانەی کە لەسوریاوە هاتوون ئامادەکاری بۆ تێکدانی بارودۆخەکە لە کەرکوک دەکەن

**گوڵان:** بۆچی هەر دەبێت مێژووی کەرکوکییەکان وا بێت، کەبەردەوام لەقۆناغە مێژووییەکاندا بکەونە بەردەم هێرش و پیلان، لەلایەکی ترەوە خەڵکەکەی بێبەش بوون لەخزمەتگوزارییە سەرەکییەکان، کەچی سەرەڕای ئەمە کەرکوکییەکان زیاتر وابەستەی مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانن، پیلانی شۆڤێنییەکان دژ بەکوردەکانی ئەم شارە چییە هەست ناکەیت کەرکوک لەمەترسیدایە؟

**دکتۆر نەجمەدین کەریم:** تەعریب و تەرحیل و ژینۆسایدکردنی دانیشتووانی

**کوردی کەرکوک بەهەموو بۆچوون و لایەنگرانی حزبەکانەوە هەست بەوە دەکەن کەرکوک مەسەلەیەکی نەتەوەیی و گرنگەو دەبێت یەکهەڵوێست بن لەسەری**

کەرکوک بەتایبەتی نەتەوەی کورد مێژوویەکی دووردرێژی هەیە، ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی حکومەتی عێراق دەستێکی بەرچاویان لەم هێرش و پیلانانەدا هەبووە، بەبەعسی کردن و گۆڕینی نەتەوە سیمایەکی دیاری ئەو ڕژێمە فەرمانڕەوانەی بەغدا بووەو زۆریش باس کراوە. من زیاتر دێمە سەر دوای ساڵی ٢٠٠٣ کەئەو کاتە بە ڕووخانی ڕژێمی بەعس و ئازادکردنی عێراق، لە کەرکوک قۆناغێکی نوێ هاتە ئاراوە، هەلێکی گەورە بوو بۆ کورد کە بتوانێت لەکەرکوک بارودۆخێکی تازە دروست بێت و پێوەندییەکی دروست و باش لەنێوان پێکهاتەکانی لێبکەوێتەوە، من بەخراپی نازانم دان بەوەدا بنێین کە هەڵەمان لەو کاتەدا هەبووە، کە هۆکارێکی ئەو هەڵەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خەڵکانێکی زۆر لەم شارە دەرکرابوون، کاتێک گەڕاونەتەوە نەتوانراوە وەك پێویست ڕێکبخرێن و پێداویستییەکانیان بۆ فەراهەم بکرێت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لەو کاتەوە کە ئیدارەی کەرکوك دامەزراوە ئەو ئیدارەیە کەموکوڕی تێدا بووە، لەبەر ئەوەی ئیدارەکە بەپەلە دروستکرابوو، وا پێشبینی دەکرا دوای ماوەیەك گۆڕانکاری تێدا بکرێت چ لەڕێگای هەڵبژاردنەوە یا لەڕێگای ترەوە، کاتێکیش لەکەرکوك جگە لە٢٠٠٥ تا ئێستا وەکو پارێزگاکانی تری عێراق هەڵبژاردن نەکرا، بۆیە کەموکوڕی ڕەنگی داوەتەوە و، بەداخەوە کەرکوکییەکان لەو هەلە بێ بەش بوون.

باری ئێستای کەرکوك لەبەرئەوەی هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام نەدراوە ئەو بەرپرسانەی چ لە ئەنجومەنی پارێزگا چ پارێزگار خۆی لە٢٠٠٥ تاکو ئێستا لەو پۆستانە ماونەتەوە، ئاشکراشە لە دیموکراتیترین وڵاتدا ئیدارەیەك زۆر بمێنێتەوە تەنانەت کارەکەشی چەند باش بێت خەڵکەکە تووشی بێزاری دەبێت، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی خەڵکی کەرکوك بەپەرۆشن بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لەکەرکوك ئەنجام بدرێت و خەڵکی تازە هەڵبژێرن، هیواداریین ئەمجارە هەڵبژاردنەکان لەکەرکوك بەلیستی کراوە بێت، بۆ ئەوەی خەڵك بزانێت دەنگ بەکێ دەدات. کەرکوك لەگەڵ ئەو خزمەتگوزارییەی بۆی کراوەو ئەو پارەیەی لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بۆی خەرجکراوە کەموکورتی زۆری تێدایە، هەردوولا پارتی و یەکێتی هاوکاری و پارەیان بۆ کەرکوك سەرفکردووە، بەداخەوە لەبەرئەوەی ئەم کارانە هەمووی بەشێوەی دوو حزب کراوە بەشێوەی ئیدارەیەکی یەکگرتوو نەکراوە کەوا بەرنامەو کارەکان بەشێوەیەك ڕێکبخرێت، بۆ ئەوەی بزانرێت لەکوێ باشترە ئەو پارەیە خەرج بکرێت، ئەمانە هەمووی لەو هۆیانەن کە وایکردووە تارادەیەك خەڵکی بێزار بن. لەم کاتەدا کاتێك لە ٢٥ی مانگدا بانگەوازی خۆپیشاندان لەهەموو عێراقدا کرا کەرکوکیشی گرتەوە، ئەوەی سەرکردایەتی بانگەوازی دەکرد دووجۆر خەڵك بوون، جۆرێك هاوڵاتیبوون کە هەستیان بەکەموکوڕی و نەبوونی خزمەتگوزاری دەکرد کە بەدینەهاتبوو، لەڕێگەی خۆپیشاندانەوە دەیانویست دەنگی خۆیان بگەیەننە بەرپرسان، ئەمەش مافێکی سروشتی و ئاسایی هەموو هاوڵاتییەکەو لە هەموو شوێنێکدا خەڵکی ئەو مافەی هەیە، بەڵام ئەم خەڵکانەی کە مافی ڕەوایان هەبوو خەریکبوو لەلایەن پاشماوەکانی بەعس و تیرۆریست و هێزە شۆڤێنییەکانی دژ بە کورد کە ئارامی کەرکوکیان بێ خۆش نییەو دەیانەوێت بارودۆخی کەرکوك بۆ پێش ٢٠٠٣ بگەڕێننەوە ویستیان نییەتی باشی ئەم خەڵکانە بەلای خۆیاندا ڕابکێشن بۆ ئەوەی بۆ کاری خراپ

**مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان خاڵی هاوبەش و چارەنووسسازن، ئەمڕۆ لەهەموو کات زیاتر تاکی کورد وریاو شارەزایە لەو پیلانانەی دژ بەکەرکوك و کوردەکان دەکرێت**

لەناو کەرکوك بەکاری بهێنن، تەنانەت ئەم داواکارییانەیان نەدەشاردەوەو داواکاری زۆر خراپ بوون و باری کەرکوکی تێك دەدا، لەوانە:

١- کەرکوك نابێت بگەڕێتەوە سەر کوردستان.

٢- هێزی پێشمەرگەو ئاسایش نابێت لەکەرکوك بمێنێت.

٣- لەکەرکوك و ئەو ناوچانەی زۆرینەی کوردی نییە نابێت بارەگای پارتە سیاسییەکانی کورد بمێنێت.

٤- ماددەی ١٤٠ دەستووری نییەو ئیعترافی پێ ناکەین و نابێت جێبەجێ بکرێت.

لەپشت ئەم خاڵە سەرەکییانەشەوە دەیان پیلان و مەرام و مەبەستی تر هەبوو کە هەر هەمووی دژ بە کوردەکانی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان و مافە ڕەواکانی سەرجەم پێکهاتەکانی

تری دانیشتووانی کەرکوك بوو، ئەوەبوو لای هەموو لایەك ڕوون و ئاشکرا بوو کە ئەو گروپ و تاقمە لە حەویجەو چەند شوێنێکی تری پارێزگای کەرکوك خۆپیشاندان بکەن و دەسەڵاتی ئەو شوێنانەیان بە تەواوەتی ئیفلیج کردوو خۆیان داگیر و کۆنترۆڵ کرد، تەنانەت بارەگای ئەنجومەنی قەزایان لەحەویجەو ڕیاز سووتاندو بەتەواوەتی دەستیان بەسەر هەموو دەزگاکاندا کرد، گرفتەکە لەوەدایە لەناو ئەم گروپ و تاقمانانە تیرۆریست و کەسانی بەدەر لە یاسا هەیە، زانیاریمان لەلایە سەرکردەی حزبی بەعس لە سوریاوە بەشێکیان هاتوونەتە حەویجە لە پارێزگای کەرکوك، ئێستاکە بەشێك لەو سەرکردانەی حزبی بەعس کە لەسوریاوە هاتوون لەگەڵ تیرۆریستان لەحەویجە ئامادەکاری دەکەن بۆ تێکدانی بارودۆخەکەو خۆ ئامادەکردن بۆ کاری خراپ.

## پێویستە مافی ڕەوای خەڵك لە مافی خراپی گروپ و تاقمی تر جیا بکەینەوە

**گۆڵان:** پێتوانییە پێویستە تاکی کورد لەهەموو کاتێك زیاتر وابەستەی مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بێت، تاچەند هەموو لایەنەکان و حزبە کوردستانییەکان لەسەر مەسەلەی نەتەوەیی کەرکوك یەك دەنگن؟ ئایا ئەو گروپ و تاقمانەی کە بەڕێزت باسی دەکەی سوودی لەو نائارامییە وەرگرتووە کە خۆپیشاندانەکان لەپارێزگای سلێمانی تووندوتیژی لێکەوتۆتەوەو جۆرێك لە نائارامی لەهەرێمی کوردستان ڕوویداوە؟

**دکتۆر نەجمەدین کەریم:** پێش ئەوەی ٢٥ی ئەم مانگە بانگەوازی خۆپیشاندان بکرێت لەسلێمانی خۆپیشاندان هەبووە، ڕەنگە کەسانێك وا لێکی بدەنەوە کە هاتنی هێزی پێشمەرگەو خۆ ئامادەکردنی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش بەمەبەستی بەهانا هاتنی کەرکوکییەکان بۆ ئەوەیە سەرنجی خەڵك لە خۆپیشاندانی شوێنەکانی تری کوردستان جیا بکەنەوە، کە بەحەقیقەت وانییە. ئەو تاقم و گروپانەی دەیانەوێت لە پارێزگای کەرکوك نائارامی بخەنەوە هێرش بکەنە سەر خەڵکی مەدەنی زۆر زووتر سەرقاڵی پیلان و خۆڕێکخستنەوەن، خۆپیشاندان لەهەرێمی کوردستان هەبێت ئەم توندڕەوو تیرۆریستانە هەر سەرقاڵی پیلان بوون، پێویستە مافی ڕەوای خەڵك لە مافی خراپی گروپ و تاقمی تر جیا بکەینەوە، خەڵکی ئێمە هەیە لەکەرکوك بەتایبەتی کوردی کەرکوك نارەزایەتی زۆری لەسەر خزمەتگوزاری و بارودۆخەکە هەیە، بێکاری و نەبوونی کارەباو مانەوەی زۆری خوێندکار بەوەی کاتێك ئامادەیی تەواو دەکەن جێگەیان نییە بچنە زانکۆکانی کوردستان، چونکە کوردەکانی کەرکوك ناتوانن بچن بۆ زانکۆکانی موسڵ و بەغدا، خەڵکی خۆمان لەکەرکوك داخوازی ڕەوای لەئیدارەی کوردستان هەیە، بەڵام ئەم حاڵەتە زۆر زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بۆ مەبەستی خراپ دەیانەوێت ئیستغلالی ئەو وەزعە بکەن، خەڵك پێویستە زۆر وریا بن، بۆیە پێش ٢٥ی مانگ چووینەتە ناو خەڵکی خۆمان و پێمان وتوون نابێت: ئێمە وەکو کورد لەکەرکوك لەگەڵ گروپ و تاقمی بەعسی و تیرۆریستی بەشداری خۆپیشاندان بکەین. هەر بۆیە لەکەرکوك کوردەکان کەسیان بەشداری خۆپیشاندانیان نەکردوو، بە بڕوای من کوردی کەرکوك بەهەموو بۆچوون و لایەنگرانی حزبەکانەوە هەست بەوە دەکەن کەرکوك مەسەلەیەکی نەتەوەییە و گرنگەو دەبێت یەکهەڵوێست بن لەسەری، وابزانم هەموو حزبەکانیش لەسەر ئەوە یەکن کەئەمە مەسەلەیەکی نەتەوەیی و چارەنووسسازە.

## لەهەموو جیهان گواستنەوەو ڕێکخستنەوەی کار پرۆسەیەکی بەردەوامەو کاریگەری باشی لەسەر پێشخستن و پەرەپێدانی کارەکان هەیە و ئەگەری گەندەڵی و کەموکورتییەکانیش کەمدەکاتەوە

**گۆڵان:** لەم قۆناغە ناسکەی کە کوردستان پێیدا تێپەڕ دەبێت، چۆن بتوانین هۆشیاری نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بەرادەیەك لای تاکی کورد بەرز بکرێتەوە، کە ئەو چوارچێوەیە بێت کە تێیدا هەموو داخوازی و داواکارییەکانی تری هاووڵاتییانی تێدا کۆبکرێتەوە؟

**دکتۆر نەجمەدین کەریم:** من لێرەدا بەتایبەتی باسی کەرکوك دەکەم، بە ڕای من ئەو هەنگاوانەی لەم دواییەدا نرا، ئەو بەیاننامەیەی لەلایەن هەموو حزبەکان دەرکرا، و دواتر هاتنی جەنابی کاك کۆسرەت ڕەسول و بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ ئێرەو کۆبوونەوە لەگەڵ هەموو حزبەکان و داواکاری لێیان کە بەشداری هەر گۆڕانکاری و چاکسازییەکان بکەن کە لەکەرکوکدا ڕوودەدەن و دەبێت دەنگیان تێیدا هەبێت ئەمانە هەمووی وادەکات کە هەموو هێزە کوردستانییەکان واباشترە پێکەوە کاربکەین بۆ شتی باش و بەیەکیشەوە کەموکورییەکان ببینین، ئەم نموونەیەی ئەمڕۆ لەکەرکوك هەیە دەبێت هەمان نموونە لەسلێمانی و هەولێر و دهۆك و سنجار و خانەقین و هەموو شوێنێکی تر هەبێت، مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان خاڵی هاوبەش و چارەنووسسازە و ئەمڕۆ لەهەموو کات زیاتر تاکی کورد وریاو شارەزایە لەو پیلانانەی دژ بەکەرکوك و کوردەکان دەکرێت.

## لەکەرکوك پێویستیمان بەوەیە هیچ لایەنێك وەکو حزب تەسەروف نەکات

**گۆڵان:** باست لەکەموکوری کرد، پێتوانییە کاتی ئەوە هاتووە پاڵپشتی و پشتگیری لەدامەزراوەکان بکرێت و ئەو دامەزراوانەی ئەمڕۆ لەکەرکوکدا هەیە پێویستی بەگۆڕانکاری و چاکسازی هەیە، بەرادەیەك لەلایەك لەئاست پیلانەکاندا بن کە دژ بەکورد دادەڕێژرێت و لەلایەکی ترەوە چارەسەری بنەڕەتیی بۆ کێشەو گرفتەکانی ڕۆژانەی هاوڵاتییانیش هەبێت؟

**دکتۆر نەجمەدین کەریم:** لەکەرکوك پێویستیمان بەوە هەیە هیچ لایەنێك وەکو حزب تەسەروف نەکات، پارتی

و یەکێتی و گۆڕان و زەحمەتکێش و یەکگرتوو کۆمەڵ و پارتەکانی تر پێویستە لەڕێگەی دامەزراوەکانەوە خزمەت بەشارەکەو ئەزموونەکەمان بکەن، لەکەرکوك ئیدارەو پارێزگاو ئەنجومەن و دامودەزگاکان هەن، وەکو پێشتر باسم کرد ڕەنگە چاکسازی و گۆڕانکاری پێویست بێت، لەم گۆڕانکارییەش پێویستە بیر لەوە نەکەینەوە ئەم پۆستە هی یەکێتییەو ئەمە هی پارتییەو یان هی فلانە حزبی تر، ئێمە دەبێت بەشێوەیەك تەماشای بکەین جێگەو پۆستمان هەیە با باشترین کەسی بۆ دەستنیشان بکەین، جا پارتی بێت یا یەکێتی یا گۆڕان یا ئیسلامی یا کوردو تورکمان و عەرەب، پێویستە لە دامەزراوەکان باشترین و پرۆ فیشناڵترین کەس دانرێت کە خزمەت بەخەڵکی کەرکوك بکات، گەر بەوشێوەیە مامەڵەمان کرد من لەو بڕوایەم هەموو لایەنگر و ئەندامانی ئەو حزبانەو خەڵکی کەرکوکیش بەهەموو پێکهاتەکانییەوە سوودمەند دەبن و دڵیان پێ خۆش دەبێت و لێی ڕازی دەبن، پێویستە پۆست و دامەزراوەکان لەڕێگەی خەڵکی پاك و دڵسۆزو لێهاتوو شارەزاوە لە کەرکوك بەڕێوە ببرێت. ئەم حاڵەتە لەکوردستانیش پێویستمانە، لەم پێناوەشدا قسەکراوەو ڕێککەوتن کرا کە چارەسەری بنەڕەتی بۆ ئەو هەموو کێشەیە بدۆزرێتەوەو هەنگاوی پراکتیکیش دەنرێت.

**لە کەرکوك دووبارە تەماشای هەموو ئەو پۆستانە دەکرێتەوە کە پێوەندی بە بەرژەوەندی گشتییەوە هەیە**

**گوڵان:** بڕیارە بەم نزیکانە گۆڕانکاری لەزۆربەی پۆستە گرنگەکانی کەرکوك دا بکرێت، لەناویاندا پۆستی پارێزگاری کەرکوك و سەرۆکی ئەنجومەن و سەرۆکی پۆلیس و بەڕێوەبەری کۆمپانیای دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکان و چەندین پۆستی تر، ئایا لەسەر وردەکاری زیاتری ئەو گۆڕانکارییانە ڕێککەوتوون؟

**دکتۆر نەجمەدین کەریم:** گۆڕانکاری ئەنجام دەدرێت، بۆ نموونە پۆستێك بەدەست یەکێکی زۆر باشیشەوە بێت دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك، پێویستە گۆڕانکاری لە شوێنەکەیدا بکرێت.

**حکومەتی نوری مالیکی خۆی و کوتلەکەی هەموو لەسەر ئەوەیان ئیمزاکردووە کە دەبێت ماددەکە جێبەجێ بکرێت و تەنانەت هەنگاوەکانیش دیاریکراون و ڕێککەوتننامە لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ هەیە**

ناکرێت کەسی باشیش تەنیا لەیەك وەزیفەدا سوودی لێوەربگیرێت، بۆ نموونە بەڕێوەبەر یا بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتییەکی پۆلیس بۆ دەبێت ٧- ١٠ ساڵ لەو پۆستەیدا بێت و لەهەمان شوێندا بێت، لەهەموو جیهان گواستنەوەو ڕێکخستنەوەی کار پرۆسەیەکی بەردەوامەو کاریگەری باشی لەسەر پێشخستن و پەرەپێدانی کارەکان هەیە، ئەمە ئەگەری گەندەڵی و کەموکوڕی کەم دەکاتەوەو خەڵکەکان زیاتر باوەڕیان پێی دەبێت، یەکێك ماوەیەکی زۆر لەشوێنێك بێت خۆشی گەندەڵ نەبێت دەوروپشتەکەی وایلێدێت و لەسەر یەك شێوەی کارکردن ڕادێن، بۆیە دەبێت لە کەرکوك دووبارە تەماشای هەموو ئەو پۆستانە بکرێتەوە کە پێوەندی بەبەرژەوەندی گشتییەوە هەیە تاوەکو بەباشترین شێوە خزمەتی خەڵکی ئەم شارە بکرێت.

**گوڵان:** ئایا بەڕێزت بۆ وەرگرتنی پۆستی پارێزگاری کەرکوك لە جێی عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگاری ئێستای کەرکوك دەستنیشانکراوی؟

**دکتۆر نەجمەدین کەریم:** تاکو ئێستا هیچ دەستنیشانکردنێك نییە، بەڵام باسی گۆڕانکاری لەپۆستەکاندا هەیە، تا ئێستا هیچ کەسێك بۆ هیچ شوێنێك دیاری نەکراوە، ئەوە لەنێوان لایەنەکاندا باسی لێوەدەکرێت و چی باش بێت بۆ دانیشتووان و خەڵکی بەئەمەکی



کەرکوك ئەوە ئەنجام دەدرێت.

## ڕۆڵی ڕۆشنبیران
## ئەرك و بەرپرسیاریەتییە

**گوڵان:** ڕۆشـــنبیران چۆن دەتوانن لەم قۆناغەدا خەڵکی هۆشـــیار بکەنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن لەچوارچێـــوەی دامەزراوە شەرعییەکاندا چاکسازی بکەن؟


**دکتـــۆر نەجمەدین کەریم:** ڕۆشـــنبیران لەم قۆناغە ناســـکەو گرنگەی کە ئەمڕۆ هەرێمی کوردســـتان و عێراق و ناوچەکە پێیدا تێپەڕ دەبێت ڕۆڵێکی باشـــیان هەیە لە پرۆسەی هۆشیارکردنەوەی نەتەوەیی و دەرخستنی کەموکوڕییەکان، پێویستە ئەم ڕۆڵە بەئینسافەوە بێت کاری باش بەجوانی و بە باشی بکرێت و کەموکوڕییەکانیش وەکو خۆی ئاماژەی پێ بکرێت و بڵاوبکرێنەوە. ڕۆشـــنبیر ئەرکی گەیاندنی ڕاستییەکانە بۆ دەســـەڵات و زمانحاڵی نەتەوەیە، ئەم ڕۆڵەش ئازادنە لەکوردستاندا پیادەدەکرێت و ئازادانە نووســـین و قســـەدەکرێت، هەر بۆیە مـــن پێموایە ڕۆشـــنبیران هەروەکو چـــۆن ئەرکیان لەســـەر شـــانە هەرواش بەرپرسیارێتیشیان دەکەوێتە ئەستۆ.

**گوڵان:** بـــۆ جێبەجێکردنـــی ماددەی ١٤٠ی دەســـتووری و گەڕانـــەوەی ئەو مافە بۆ هەرێمی کوردســـتان چی کراوەو ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کەرکوك پێوەندی بەو هەنگاوەوە هەیە؟

**دکتـــۆر نەجمەدیـــن کەریم:** ســـەبارەت بەگەڕانەوەی کەرکوك بۆ ســـەر هەرێمی کوردســـتان، ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەیـــە کە دەبێت جێبەجێ بکرێت، لەوانەیە وا پێویســـت بکات لەهەنگاوی دوایەمی ماددەکـــەدا ڕێککەوتنێك هەبێت لەســـەر دوا بڕگـــەی جێبەجێکردنەکـــە، بـــەڵام بەماددەیەکـــی دەســـتووری دەمێنێتەوە، حکومەتـــی نـــوری مالیکـــی خۆی و کوتلەکەی هەموو ئەوەیان ئیمزاکردووە کە دەبێت ماددەکە جێبەجێ بکرێت و تەنانەت هەنگاوەکانیش دیاریکراون و ڕێککەوتنامە لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ هەیە، لەم ڕوانگەیـــەوە پێموایە کە بڕیاردراوە لە داهاتوودا لەکەرکوك چی بکرێت، ئەمەش چارەنووسە. سەبارەت بەکوردستان بەگشتی بە ڕای من کورد وەکو هەموو میللەتێکی تر مافی چارەنووســـی هەبێـــت و ببێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی.

**کەرکوکییەکان**
**کورد بن یا تورکمان**
**یا عەرەب یا مەسیحی،**
**هێزی پێشمەرگەو**
**پۆلیس و ئاسایش**
**بەرگرییان لێدەکات و**
**ئارامی و**
**ئاسایشیان**
**دەپارێزێت**

من لە ئاییندەی کەرکوك گەشبینم، ئەم گەشبینییەش بەو مانایە نایەت کەبەرنامەو کارمان نەبێت، بەڵکو دەبێت بۆ چارەنووسی ئەو بەشـــە گرنگەی نەتەوەکەمان کاری جددی بکەیـــن، چونکە بەو شـــێوەیەی ئێســـتا غەدرێکی زۆر لەکەرکوك دەکرێت، کەرکوکێکـــی دەوڵەمەند بەنەوت کە دەیان ساڵە عێراق بەخێو دەکات، کاتێك بەو شێوە ئیهمالییە دەبینرێت ئەمە غەدر لەخەڵکی کەرکوك و خاکەکەی دەکرێت، بۆیە دەبێت ئێمە سەیری بارودۆخی خەڵکی ئەم شارە بکەیـــن بزانین چۆن باشـــی بکەین، ئەم واقیعە پارێزگاکە و شـــوێنە دابڕاوەکانی تری کوردســـتانیش دەگرێتـــەوە، کەرکوك چوارەم شاری عێراق بووە لەڕووی ژمارەی دانیشـــتووانیەوە تا ســـاڵی حەفتاکانیش، ئێستا پارێزگاکە تەنیا لە٧٠٪ی ڕووبەری پێشـــووی ماوەتـــەوە، بۆیـــە گەڕانەوەی ئەو شوێنانەی لەســـەر کەرکوك بووە ئەوە یەکەمیـــن کارە پێویســـتە ئەنجام بدرێت، دواتر هێنانـــەوەی خەڵکەکانی کە ئاوارەو دەربـــەدەر ببوون، ئێمە ســـوورین لەســـەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ی دەستووری و جێبەجێکردنـــی بەپەلـــەی خاڵەکانـــی ماددەکـــە، بەداخەوە کات هەبووە خەڵکمان لەپۆســـت هەبووە کەچی کەمتەرخەم بووە لەکارەکانی. ئەمـــڕۆ کەرکوکییەکان کورد بـــن یا تورکمان یا عەرەب یا مەســـیحی، هێزی پێشـــمەرگەو پۆلیس و ئاســـایش بەرگرییان لێدەکات و ئارامی و ئاسایشیان دەپارێزێت.




Türkiye'nin geleceğini,
barışı ve
kardeşliği
konuşuyoruz
27 Şubat 2011 Pazar
İstanbul Tabipler Odası Toplantı Salonu
Türkocağı Cad. No:17 Kat:2-3 Cağaloğlu
barış meclisi
meclisa aşitiye

## کۆنفرانسی ئەنجومەنی ئاشتی تورکیا

# سەبارەت بە ئاشتی و برایەتی و ئاییندە

گوڵان- ئیستانبۆڵ

لە ٢٧-٢-٢٠١١ لەلایەن ئەنجومەنی ئاشتی تورکیاوە کۆنفرانسێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد ڕێکخرا، ئەم کۆنفرانسە لەژێر ناونیشانی (سەبارەت بە ئاشتی و برایەتی و داهاتووی تورکیا دەدوێین)دەستی بە کارەکانی کرد، شایەنی باسە ئەم کۆنفرانسە لە ڕووی فراوانی و گشتگری بەشداربووانەوە یەکەمین و گەورەترین کۆنفرانسە کە سەرۆکی گشت دامەزراوە کوردییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی تورکیا تێیدابەشدار بوون و هەروەها سەرۆکی دامەزراوە تورکیەکانیش لەسەرتاسەری تورکیا و ناوچەی دەریای ڕەش بەشدارییان لەم کۆنفرانسە کرد، سەرەڕای سەرۆکی دامەزراوەکانی سریانی و ئەرمەنی. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەم کۆنفرانسە ببێتە یەکەمین کۆنفرانس کە تیایدا کورد و تورك بەیەکەوە تاوتوێ و ئاڵوگۆڕی بیرو ڕا بکەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی گونجاو بەکێشەی کورد و بە تایبەتیش لەم کاتە هەستیارەدا کەوا تورکیا بەرەو پرۆسەی هەڵبژاردن و دارشتنەوەی دەستوورێکی نوێ هەنگاو دەنێت.

هەر بۆ ئەم مەبەستە ئەنجومەنی ئاشتی تورکیا ئەوەی بەباش زانیوە کەوا پێویستە لەگەڵ برا تورکەکان بەیەکەوە هەوڵ بدەن بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ ئەم کێشەیە، چونکە ئەم کێشەیە تەنیا بە کوردەکان چارەسەر ناکرێت و پێویستە بیرو ڕا لە چین و توێژە جیاوازەکان و گرووپە ئیتنیکیە جیاوازەکانی تورکیا وەربگیرێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك و دانانی دەستوورێکی نوێی گشتگر کە گشت چین و توێژەکان تیایدا بە مافی خۆیان بگەن.

هەر لەدرێژەی کۆنفرانسەکەدا لەلایەن بەشداربووە بەڕێزەکانەوە جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کەوا گشت لایەك بە کورد و تورکەوە پێویستە بتوانن بیرو ڕای جیاواز قبوڵ بکەن کە ئەمەش یەکەمین هەنگاوی پێکەوەژیانی کۆمەڵگەیە بە گشت گرووپە ئیتنیکیە جیاوازەکانییەوە.

هەروەها هەوڵ بدرێت بۆ دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش لە نێوان گرووپە ئیتنیکیەکان کە یارمەتی یەکگرتن و پاراستنی یەکڕیزی کۆمەڵگەدەدات بۆ ئەمەش پێویستە سیستەمێکی گشتگری پەروەردەیی گشت لایەنە جیاوازەکان لە یەکتر کۆ بکاتەوە، دواتر بە یەکڕیزی کۆمەڵگەوە دەتوانرێت فشار بخرێتە سەر حکومەت و دەستەی بەڕێوەبەران بۆ دروستکردنی دەستوورێکی گشتگر و نوێ کە تیایدا مافی گشت گرووپە ئیتنیکیە جیاوازەکان پارێزراو بن بە شێوازێك کە گشت لایەنێك مافی کارکردن، قسەکردن و خوێندن بە زمانی دایك، هاونیشتمانی، یەکسانی و... تاد. تێدا هەبێت.

هەروەها ئەوەش ئاماژەی پێکرا کەوا لەمەوبەر جگە لەم ڕێگە چارەیە، گشت ڕێیەك گیراوەتە بەر بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لەوانە؛ دان نەنان بە بوونی کورد لە تورکیادا، هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بە ڕێگەی سەربازی، سەپاندنی خوێندن بە زمانی تورکی، هەروەها هەوڵدانی یەکلایەنەی کورد بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی، قبوڵ نەکردنی بیروڕا لە گرووپە ئیتنیکیەکانی تر...تاد. بەڵام چیتر تورکیا بە کورد و تورك و ئەرمەن و عەلەوی و سوننیەوە گەیشتوونەتە ئەوپەڕی بێزاری و نایانەوێت چیتر شەڕی ناوخۆ و خوێن ڕشتن ببینن، بۆیە پێویستە هەمووان بەیەکەوە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە لەرێگەی دانپێدانانی یەکسانی هاونیشتمانی لە نێوان ئیتنیکە جیاوازەکان و قبوڵ کردنی بیر و بۆچوونی جیاواز هەوڵ بدەن.

هەروەها باس لە گرنگی ئەوەش کرا کەوا نیوەی زیاتری کۆمەڵگەی تورکی بە گشت گرووپە ئیتنیکیەکانیەوە کار لەسەر پێشبینیەکانیان دەکەن و بەبێ گوێ گرتن لە کەسانی بەرامبەر ڕاستەوخۆ بە (کۆنسێرڤەتیف، عەلمانی، کەمالیست، کورد، تورك، چەرکەز...تاد) بەرانبەر لەقەڵەمی دەدەن و گرنگی بە قسە و بیرو بۆچوونەکانی نادەن. ئەمەش کاریگەرییەکی زۆر نێگەتیڤی لەسەرکۆمەڵگە هەیە و بۆتە هۆی ئەوەی کە هیچ گرووپێك بایەخ بە ئەوەی تر نەدات و تەنیا خۆی بە هەق و ڕاست بزانێت لە ناوەندەکاندا. بەشێوەیەکی وا بووەتە هۆکارێکی سەرەکی دروست بوونی کێشە و چەق بەستن. هەروەها پێویستە ئەوەش بزانین کەوا کێشەی کورد یەکێکە لە گرنگترین و گەورەترین کێشەکانی تورکیا، ئەم کێشەیە کێشەیەکی نوێ نییە و تەنیا کوردەکانیش ناگرێتەوە، بەڵکو کاریگەری لەسەر گشت چین وتوێژ و نەتەوەکانی تورکیا هەیە و بۆتە ڕێگرێك لەبەردەم بەرەوپێش چوون و گۆڕانکاری. تا ئەم کێشەیەش یەکلایی نەکرێتەوە ئەوا ناتوانرێ هیچ چاکسازییەك ئەنجام بدرێت. بۆیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە سەرەتا پێویستمان بەوە هەیە بزانین ئایا کێشەی راستەقینەی کوردەکان چییە؟ تا بتوانین چارەسەری لۆژیکی و گونجاو بۆ ئەم کێشەیە بدۆزینەوە. ئایا کێشەی کوردەکانی تورکیا کێشەی ئاڵایە ؟ یان ئایا کوردەکان داوای جیابوونەوە دەکەن لە دەوڵەتی تورکیا؟ نەخێر، هیچ کام لەمانەی سەرەوە گوزارشت لە کێشەی ڕاستەقینەی کورد ناکەن، چونکە کێشەی کورد بریتییە لە بوون بە خاوەنی



جیهان ئەرتەک بۆ گوڵان:

# لە وڵاتێکی وەک تورکیا ڕێگە پێدانی بەکارهێنان و خوێندنی زمانی وەک کوردی، عەرەبی، چەرکەزی نابێتە هۆی بەش بەش کردنی وڵات بەڵکو دەبێتە هۆی پاراستنی یەکپارچەیی وڵات

بنەڕەتیەکانی وەك یەکسانی هاونیشتمانی، خوێندن بە زمانی دایك، یەکسانی هەلی کار...تاد، بەڵام ئێمە وا دەزانین کەوا کوردەکان داوای جیابوونەوە و ئاڵای جیاواز دەکەن (هەرچەندە داواکردنی ئاڵاش شتێکی ئاساییە، چونکە بۆ نموونە یانەی فەنار باخچەش خاوەنی ئاڵای تایبەتی خۆیەتی، بەڵام پابەندە بە ئاڵای تورکیا) بۆیە وەك گرووپێکی دابەشکەری وڵات لەقەڵەمیان دەدەین و چارەسەری ناگونجاو دەدۆزینەوە.

بۆ نموونە ژمارەیەکی زۆر کەم لە ئێمە دەزانن کەوا ١٨٠٠٠٠٠ کورد لە ئیستانبوڵ دەژین و ژمارەی گشتی کوردەکانی تورکیا دەگاتە ١٤ ملیۆن و ١٧٥٠٠٠٠ کوردی پێوەندی خزمایەتی پلە یەکی وەك برا و برازایەتی و خێزانداری لەگەڵ هاووڵاتی تورکدا هەیە. کاتێ کە سەیری ئەم ژمارانە دەکەین ئەوا بۆمان دەردەکەوێ کەوا مەحاڵە بتوانین کوردەکان لە تورکیا جیا بکەینەوە، چونکە ئەمانە تەنیا لە ڕۆژهەڵات ناژین، بەڵکو لە سەرتاسەری تورکیان.شایەنی باسە جەخت لەسەر ئەوەش کرایەوە سەرڕای هەموو ئەو جیاوازی و کێشانەی تا ئێستا لە ئارادان خاڵێکی هاوبەش هەیە بەبێ جیاوازی کورد و تورك کۆدەکاتەوە و هانیان دەدات بۆ بەیەکەوە ژیان و ئاشتی ئەویش بریتیە لە لایەنی ئایین. پیرۆزی ئایینی ئیسلام سەرڕای گشت کێشە و جیاوازییەکان توانیویەتی لەگشت سەردەم و کاتێکدا کورد و تورك لە یەك مزگەوت لە پاڵ یەکدا کۆ بکاتەوە و کڕنوش بردن بۆ پەروەردگاری تاك و تەنیا ببێتە خاڵێکی هاوبەشی هەردوولا لە ژێرگشت بارودۆخێکدا. چونکە تا ئێستا بەهۆی شەڕی ناوخۆ و بەهۆی جیاوازی ئیتنیکی و نەتەوەیی، کورد و تورك لە زۆرلایەنەوە لێك جیا بوونەتەوە، بەڵام سەرڕای هەموو شتێك هێشتا لە یەك مزگەوت بەیەکەوە دادەنیشن.

زۆر جار ئەم خاڵە ئایینیە بۆتە هۆی لێکنزیك بوونەوە و دروست بوونی دیالۆگ لەنێوان ئەم دوو نەتەوە برایە. لەکۆتاییدا گشت لایەنە بەشداربووەکان لەسەر ئەوە هاوبیر بوون کەوا پێویستە کەلتوورێکی پێکەوەژیان و ئاشتی لەنێوان نەتەوەی کورد و تورك و نەتەوەکانی تر دروست بکرێن. هەروەها بوونی دەستوورێکی سڤیل بۆ چارەسەرکردنی کێشەی یەکسانی هاونیشتمانی و کێشەی زمان. هاوکات پێویستی بەشداریی پێکردنی گشت چین و گرووپە ئیتنیکیە جیاوازەکان لە حکومەت و دەستەی بەڕێوەبردندا. پێویستی بیرکردنەوە بە ناسینی یەکتر لەبری دڕدۆنگ بوون لە یەکتر، بڵاوکردنەوەی کەلتووری دڵسۆزی وخەمخۆری لە ناو گشت چین و نەتەوە و گرووپەکانی تری تورکیا بەگشتی، گوێگرتن لە یەکتر و قبوڵ کردنی بیرو بۆچوونی جیاوازی یەکتر، دۆزینەوەی زمانێکی شیرین بۆ تاوتوێکردن و گفتوگۆکردن لەسەر کێشەکانمان، هەروەها خستنە بەرچاوی لایەنە باشەکانی یەکتر و سەیرکردنی دەوروبەر بە نیەتێکی باشەوە. بۆچارەسەرکردنی کێشەکانمان پشت بە خۆمان ببەستین و چاوەڕوانی هیچ دەوڵەتێکی زلهێز نەبین بۆ چارەسەریان. هەر لە ناو هۆڵی کۆنفراسەکانەوە وەك گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی بەڕێز (هاکان تاهماز) سەرۆکی ئەنجومەنی ئاشتی تورکیا کرد،سەرەتا سەبارەت بە ئامانجی ڕێکخستنی ئەم کۆنفرانسە لە لایەن بەڕێزیانەوە وتی ((ئێمە وەك ئەنجومەنی ئاشتی تورکیا چەند مانگێك لەمەوبەر دەستمان کردووە بەخۆ ئامادەکردن بۆ ئەم کۆنفرانسە تا سەبارەت بە داهاتووی تورکیا و سەقامگیر کردنی ئاشتی و برایەتی لە تورکیا گفتوگۆبکەین، هەر بۆ ئەم مەبەستەش بە باشمان زانیوە کەوا لەگەڵ دامەزراوەکانی ئەم ناوچەیە لە ئاڵوێرکردنی بیرو ڕای جیاواز لە گشت ڕەنگ و گرووپ و ناوچەیەك و بۆ دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و ڕێگە چارەی هاوبەش، بەیەکەوە کار بکەین، بەتایبەتی لەو ماوەیەی دوایی کە تورکیا بە شەڕێکی ناوخۆ و خوێن ڕشتن تێپەڕی وئێستا بەهۆی ئاگربەست کەمێك برینەکانمان سارێژ بۆتەوە، چونکە ئەم شەڕ و کوشتارە کاریگەری لەسەر گشت خێزان و هاووڵاتیانی تورکیا هەبوو. هەروەها نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکان و چۆنیەتی دروستکردنی دەستوورێکی نوێی گشتگر کە بتوانێ چارەسەری بۆ کێشەکانمان بدۆزێتەوە ئامانجێکی تری ئەم کۆنفرانسە بووە. لایەنێکی تریش ئەوەیە کەوا ئێمە بەم بیرو ڕایانەمان ببینە کارگەرێك بۆ هەنگاونانی ئەکتەرە سیاسییەکان ڕووەو چارەسەرکردنی کێشەکانمان. بەتایبەتی بەم دواییانە کەگۆڕانکاری هەستیاری گشتی بەرامبەر بە کێشەی کورد لە سەرتاسەری تورکیا ڕوویداوەو پاڵنەرێکی بەهێز بووە بۆ ئێمە تاهەنگاو نانمان

لەم بارەیەوە گورج بکەینەوە)).

دواتر سەبارەت بە ئەگەری دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش لەنێوان گشت دامەزراوەکان یان لەنێوکۆمەڵگەی تورکی بەگشت گرووپ و چینەکانیەوە بەڕێز هاکان تاهماز پێی ڕاگەیاندین ((لە دوای وتەکانی سەرۆك دامەزراوەکان گەیشتینە کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش هەروەك لە کۆتایی کۆنفرانسەکەدا ئاماژەمان پێکرد. ئەمە لە ڕاستیدا باشترین ڕێگەیە کە تیایدا گوێ لە کێشە و بۆچوونی یەکتر دەگرین و هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگە چارەی هاوبەش بۆ کێشەکانمان دەدەین بە یەکەوە ئەمە هەنگاوی یەکەمی بەیەکەوە ژیانە.)) سەبارەت بەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە چ شێوەیەك دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان کورد و تورك لە تورکیادا وتی ((بەشێوەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرا و بەکورتی، حکومەتی هەرێم پێویستە زۆر بایەخ بەAKP نەدات، من دژی ئەوەنیم کەوا پێوەندییەکانی بەرەو باشتر ببات و چڕتری بکاتەوە لەگەڵ حکومەتی AKP. بەڵام حکومەتی AKP بەرادەیەکی زۆر پشتی بە حکومەتی هەرێمەوە بەستووە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە،کەچی ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی هیچ هەنگاوێك هەڵنەگرێ. من سەردانی ئەو ناوچەیەم کردووە لەمەوبەر،دەشزانم کەوا کێشەی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەڵام شێوازی لێکدانەوەی کێشەی کورد لێرە و لەوێ زۆر لێك جیاوازە.))

سەبارەت بە کێشەی زمانی دایك بەڕێز (جیهان ئەرتەك) سکرتێری گشتی ئەنجومەنی ئاشتی تورکیا بەم شێوەیە هاتە ئاخافتن بۆ گوڵان ((زمانی دایك جگە لە باری سیاسی تاکەکەس بە تەواوترین و جوانترین شێوە دەتوانێ هەستی خۆی بە هۆیەوە دەرببڕێ و پێداویستیەکانی پێ پڕ بکاتەوە ئەگەر بێت و لەم ڕوانگەیەوە سەیری ئەم مەسەلەیە بکەین ئەوا دەتوانین بگەینە تەواوترین و پوختەترین ئەنجام.

لەم بوارەشەوە ئەرکێکی قورس دەکەوێتە سەر شانی لێپرساوانی پارتە سیاسی و گرووپ و دامەزراوەکان کە تایبەت لەم کێشەیەدا کار دەکەن. زمانی دایك دەوڵەمەندییەکە بۆ تورکیا وەك دەوڵەتێك کە هەوڵی بە دیموکراتبوون دەدات و تیایدا گشت تاکەکان یەکسانن، چونکە هەر تاکێك خاوەنی زمانی دایکی خۆیەتی و ئەمە بەشێوەیەکی سروشتیە و هەڵبژاردەی مرۆڤ نییە، ئەم زمانەی دایك بریتییە لەو زمانەی کە لە نێوان تاکەکانی یەك گەڵ بەکاردێت پێویستە ئەوەش بزانین کەوا لە وڵاتێکی وەك تورکیا



هاکان تەهماز بۆ گوڵان:

## نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکان و چۆنیەتی دروستکردنی دەستوورێکی نوێی گشتگر کە بتوانێ چارەسەرێک بۆ کێشەکانمان بدۆزێتەوە ئامانجێکی تری ئەم کۆنفرانسە بووە

ڕێگە پێدانی بەکارهێنان و خوێندنی زمانی وەك کوردی، عەرەبی، چەرکەزی...تاد نابێتە هۆی بەش بەش کردنی وڵات، بەڵکو دەبێتە هۆی پاراستنی یەکپارچەیی وڵات. کێشەی کورد خۆی لە خۆیدا کێشەی ناسنامەیە و ناسنامەش بە پلەی یەکەم کێشەی زمانە بۆیە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە پێویستە گرنگی بە زمان بدرێت و ڕێگە بە خوێندن و فێربوونی بدرێت بۆ ئەمەش دەتوانین ئەم هەنگاوانە پەیڕەو بکەین :

١. سەرەتا لەو ناوچانەی کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی کوردن پێویستە لە قۆناغی بەراییەوە وانەی کوردی بەسەریان بسەپێنرێت و لە ناوچەکانی تر وانەی کوردی ببێتە وانەیەکی هەڵبژاردە،دواتر بۆ قۆناغەکانی ناوەندی و دواناوەندی لەپاڵ وانەی تورکی پێویستە وانەی کوردیش هەبێ و هەندێ قوتابخانە تەنیا بۆ وانە وتنەوە بە زمانی کوردی بکرێتەوە.

٢. لە ناوچەی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات زانکۆیەك یان چەند زانکۆیەك بکرێتەوە کەوا تیایدا بە کوردی وانە بووترێنەوە..

٣. لە ناوچەی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات فەرمانبەرانی حکومەت پێویستە دوو زمان بزانن و بەم دوو زمانە بئاخڤن و بەڵگە و کاغەزە فەرمیەکانیش پێویستە بە هەردوو زمان بنووسرێنەوە..

٤. ڕێگەدان بە قسەکردن بە زمانی کوردی لە دادگاکان..

٥. لەبواری میدیا وفێرکردن، مۆسیقا و کتێب و...تاد زمانی کوردی بەکاربهێنرێت..

٦. لە ناوچەی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات تابلۆی سەر شەقامەکان و ناوی کۆڵانەکان بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی بنووسرێنەوە و ناوی دێرینی گوندەکان دووبارە بگەڕێندرێتەوە و گشت ئەم چاکسازییانەش دەستوور بیگرێتەخۆ)) لەدواتردا هەردوو بەڕێزان(جیهان ئەرتەك و هاکان تەهماز) سوپاسی گۆڤاری گوڵانیان کرد بۆ ئامادە بوونی لە کۆنفرانسەکەدا و هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواستین..




# خۆپیشاندانەکانی عێراق و وەڵامدانەوەی


خۆپیشـــاندانی هاووڵاتیان بەشی زۆری شـــارەکانی عێراقی گرتۆتەوە و هاووڵاتیان بۆ چارەســـەرکردنی گەندەڵی و بنبڕکردنی کەموکورتییەکان ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و داوای ئەوە دەکەن ســـنوورێك بۆ گەندەڵی دابنرێت، خۆپیشـــاندان ئەمـــڕۆ لە عێراق بەهەرێمـــی کوردستانیشـــەوە وەك مافێکی شەرعی هاووڵاتیان سەیر دەکرێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، لایەنە سیاسییە عێراقیەکان بەشێوەیەکی نیشتمانی سەیری ئەم ڕووداوانە دەکەن و هێشتا گوێمان لە لێدوانی لایەنێکی سیاســـیی عێراقی نەبووە کە بەفەرمی دان بـــەوەدا بنێـــت حکومەتەکـــەی د.مالیکی جیاوازی لەگـــەڵ حکومەتەکەی موبارەك و بن عەلیدا نییە، تەنانەت لایەنی لیســـتی




# حکومەت بۆ داواکانیان

ئەلعراقیــە کە هەمــوو کات وەك نەیارێکی حکومەتەکــەی د.مالیکی دەرکەتوون و لەم بارودۆخەشدا سەرۆکی لیســتی ئەلعراقیە وەك کاندیدی ئەنجوومەنی سیاسەتە باڵاکان دەستی لەکار کێشاوەتەوە، دیسان بە چاوێکی کراوە سەیری بارودۆخەکە دەکەن و عێراق بە میســر و تونس بەراورد ناکەن، سەبارەت بەم لایەنە گرنگــە وەك رای لایەنێکی رکەبەر بەرامبــەر حکومەتی مالیکی حەیدەر مولا وتەبێژی فەرمی لیستی ئەلعراقیە سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی عێراق و بەراورد کردنی لەگەڵ هەردوو حاڵەتی تونس و میســر لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (بارودۆخەکان لە عێراق جیاوازن. ئەو رژێمانــەی کە لە ناوچەکەدا رووخان، «تونس» بێت یان «میســر» یان «لیبیا» یان «بەحرێــن» یان «یەمەن»، ئەم رژێمانە کۆنەپەرســتن و شکســتیان لە خۆگونجاندن لەگەڵ پێشکەوتنەکانی جیهان بەدەســتهێنا. لەڕاســتیدا بارودۆخی عێراق جیاوازە، قەوارە سیاســییەکانیش لەڕێگەی سەندوقەکانی دەنگدان گەیشتنە دەسەڵات، هەربۆیە پێویستە لەسەر هەموو لێپرساوەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەئاگابن لە بایەخی ئــەم ئەزموونە دیموکراســییە و رێگەنەدەن بە شکســتهێنانی، لەبەرئەوەی ئەگەر هات و دووچــاری شکســتهێنان بــوو ئەوکات هەموومان دووچاری شکست دەبین. ئەوجا بالێرەوە بگەڕێینەوە بۆ خۆپیشــاندانەکانی عێراق و با ســەرەتا بڕۆینە سەر داواکاری خۆپیشــاندەرەکان. خۆپیشــاندەرەکان داوای گۆڕینی سیســتەم و حکومەتیان نەکردووە، بەڵکــو داوای چاکســازی و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانیــان کــردووە. ئەمەیــە داواکاری و خواســتی هاووڵاتیــان هەر لە «ســلێمانی»ـەوە تا دەگاتە «بەســرە»، هەموویان داوای چاکســازی دەکەن. بەڵام وەڵامدانەوەی هەر یەك لە حکومەتی لۆکاڵ و بەتایبەتی حکومەتــی ناوەندی بەرامبەر داواکارییەکانــی خۆپیشــاندەرەکان بەپێی ئاستی بەرپرسیارییەت و ئاستی تەحەدداکە نەبــوو، بەڵکو بینیمان بەڕێز «مالیکی» و حکومەتەکــەی خۆیان لــەم ئەرکە دزییەوە و خســتیانە ئەســتۆی ئەنجوومەنەکانــی پارێــزگاکان و حکومەتــە لۆکاڵــەکان و ئەو راســتییەی لەبیر خــۆی بردۆتەوە کە مەســەلەکانی ئاسایش و کارەبا و پسوولەی خۆراك، کــە کرۆکی دەرچوونی هاووڵاتیان بوو بــۆ ئەنجامدانــی خۆپیشــاندانەکان، بەشێوەیەکی قەتیسکراو دەکەوێتە چوارچێوەی ئەرکەکانی حکومەتــی ئیتیحادی. بەپێی دەستوور، کێشانی سیاسەتی گشتیی دەوڵەت بەشێوەیەکی حەسری دەکەوێتە چوارچێوەی بەرپرســیارەتیی حکومەتــی ئیتیحادی. هەربۆیــە، دەبینیــن کار و ئیجرائاتەکانی حکومەت بەپێی ئاستی تەحەدداکە و بەپێی قەبارەی ئەو داواکارییانە نییە کە هاووڵاتیان لە شەقامەکانی بەغدا و پارێزگاکانی تری عێراق بەرزیانکردۆتەوە.

حەمید مەعلا بۆ گوڵان:



## خۆپیشاندانەکانی عێراق پەیوەستە بە کەموکورتی لە خزمەتگوزارییەکان و هەوڵی جدیش هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەموکورتییانە

• • •

هەربۆیــە، ئێمە ئاگاداریــان دەکەینەوە، ئەگەر بێت و بەشــێوەیەکی جدی مامەڵە لەگەڵ داواکارییەکاندا نەکرێت، ئەگەرێکی بەهێز هەیە دروشــمەکانی ســەر شــەقام بگۆڕدرێت و لە داواکاری بۆ چاکســازی ببێتە داواکاری بــۆ رووخاندنی حکومەت، ئێمــە داواکاریــن لە بەرێــز «مالیکی» بەشــێوەیەکی پۆزەتیڤانــە مامەڵە لەگەڵ خۆپیشــاندانەکان بکات، لەگــەڵ نواندنی رێز بۆ دەستوور لەبارەی مافەکانی مرۆڤ ســەبارەت بە خۆپیشــاندەرەکان و دیمەنی تەعەســوفی و کپکاری دووبارەنەبێتەوە کە رژێمی پێشــوومان لەمیانــی کپکردنی بۆ راپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١)) بەبیردێنێتەوە.

ئەوەی حەیدەر مولا ئامــاژەی پێدەکات وەڵامدانــەوەی حکومەتەکــەی مالیکی لــە ئاســتی داوای خۆپیشــاندەران بووە، بۆیە پرســیاری ئەوەمان لێکرد، ئایا نابێتە مەترســی بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ خاڵی ســفر؟ لەوەڵامی ئــەم پرسیارەشــدا مولا وتی: ((پێویستە چاکسازی ئەنجامبدرێت، لەبەرئــەوەی بەپێچەوانــەوە گەلی عێراق بەزیی بە لێپرساوە گەندەڵیەکانی ناکات کە دەســتیان هەبووە لەو پشێوییەی کە ئەمڕۆ هەیە تەنانەت گەر لە «بەغدا» بێت یان هەر پارێزگایەکی تر لە عێراق، بەڵام ســەبارەت بەگەڕانەوەمــان بــۆ خاڵی ســفر، پێموایە تەحەددای راستەقینە بریتییە لە چۆنییەتی گواســتنەوە لە رژێمێکــی دیکتاتۆری بۆ رژێمێکی دیموکراسی. لەکاتێکدا گواستنەوە لە رژێمێکی دیموکراســی بــۆ رژێمێکی دیکتاتۆری ئەوە مەسەلەیەکی زۆر ئاسانە. گرنگترین شت ئەوەیە کە بزانێت و تێبگات لــە کەلتــووری دیموکراســی و بیکات بە رێچکە و مەنهەجێك بۆ کارەکانی)).

### داواکاری خەڵك بۆ چاکسازییە

نەك بۆ رووخاندنی سیستەمە دیموکراتیەکە تێکەڵاو نەکردنی داوای خۆپیشــاندەران بــە رق و قینــەی سیاســیی یەکێکە لەو دیاردانەی کە لەکاتــی وەرگرتنی لێدوانی لایەنە جیاوازەکانی عێراقدا هەستمان پێکرد، ئەوەشــی لەهەمووی گرنگتر ئەو لێدوانانە جەختیــان لەســەر کــردەوە بەراوردکردنی بارودۆخی عێــراق بووە بە وڵاتانی عەرەبی و پێکچوواندنــی داوای خۆپیشــاندەرانی عێراقی بە داوای خۆپیشــاندەرانی وڵاتانی عەرەبی، لــەم چوارچێوەیــەدا پەرلەمانتار ئەمیر کنانی ســەرۆکی کوتلــەی ئەحرار لە لێدوانێکی تایبــەت بۆ گوڵان بەمجۆرە ســەبارەت بە بارودۆخی عێراق رای خۆی دەربــڕی و وتی: (ســەبارەت بە دەوڵەتانی عەرەبی، بەهیچ شــێوەیەك ناکرێت بەراورد لەگەڵ دەوڵەتی عێراقی بکرێت، لەبەرئەوەی دەوڵەتانــی عەرەبــی خاوەن سیســتەمی شــمولی و دیکتاتۆریــن و دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی کۆن، لەکاتێکدا سیستەمی عێراق سیستەمێکی دیموکراســییە و پەرلەمان و حکومەت بەرهەمی سەندوقەکانی دەنگدانە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەزموونی دیموکراسی لە عێراق ساوایە، هەربۆیە پێویستە فشار لەسەر پەرلەمان و حکومەت هەبێت بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیان کە لــە بەرنامەکانیان لەمیانی هەڵمەتەکانــی هەڵبژاردنەکانــدا دایانبوو. منیــش پێموایە کــە ئەمە نیشــانەیەکی جوانــە لەلایەن هاووڵاتیانەوە کە داواکارن لە حکومەت بــۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی و ئیقالەکردنــی هەندێــك لــە بەرپرســە شکســت خــواردووەکان. دەبینین ئەنجامی خۆپیشاندانەکان چەند بەرهەمێکی لێکەوتەوە، وەکو ئیقالەکردنی پارێزگاری «بەســرە» و دەستلەکارکێشــانەوەی «ئەمینــداری بەغدا» و دەستلەکارکێشانەوەی پارێزگاری «کــوت». ئەمانە هەموویان نیشــانەی باشــن و ئەمەیە سیســتەمی دیموکراسی، بەشــێوەیەك کە پێویستە هاووڵاتی زیندوو و چالاك بوونی هەبێت، نەك کە بوونی نەبێت و دەنگی نەبیســتراو بێــت. کەواتە هەموو ئەم مەســەلانە تەنیا بۆ خســتنی فشــارە لەپێناو ئەنجامدانــی هەندێك گۆڕانکاری لە دامــەزراوەکان بەتایبەتــی لەبارەی ئەو کەسایەتییانەی کە شکستیان بەدەستهێناوە، هەروەهــا بۆئەوەی حکومــەت بەرنامەیەك داڕێژێت بــە مەبەســتی فەراهەمکردنی مافی هاووڵاتییانی عێراقی و دابینکردنی گوزەرانییەکــی بــاش بە ســەربەرزی و دابینکردنــی خزمەتگوزارییەکان ...و تاد. هەربۆیە سەماحەتی ســەید موقتەدا سەدر ٦ مانگ مۆڵەتی بە حکومەت بەخشــی، پاشــان پێمواپە هەندێك مەســەلە هەیە کە مایەی تاوتۆکردنە لەنێوان قەوارە سیاسییەکان بەتایبەتی لەبــارەی لێپێچینەوەکردن لەگەڵ

حەیدەر مولا بۆ گوڵان:



## قەوارە سیاسییەکانی عێراق لەرێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە گەیشتوونە دەسەڵات، پێویستە هەموو لێپرسراوەکان بەئاگابن لە بایەخی ئەم ئەزموونە دیموکراسییە و رێگەنەدەن بە شکستهێنانی

• • •

بەرپرسە کەمتەرخەمەکان)).

کەنانی ســەبارەت بەداوای خۆپیشاندەران و چۆنییەتــی مامەڵەکــردن لەگــەڵ ئەو دوایانە لە درێــژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (پێش هەموو شــت دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، سیستەمەکە سیستەمێکی باشە و هەمــوو لایەنێك لێی رازیە. مەســەلەکە تەنیا بۆ چاکسازی دەگرێتەوە و هاووڵاتیان مەبەستیان خستنی فشارە لەسەر حکومەت لەپێنــاو دابینکردنــی خزمەتگوزارییەکان. هەربۆیە، ناتوانین ناو لەمە بنێین چاکسازی لەبەرئەوەی چاکســازی واتای چاکسازیی سیاسی دەگەیەنێت لە هەرەمی سیستەمی سیاســی، بەڵکــو ئەمە تەنیــا داواکاریی

هاووڵاتیانە و فشارێکە لەسەر حکومەت و ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنە لۆکاڵەکان بە مەبەستی گێڕانی ڕۆڵەکانیان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی زیاتر لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەرك و بەرپرسیارەتییەکانیان بەپێی یاسا و دەسەڵاتەکانیان، سەبارەت بە هاووڵاتیانیش، هەر وەکو پێشتریش ئاماژەم پێدا، هاووڵاتی لە سیستەمی سیاسی ڕازیە، ئەویش بەو ئیعتیبارەی کە سیستەمەکە دیموکراسیە. قەوارە سیاسییەکانی ئەمڕۆی پەرلەمان و حکومەت ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە دیموکراسییەیە کە ئەنجامدرا قبوڵیانە. بەڵام کەسانێك هەنە کە لەم پڕۆسە دیموکراسییە ڕازی نین، بەتایبەتی سەرانی پێشووی ڕژێمی بەعس و هەندێك لایەنی تر کە باوەڕیان بە پڕۆسەی سیاسیی عێراق نییە وەکو تۆڕی «ئەلقاعیدە» و گرووپە تەکفیرییەکان، بەڵام بەڕای من ئەم لایەنانە جێگەیان نییە و لە شەقامی عێراقی کەس نوێنەرایەتییان ناکات، بەڵکو زیاتر بریتین لە چەند گروپێکی بچووك و پێکهاتەکانی گەلی عێراقی بەهیچ شێوەیەك پشتگیری لەو لایەنانە ناکات، لەبەرئەوەی گەلی عێراق زۆری چێشت و خەباتێکی زۆری کرد تاکو گەیشتینە ئەمڕۆ)).

### نامانەوێت بۆ دیکتاتۆریەت بگەڕێینەوە

حەمید مەعلا پەرلەمانتاری مەجلیسی ئەعلا لە پەرلەمانتاری عێراق، لەگەڵ ئەوەی لیستەکەی لەگەڵ لیستی دەوڵەتی یاسا یەکی گرتووەو هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقیان پێکهێناوە، بەڵام باڵی مەجلیسی ئەعلا دژی دووبارە کاندیدکردنەوەی د.مالیکیی بوو، لەم لێدوانە تایبەتەی بۆ گوڵان و لەوەڵامی پرسیارێکدا ئایا ئەم خۆپیشاندانانە مەترسی ئەوەی لێناکرێت حکومەتەکەی مالیکی بڕووخێت و بگەڕێنەوە بۆ دیکتاتۆری؟ لەوەڵامدا مەعلا بەمجۆرە رای خۆی خستەڕوو وتی: (بێگومان جیاوازی زۆر لەنێوان بارودۆخی عێراق و ئەو وڵاتە عەرەبیانە هەیەو جیاوازییەکان زۆرن، سیستەمی عێراق سیستەمێکی دیموکراسیە و لەچوارچێوەیەکی دیموکراسییانەدا کاردەکات لەبارەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات بەشێوەیەکی ئاشتییانە. لەکاتێکدا خۆپیشاندان و شۆڕشەکان کە لە وڵاتانی عەرەبی ڕوودەدات لەدژی سیستەمی سیاسیی وڵاتەکاندا سەریان هەڵداوە. خۆپیشاندانەکانی عێراق پەیوەستە بە کێشە و وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانە و گرفتی کۆمەڵایەتی لە عێراقدا. خۆپیشاندانەکانی عێراق پەیوەستە بە کەموکورتی لە خزمەتگوزارییەکان و ئەمڕۆ هەوڵی جددی هەیە بۆ هەمووارکردنی سیستەمی سیاسی لە عێراق. هەربۆیە پێویستە جیاجیای بکەینەوە لەنێوان عێراق و وڵاتانی تر لەڕووی خۆپیشاندانەکانی وڵاتانی عەرەبی و خۆپیشاندانەکانی عێراق کە پەیوەستە بە داواکاری و چاکسازی. لەهەمان کاتیشدا جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان شێوازی وەڵامدانەوەی حکومەتی عێراقی، لە پارێزگارەکان و وەزارەتەکان، بۆ داواکارییەکانی خۆپیشاندەران، لەگەڵ شێوازی وەڵامدانەوەی هەندێك لە ڕژێمە عەرەبەکان. بۆیە ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا سەیری بارودۆخەکە بکەین، پێموایە هیچ مرۆڤێکی ئاقڵ لە عێراق خوازیارنییە عێراق بگەڕێتەوە بۆ دیکتاتۆرییەت. مرۆڤ بە سروشتی خۆی خوازیارە زیاتر هەنگاوبنێت بەرەو ئاراستەکانی ئازادی و نەهێشتنی

**ئەمیر کنانی بۆ گوڵان:**



## لەماوەی ٦ مانگدا هەوڵدەرێت کەموکورتییەکان چارەسەر بکرێت و هەماهەنگیش لەنێوان لایەنە سیاسییەکان هەیە بۆ ئەوەی کەمتەرخەمەکان سزا بدرێن

• • •


زوڵم و ستەمداری و دەسەڵات سەپاندن. داواکارییەکان بریتین لە ئەنجامدانی چاکسازی لە سیستەمی دیموکراسی نەك گۆڕینی سیستەمێکی دیموکراسی. بەواتای داوای چاکسازی دەکەن لە سیستەمی هەڵبژاردنەکان. کێشەکان پەیوەست نییە بە سیستەمی دیموکراسی و سیستەمی دیموکراسی هۆکاری سەرهەڵدانی کێشە و گرفتەکان نییە، بەڵکو هەڵە لە سیستەمی هەڵبژاردنەکاندا هەیە و کە لەچوارچێوەی سیستەمی دیموکراسیدا کاردەکات. خۆپیشاندەرەکان داوای چاکسازییان کردووە لەم جۆرە بابەتانە، هەروەها داوایانکردووە لە دەستووری عێراقیشدا چاکسازی ئەنجامبدرێت، هەموو لایەنەکانیش ئاماژە بەوە دەدەن کە خاڵی هەڵە لە دەستووری عێراقیدا هەیە. ئێمەیش لە کاتی پێکهێنانی حکومەت ئەم خاڵانەمان وروژاند، هەڵەکان پەیوەستن بە چۆنییەتی دەستنیشانکردنی قەوارەی زۆرینە، چۆنییەتی دەستنیشانکردنی جێگرەکانی سەرۆك کۆمار و دەسەڵاتەکانی، کێشە هەیە لەبارەی ماوەی دەستووری بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی سەرۆك وەزیران، دەستوور ئاماژەی نەداوە بە سەقفی زەمەنی لەبارەی مانەوەی سەرۆك وەزیران لە پۆستەکەی، تاکو ئێستاش نازانین سەرۆك وەزیران بۆ چەند خول بۆی هەیە هەڵبژێردرێتەوە، بۆ یەك خول یان دوو؟ لەکاتێکدا دەستوور سەقفەکەی بۆ سەرۆك کۆمار دیاریکردووە. ئەمەیە داواکارییەکانی خۆپیشاندەرەکان کە ئامانجەکەیان ئەنجامدانی چاکسازیی سیاسییە لەچوارچێوەی سیستەمی دیموکراسی)).

لەبەشێکی دیکەی لێدوانەکەیی و سەبارەت بەوەی ئایا ئەم خۆپیشاندانانە ئاکامی ئیجابی هەبووە، حەمید مەعلا پێی ڕاگەیاندین: ((بێگومان خۆپیشاندانەکان لەماوەیەکی پێوانەییدا بەرهەمەکانی دەرکەوت، ئەمەش لەڕێگەی وەڵامدانەوەی بەردەوامی حکومەتی عێراقی لەگەڵ ئەو چاکسازییانەی کە لە ئاییندەیەکی نزیکدا وەدی دەهێنرێت، هەڵبەتە ئەمەش سیمایەکی شارستانییە و هاوشانە لەگەڵ ئەزموونی دیموکراسی لە عێراق. هیوادارم خۆپیشاندەرەکان ڕەچاوی وەڵامدانەوەی ئاشتییانەی حکومەت لەبەرچاوبگرن و ببێت بە کەلتوورێکی هاوشێوە، لەگەڵ ئەو کەلتوورەی کە گەورەبەرپرسەکان ڕۆژانە پیادەی دەکەن، هەر لە چاکسازییەکانیان لەڕووی ڕاستکردنەوەی بودجەی ساڵانە تاکو دەگاتە دەستلەکارکێشانەوەی پارێزگارەکان و هەندێك لە بەرپرسەکانی حکومەتی عێراقی. ئەمەش دیاردەیەکی پۆزەتیڤانەیە و هاوشانە لەگەڵ واقیعی دیموکراسی لە عێراق، لەکاتێکدا دەبینین لە هەندێك لە وڵاتە عەرەبەکان خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکان هەرس ناکرێت)).

# سەید سادق.. زۆربەی شەقام و



# کـۆڵانەکانی قـیـرتاو نەکراوە





جەمال ئەحمەد محەمەد سەرۆکی شارەوانی قەزای سەید سادق بۆ (گوڵان):

# ئاگر گرتنی زبڵ و خاشاک دانیشتوانی سەید سادقی بێزار گردووە

**مێژووی دروست بوونی سەید سادق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٤٧)، بەڵام لە (١٩٨٨/٣/٢٣)لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە سەرتاپای قەزاکە ڕووخێنرا، خەڵکەکەش بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێیەکان ڕاگوازرانەوە، دوای ڕاپەڕین سەیدسادق سەرلەنوێ ئاوەدانکرایەوە.**

**قەزای سەید سادق ناحیەی (بەرزنجە و ٦٤گوند) لەخۆدەگرێت، ناوچەیەکی بەرفراوان و دەشتێکی بەپیت و بەرەکەتی کشتوکاڵی هەیە، ژمارەی دانیشتووانی سنوورەکەی (٧٥) هەزار کەس دەبێت و سەنتەری قەزاکە (١٦) هەزار ماڵی تێدا دەژی، بەڵام لێرەو لەوێ هاووڵاتیانی سەنتەری قەزا و سنوورەکە، گلەیی و گازاندەیەکی زۆریان لەبارەی نەبوونی کاروپڕۆژەکانی خزمەتگوزاری هەیە.**

**ئێمە وەکو تیمی گۆڤاری گوڵان لە سەردانێکی قەزای سەیدسادقدا ژمارەیەك هاووڵاتیمان دواند و ئەوانیش زۆر ڕاشکاوانە پەنجەیان خستەسەر یەکە یەکە لە کێشە و گرفتە خزمەتگوزاریەکانی قەزاکە، بەتایبەتی لەبارەی خراپی شەقام و کۆڵانەکانی ناو سەنتەری قەزاو گەڕەکەکان و خراپی شێوەی کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاك و لەناوبردنی، چونکە لە ئەنجامی سووتاندنی زبڵ و خاشاکەکە بۆن و دوکەڵێکی زۆر بەسەر شارەکەدا بڵاودەبێتەوە. هەروەها باسیان لە خراپی ڕێگاوبانی گوندەکانی سنووری سەید سادق کرد. بۆ خستنەڕووی گلەیی و گازاندەی هاووڵاتیان و چەند پرسیارێکی تر سەردانی بەڕێز (جەمال ئەحمەد محەمەد) سەرۆکی شارەوانی قەزای سەید سادقمان کردوو بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

**زۆرترین زێدەڕۆیی لە کوردستان لە سەنتەری قەزای سەید سادقە**

سەید سادق ناوەندێکی گرنگی شارەزوورە و سەر سنوورە، بۆیە پێش خاپوورکردنیش لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە زۆر کەم کار و پڕۆژەی خزمەتگوزاری بۆ کراوە، لەدوای ڕووخاندن و ڕاگواستنەوەی دانیشتوانەکەی بە یەکجارەکی ژێرخانەکەی ڕووخا، سەبارەت بەوەی قەزای سەید سادق و سنوورەکەی چۆن ئاوەدانکراوە، ئایا ئەو کار و پڕۆژانەی کە بۆی ئەنجام دراوە بەپێی پێویستە؟بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە سەرۆکی شارەوانی قەزای سەیدسادق وتی: بێگومان قەزای سەیدسادق لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بە تەواوی کاولکرابوو، نەتەنیا پڕۆژە خزمەتگوزاریەکانی نەمابوو، بەڵکو هەندێك لە خۆڵی شارەکەشیان گواستبۆوە، تاوەکو شوێنەواری شارەکە بزر بکەن، بەڵام لەساڵی (١٩٩٢) لەلایەن دانیشتووان و خەڵکی شارەکە لەسەر حیساب و ئەرکی خۆیان ئاوەدانیان کردەوە، گەرچی شێوە و ئەندازەی خانوو و گەڕەکەکان نارێك و بێ ئەندازەیە، لەبەر ئەوەی نەخشەی بنەڕەتی نەبووە، هەر بۆیە ئەگەر بتەوێت شەقام یان کۆڵانی گەڕەکێك قیرتاو و کۆنکریت یان پڕۆژەی ئاوەڕۆی بۆ بکەیت، دەبێ هەندێك خانوو یان دیواری ماڵەکان بڕوخێندرێن، چونکە زێدەڕۆیی زۆرە، زۆرترین زێدەڕۆیی لە کوردستان لە سەنتەری قەزای سەیدسادقە، ئەوەش کێشە و گرفتێکی زۆری لەکاتی ئەنجامدانی پڕۆژەکاندا دروست دەکات.

لە دوای ئازادی عێراق بەشێوەیەکی بەرفراوانتر ئاوەدانکردنەوە لە سەیدسادق دەستی پێکرد، لەلایەن حکومەتی کوردستانەوەش کار و پڕۆژەی خزمەتگوزاری ئەنجامدرا، بەڵام کار و پڕۆژەکان بەپێی پێویستی ئەو گەشەکردنە فراوان و خێرایە نەبوو کە لە سەیدسادق پەرەی دەسەند، بۆیە گرفت و کەموکوڕییەکانی خزمەتگوزاری زۆر و بەرچاوە، هەر لەبەر ئەوەشە کاتێك سەردانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان دەکەم و لەکاتێکدا ڕۆشنبیران باسی گرفت و کەموکوڕی خزمەتگوزاری کوردستان دەکەن، قەزای سەید سادق بە نموونە دەهێننەوە، سەرەڕای هەموو ئەمانە تا ئێستاکە لەناو سەنتەری قەزا مەڕ و ماڵات بەخێو دەکرێت، ناتوانرێت ڕێگە لەم کارەش بگرین، لەبەر ئەوەی بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات یەکێکە لە پیشەو کارەکانی هاووڵاتیانی ناوچەکە و سەنتەری قەزا بۆ بژێوی ژیانیان.

## گرفتی ئاوی خواردنەوەی سەنتەری قەزای سەید سادق لە (٨٠٪)ی چارەسەر کراوە

قەزای سەید سادق لەعێراق و ناوچەکە زۆرترین ڕێژەی ئاوی ژێر زەوی هەیە، گەرچی لەلایەك حکومەتی عێراقی لەم سنووروەدا گرنگی بەو لایەنە نەدابوو، لەلایەکی تر لەساڵی (١٩٨٨) لەگەڵ ڕووخانی قەزاکە سەرچاوەکانی ئاو و پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی بە تۆڕی دابەشکردنەوەی وێرانکرا، بۆیە یەکێك لەو گرفتانەی لەگەڵ ئاوەدانکردنەوەی شارەکە ڕووبەڕووی خەڵکەکە بۆوە ئاوی خواردنەوە بوو، لە هەموو لایەکیش ئاشکرایە ژیان و گوزەران بەبێ ئاو زۆر زەحمەتە، سەبارەت بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتی ئاوی خواردنەوە، سەرۆکی شارەوانی قەزای سەید سادق وتی: لەسەرەتای ئاوەدانکردنەوەی قەزای سەید سادق یەکێك لە گرفتە سەرەکی و بەرچاوەکان گرفتی کەمی ئاوی خواردنەوە بوو، لەگەڵ زیاتر ئاوەدانکردنەوەش ئەو گرفتە پتر زەق دەبۆوە، بۆیە لەلایەن حکومەت و لایەنی پەیوەندار لەماوەیەکی کەم و دیاریکراودا پڕۆژەیەکی باش و گونجاو ئەنجامدرا و توانرا گرفتی ئاوی خواردنەوەی سەنتەری قەزاکە لە (٨٠٪)ی چارەسەر بکرێت، بەڵام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ سەنتەری قەزا گەشە دەکات و فراوان دەبێت، بۆیە دەبێ بەردەوام بین لە باشتر کردنی پڕۆژەی ئاوی خواردنەوە، هەروەها بۆ زۆربەی گوندەکانی سنوورەکە ئاوی خواردنەوە دابینکراوە.

### لە گەڕەکی بەختیاری بەهۆی نەبوونی ئاوەڕۆوە نەخۆشی بڵاوبۆوە

یەکێك لە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی ژیان گرنگیدانە بەپڕۆژەی ئاوەڕۆ بۆ هەموو شوێنێك، چونکە نەبوونی یان خراپی پڕۆژەی ئاوەڕۆ وا دەکات خەڵك بێزار بێت و لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشی، سەبارەت بە پڕۆژەی ئاوەڕۆ و چارەسەرکردنی ئەو گرفتە، سەرۆکی شارەوانی قەزای سەید سادق وتی: نەبوونی ئاوەڕۆ کاریگەریەکی زۆر خراپی لەسەر دانیشتووانی قەزاکە هەبووە، تا ڕادەیەك کار گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە لە گەڕەکی بەختیاری بەهۆی نەبوونی ئاوەڕۆ نەخۆشی بڵاوبۆتەوە، بەڵام قۆناغ بە قۆناغ لەلایەن حکومەتی کوردستان و لایەنی پەیوەندارەوە لە چەندین گەڕەکی سەنتەری قەزاوە پڕۆژەی ئاوەڕۆ ئەنجامدرا و ئێستاکە

## قۆناغی دووەمی پڕۆژەی چەمی چەقان لەژێر جێبەجێکردنە و پڕۆژەکە بەگشتی بریتییە لە (دوو ئاوەڕۆی سندووقی و دوو شەقام لەملاو لەولای چەمەکە و دیواری پاڵپشت و سێ پردی فراوان و هاوچەرخ)

پڕۆژەی ئاوەڕۆی گەڕەکی بەختیاری لەژێر جێبەجێکردندایە، بە تەواوبوونی ئەو پڕۆژەیەش سەنتەری شارەکە لە(٨٠٪)ی گرفتی ئاوەڕۆی نامێنێت. هاوکات ئاوی پیسی هەموو گەڕەك و شارەکە دەچووە ناو (چەمی چەقان) بەمەش دانیشتوانی قەزا و ئەوەی سەردانی ئەو شارەی دەکرد لەبەر بۆنی ناخۆشی چەمەکە بێزار دەبوون، چونکە بۆنەکە بەسەر هەموو شاردا بڵاو دەبۆوە، هەربۆیە لەلایەن حکومەت و لایەنی پەیوەندار بڕی(١١) ملیار دینار تەرخانکرا کە پڕۆژەیەکی گەورە و ستراتیژی لە چەمی چەقان ئەنجام بدەن و ئێستاکە قۆناغی دووەمی ئەو پڕۆژەیە لەژێر جێبەجێکردنە و پڕۆژەی چەمی چەقان بەگشتی بریتییە لە (دوو ئاوەڕۆی سندووقی و دوو شەقام لەملاو لەولای چەمەکە و دیواری پاڵپشت و سێ پردی فراوان و هاوچەرخ) بە تەواوبوونی ئەو پڕۆژەیە لە گرفت و کێشەیەکی گەورە و مەترسیدار ڕزگارمان دەبێت و دانیشتووان و ڕێبوار و میوانانی شارەکەش تووشی زەحمەتی و بێزاربوون نابن.

## (سەراوی سوبحان ئاغا دوو سەرچاوەی ئاوی لێ هەڵدەقووڵێت و دارو درەختێکی زۆر و جوانی لێیە، تا ئێستا هیچ جۆرە کار و پڕۆژەیەکی گەشتیاریان تێدا ئەنجام نەدراوە

### قەزای سەید سادق ماستەرپلان و نەخشەی بنەڕەتی نییە

بێگومان قەزای سەید سادق ماستەرپلان و نەخشەی بنەڕەتی نییە، هەر بۆیە کێشەی زەوی و زاری هەیە، لەکاتی ئاوەدانکردنەوەش بێ سەروبەریەکی زۆر دەرکەوتووە و نەخشە و ئەندازەی کۆڵان و گەڕەکەکان بەپێی پێویست نییە، لەکاتی ئەنجامدانی پڕۆژەکانی خزمەتگوزاری تووشی زەحمەتی و گرفتێکی زۆر دەبین و هەر لەبەر نەبوونی ماستەرپلان لە (١٦) هەزار ماڵ (٩٣٠٠) خانوو و زێدەڕۆیە، لەلایەکی تر لەسەرەتای ئاوەدانکردنەوەی سنوورەکە تا پێش ساڵی (٢٠٠٨) بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان ئەگەر جوتیار(١٠٠) دۆنم زەویشی بەر سنووری شارەوانی بکەوتایە، تەنیا بە پارچە زەوییەکی(٢٠٠) مەتر دووجا قەرەبوو دەکرایەوە، بۆیە جووتیارەکان بەخۆیان زەوییەکانیان پارچە پارچە دەکرد و بە نرخێکی هەرزان دەیانفرۆشت، ئەمەش کاریگەری لەسەر بێ سەروبەری و زێدەڕۆکانی قەزای سەید سادق هەیە، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٨)ـەوە، جووتیاران بە (٣٪) قەرەبوو دەکرێنەوە. هەروەها لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بڕیارە لەم ماوەیەدا ماستەرپلانی سەید سادق ئەنجام بدرێت.

### دەسەڵاتی کارگێڕی و دارایی تەواومان نییە، بەڵکو دەسەڵاتەکان دیاری کراوە

دەسەڵاتی کارگێڕی و دارایی دوو پێویستی گرنگن بۆ بەرەوپێشەوە چوون و گەشەکردنی هەموو شار و شارۆچکەیەك و پتر خزمەکردنی هاووڵاتییان، لە وڵاتانی پێشکەوتوو شارەوانی دەسەڵاتێکی بەرفراوانی هەیە بۆ ئەوەی پتر کاروپڕۆژەی خزمەتگوزاری ئەنجام بدات. سەبارەت بەوەی ئایا دەسەڵاتی کارگێڕی و دارایی بەتەواوی یان تا ڕادەیەك بۆیان دابەزیووە؟ سەرۆکی شارەوانی قەزای سەید سادق وتی: لە شار و وڵاتانی دنیادا بەتایبەتی وڵاتانی ئەوروپا و پێشکەوتوو سەرۆکی شارەوانی دەسەڵاتی ڕەهای هەیە، هەر بۆ نموونە سەرۆکی شارەوانی دەتوانێ بڕیاربدات خەڵك لە شارەکە ماڵی باربکات یان بێتە شارەکە، چونکە سەرۆکی شارەوانی زانیاری ورد و تەواوی لەسەر شارەکە هەیە، بەڵام ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئەو دەسەڵاتانەمان نییە، بەڵکو دەسەڵاتەکانمان دیاریکراوە، هەر بۆ نموونە من دەتوانم تەنیا(١٠٠) هەزار دینار سەرف بکەم، ئەگەر یەك دینار زیاتر سەرف بکەم دەبێ دەرخستەی بۆ بکرێت، ئێستا دەسەڵاتی دارایی من مانگانە(٣٠) ملیۆن دینارە لەمە زیاتر سەرف بکەم دەبێ ڕەزامەندی بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکان وەربگرم، ئەمەش کاریگەری لەسەر ڕاپەڕاندنی ئیش و کار و پڕۆژەکان دەبێت، بەڵام زیاتر بوونی دەسەڵاتی کارگێڕیی و دارایی وا دەکات کار و پڕۆژەکان باشتر و خێراتر بەرێوەبچن.



### له سنووری سەید سادق گرنگی بەبواری گەشتیاری و شوێنەوار نەدراوە

سنووری قەزای سەید سادق وەکو هەموو ناوچە و شوێنەکانی تری کوردستان چەندین شوێنی گەشتیاری و شوێنەواری مێژوویی لێیە، بە ئەنجامدانی کار و پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ئەو شوێنانە دەتوانرێ لەلایەك هەلی کار و لەلایەکی تر، بنەمایەکی داهات بۆ ناوچەکە دەستبەربکرێت، سەبارەت بەوەی ئایا لە ناوچە گەشتیارەکان کار و پرۆژە ئەنجامدراوە و تا چ ئاستێك شوێنەوارەکان پارێزراون، سەرۆکی شارەوانی سەید سادق وتی: لە سنووری سەید سادق شوێنی گەشتوگوزاری زۆرە، بەڵام (کانی پانکە) و(سەراوی سوبحان ئاغا) دوو شوێنی گەشتوگوزاری زۆر جوان و گونجاون، بەتایبەتی (سەراوی سوبحان ئاغا) دوو سەرچاوەی ئاوی لێ هەڵدەقوڵێت و دار و درەختێکی زۆر و جوانی لێیە، گەرچی تا ئێستا هیچ جۆرە کار و پرۆژەیەکی گەشتیاریان تێدا ئەنجام نەدراوە، هەروەها لە سنووری قەزای سەید سادق چەندین شوێن و گردی مێژوویی هەیە وەکو گردی (حاجی عەبدوڵلا و بەگم و کەریم بەگ و هەیاس و.. تا) لە دوای ڕاپەڕین بەتایبەتی لە گرانییەکەدا خەڵك گۆزە و کەلوپەلی مێژووییان دەدۆزیوەوە و بە قاچاخ دەیانفرۆشت، یەکێك لەم کەلوپەلانە پەیکەرێکی ئاڵتوونی زۆر بەنرخ بوو، تا ئێستاش لەلایەنی پێوەندار هیچ کارێك بۆ ئەم شوێن و گردانە نەکراوە بۆ ئەوەی پارێزگاریان لێ بکرێت.

### لەسنووری قەزای سەید سادق کەمترین گرفتی پەروەردە و خوێندن هەیە

لە کاتی ئاوەدانکردنەوەی هەر شوێن و ناوچە و شارۆچکە و گوندێکدا، هەوڵدراوە گرنگی بە پەروەردە و خوێندن بدرێت بۆ ئەو مەبەستەش بینای قوتابخانە دروستکراوە، سەبارەت بە بواری پەروەردە و خوێندن لە سنووری سەید سادق و سەنتەری شاردا، سەرۆکی شارەوانی قەزای سەید سادق وتی: ڕەوشی پەروەردە و خوێندن لە سەنتەری قەزا و سنوورەکە زۆر باشە و کەمترین گرفتمان هەیە، بەتایبەتی لە ڕووی بینایەوە لە ناو سەنتەری قەزا و گەڕەکەکان(١٧) قوتابخانەی گەورە و بچووک هەیە، هاوکات لە زۆربەی گوندەکان قوتابخانە هەیە، کێشە و گرفتی قوتابخانە و خوێندن لە سنوورەکە تەنیا میلاکاتە لەمەش کەمی مامۆستای پسپۆڕایەتی وانەکانە.

**سەنتەری قەزا و گەڕەکەکان بەگشتی شەقام و کۆڵانەکانیان قیرتاو و کۆنکریت نەکراوە.گەرچی ماوەیەکە پرۆژەی دوو سایدی(سەرا و-سەید سادق) کە لە دەروازەی شارەوە دێت و بە ناوەڕاستی قەزادا دەڕوات. لەژێر جێیەجێکردندان**

### لە سەنتەری قەزا بنکەیەکی تەندروستی و نەخۆشخانەیەکی (٥٠) قەرەوێڵەیی هەیە

لەتەوەرەیەکی دیکەدا سەبارەت بە بواری تەندروستی، سەرۆکی شارەوانی قەزای سەید سادق وتی: لە سەنتەری قەزا بنکەیەکی تەندروستی و نەخۆشخانەیەکی (٥٠) قەرەوێڵەیی هەیە و لە گوندەکان بەهەر (٥-٦) گوندی نزیك یەکتر بنکەیەکی تەندروستی دروستکراوە، بەڵام لەم بوارەدا گرفتی پزیشك و پسپۆر و شارەزا لە سنوورەکە هەیە، لەبەر ئەوەی بۆ هەموو جۆرە نەخۆشییەك و نەشتەرگەریەك پزیشکی تایبەتمەند و پسپۆری نییە.

### بێگومان گرفتی سەرەکی قەزای سەید سادق زبڵ و خاشاك کۆکردنەوەیە

کۆکردنەوە و خۆ ڕزگاکردن لە زبڵ و خاشاك لە زۆربەی قەزا و ناحییەکان تەنانەت لە شارە گەورەکانیش گرفتێکی گەورە و بەرچاوە، چونکە خراپی سیستەمی پاککردنەوە و کەمی و نەبوونی ئامێری هاوچەرخ وایکردووە ئەم کارە بە باشی بەڕێوەنەچێت، لەمبارەوە سەرۆکی شارەوانی قەزای سەید سادق وتی: بێگومان گرفتی سەرەکی قەزای سەید سادق زبڵ و خاشاك کۆکردنەوەیە، بۆ ئەو مەبەستە شوێنێك دیاریکراوە کە زبڵ و خاشاکەکەی لێ کۆدەکرێتەوە و لە پاشان ژێر خۆڵ دەخرێت و هەندێك جار زبڵ و خاشاکەکە خۆی ئاگر دەگرێت، بەمەش چرە دوکەڵێك سەر شار و ناوچەکە دادەپۆشێت و دانیشتوان و خەڵکەکەی بێزار دەکات، لەلایەکی تر هۆکارێکی بڵاوبوونەوەی جۆرەها نەخۆشییە، قەزای سەید سادق بە(١٦) هەزار ماڵەوە تەنیا شەش ئۆتۆمبێلی کەپسی کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاکی هەیە و کەپسەکانیش کۆنن و بەردەوام لە کار دەکەن و بڕیارە سەید سادق وەکو زۆنێك بۆ ناوچەکە کارگەی ڕیسایکلینی بۆ دابنرێت، بۆ ئەو مەبەستەش زەوی دابین کراوە، هاوکات ناوچەکە ئامێری کەمە تەنیا(سێ گەڵابە و دوو شۆفڵ و یەك گرێدەری) هەیە، هەموو ئەو ئامێرانەش کۆنن و تاکە یەك سەلەی کارەبامان نییە، تاوەکو لە کاتی گرفتی کارەبا و پچڕانی تۆڕ و هێڵێکی ناوخۆ، بۆ چارەسەرکردن بەکاری بێنین.



## سەنتەری قەزا و گەڕەکەکانی سەید سادق بە گشتی شەقام و کۆڵانەکانیان قیرتاو و کۆنکرێت نەکراوە

ڕێگاوبـــان و شـــەقام و کۆنکرێت کردن بۆ گەڕەك و شار و گوندەکان زۆر پێویست و گرنگە و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگە و وڵات دەبێت، لەمبارەوە بۆ ئەوەی بزانین لە ســـنووری قەزای ســـەید ســـادق چ کار و پڕۆژەیەکی ڕێگاوبان کراوە و کێشە و گرفتەکانی هاووڵاتیان لەم لایەنەوە چییە، سەرۆکی شارەوانی قەزای سەید سادق وتی: بەشـــێوەیەکی گشتی شـــەقام و کۆڵان و ڕێگاوبانەکانی ســـەنتەری قەزا و گوند و سنوورەکە بەپێی پێویست نییە، سەنتەری قەزا و گەڕەکەکان بە گشتی شەقام و کۆڵانەکانیان قیرتـــاو و کۆنکریت نەکـــراوە، بەڵام ماوەیەکە پڕۆژەی دوو سایدی(ســـەرا و- سەید سادق) کە لە دەروازەی شـــارەوە دێت و بە ناوەڕاستی قـــەزادا دەڕوات، لەژێر جێبەجێکردن دایە. ئەم دوو ســـایدەش زۆر بە زحمەتی کاری لەسەر دەکرێت، لەبەر ئەوەی هاتوچۆ و قەرەباڵغیەکی زۆری لەسەرە و ڕێگای بەدیلیش نە لەسەر و نە لە خوارووی قەزاکـــە نییە، ئەم ڕێگایەش هاتوچۆی هەڵەبجەی شـــەهید و پێنجوین و هەورامـــان و مەرزەکانی باشـــماغ و تەوێڵەی لەســـەرە، هەروەهـــا قیرتاوکردنـــی گەڕەکی شـــەهیدان لەژێر ئەنجامدانە، هاوکات ڕێگای گونـــدەکان هەندێکیان قیرتـــاوە و هەندێکیش چەوڕێژ کراون، بەڵام بە گشـــتی ڕێگاوبانی گوندەکان بەپێی پێویست نییە.

## سەید سادق خاوەن سەرچاوەیەکی ئاوی ژێر زەوی زۆرە کە بەشی هەموو عێراق دەکات

سەبارەت بە بواری کشتوکاڵ و گرفتەکانی، سەرۆکی شارەوانی سەید سادق وتی: بێگومان شـــارەزوور بە کشـــتوکاڵ بەناوبانگە، چونکە زەوییەکی بەرفراوانی بەپیت و بەرەکەتی باشی هەیە، بەپێی چەند ڕاپۆرتێك دووەم شوێنە پاش ئەمریـــکا و خاوەن ســـەرچاوەیەکی ئاوی ژێر زەوی زۆرە کە بەشـــی هەموو عێراق دەکات، بـــەڵام لەبەر خراپی ڕێگاوبانـــی گوندەکان و هاوکاری و پاڵپشـــتی نەکردنـــی جووتیارانی ســـنوورەکە بۆیە تا ئێستا بەو جۆرەی پێویستە برەو بەکەرتی کشـــتوکاڵ نـــەدراوە، هاوکات نەبوونی کۆگا و ســـاردکەرەوە و ســـایلۆیەك بـــۆ هەڵگرتن و وەرگرتنـــی بەروبوومی میوە و دانەوێڵە لە جووتیـــاران کاریگەرییەکی ترە لەسەر کەرتی کشتوکاڵی ناوچەکە، هەر چەندە هەندێ کەلوپەل و پێداویستی بەسەر جووتیاران دابەشـــکراوە، بـــەڵام زۆر لـــە پێداویســـتیان کەمترە.

**نەبوونی کۆگا و ساردکەرەوە و سایلۆیەك بۆ هەڵگرتن و وەرگرتنی بەروبوومی میوە و دانەوێڵە لە جووتیاران کاریگەرییەکی نێگەتیڤی ترە لەسەر کەرتی کشتوکاڵی ناوچەکە**

## ئەگەر سەید سادق بخرێتە سەر ئیدارەی هەڵەبجە ئەوکات دەبێ گرفت و مەینەتییەکانمان چەند زیاتر بێت

ســـەبارەت بەو بڕیارەی کە هەڵەبجەکراوە بە ئیدارەیەکی ســـەربەخۆ، ســـەرۆکی شارەوانی قەزای ســـەید ســـادق وتـــی: بێگومان زۆر پێمانخۆشە و پیرۆزباییان لێدەکەین، بەڵام ئێمە کە ســـەر بە پارێزگای سلێمانین بەم شێوە کار و پڕۆژەمـــان بۆ کـــراوە و خاوەنی ئەو هەموو گرفت و مەینەتیانەین، ئەگەر بخرێینە ســـەر ئیدارەی هەڵەبجە ئەوکات چیمان بۆ دەکرێت و گرفـــت و مەینەتییەکانمان چەند زیاتر دەبێ، بۆیـــە بڕیارە لەمبارەشـــەوە(دە)هەزار ئیمزای هاووڵاتیانی قەزای سەید سادق کۆبکرێنەوە و بیدەین بە پەرلەمانی کوردستان، چونکە ئێمە زۆن و ناوەنـــدی ناوچەکەین و هەقی خۆمانە گرنگی زیاتر بە سنوورەکەمان بدرێت.

## لە قەزای سەید سادق بە بڕی(١٣) ملیۆن دۆلار چەندین پڕۆژە ئەنجام دەدرێت

لە کۆتاییدا ســـەرۆکی شـــارەوانی قەزای سەید سادق وتی: ئێســـتاکە لە قەزای سەید ســـادق بە بڕی(١٣) ملیـــۆن دۆلار پڕۆژەی جۆراوجـــۆر لەژێـــر جێبەجێکردنـــە و بـــەم پڕۆژانەش تا ڕاددەیەکی باش هەندێ گرفتی خزمەتگوزاری قەزای ســـەید سادق چارەسەر دەکرێت، هاوکات چەنـــد پارك و باخچەیەکی جوان و مۆدێرن لە سەنتەری قەزا دروستکراوە و لەکاتـــی هەڵمەتی نەمام چاندن بە ئومێدین پتر لە دوو هـــەزار نەمام و دارودرەخت لە ناو ســـەنتەر و گەڕەکەکان بۆ پاراســـتنی ژینگە و جوانکاری شـــارەکەمان بچێنین، لەلایەکی تر لەکاتی خۆی(٥) هـــەزار ئیمزا کۆکرایەوە بۆکردنەوەی کۆلێژ و پەیمانگا لە ســـنووری قەزای سەید سادق کە بڕیاربوو کۆلێژی ئاداب بەشی (مێژوو و جوگرافیا) بکرێتەوە، گەرچی تا ئێستا نەکراوەتەوە و ئەمەش داواکاری خەڵك و ڕۆشنبیران و قوتابیانی سنوورەکەیە، پێویستە حکومـــەت و لایەنی پێوەندار خەمێکی جددی لەم بابەتە بخۆن.

# دەرفەتی دیالۆگ و تواناکانی سیستەمی فیدراڵی لە لیبیادا



فلك الدين كاكەیی

**دەستپێك:**

قەیرانەکەی لیبیا بەرەو هێورکردنەوەیەکی ڕێژەیی دەڕوات ، سەرەڕای بوونی چەندین ئەگەر لەسەر دروستبوونی ڕووداوی لەناکاو چ لەڕێگای گۆڕینی هەندێك هەڵوێستی ناوخۆو ناوەندەکانی رژێمەکە خۆیەوە یان بەهۆی دەستێوەردان و ڕێگەچارەی نێودەوڵەتی کە لەکۆتاییەکانی مانگی شوباتەوە جێگەی وتووێژو باسکردنە، واتە لەساتەوەختەکانی دەرکەوتنی ئەو بزووتنەوانەی نارەزایی لەو وڵاتەدا دەردەبڕن،بەڵام ئێستا زمانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر عەقید قەزافی ئەهوەنتر بووەتەوە ، تارادەی ئەوەی لە ٣ی ئازاردا ئەمەریکا پێی وابوو( تا ئێستا ڕوون و یەکلا نەبۆتەوە داخۆ رژێمی لیبیا بە فڕۆکە خۆپیشاندەرانی بۆردومان کردووە یان نا)، باسەکان زیاتر پوخت کراونەتەوە بۆ ئەوەی کارەساتێکی ناخۆشتر لەمەی ئێستا دروست نەبێت، گەرچی تاکو ئێستا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەر نیگەرانی خۆی دەردەبڕێت بۆئەو رووبەڕووبوونەوە خوێناوییەی لەبەرامبەر خۆپیشاندەران روویانداوە، داخوازی دەکەن پاپەندبن بە بنەما نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤەوەو خوێن نەڕژێنرێت .

لەلایەکی ترەوە جەمسەرەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی کە لەهەرێمی بنغازی گردبوونەتەوە دامەزراندنی ئەنجومەنێکی نیشتمانی و حکومەتێکی کاتییان راگەیاندوو، ئاڵای پێشووی سەردەمی پاشایەتی لیبیایان هەڵکردووە، هەندێکیشیان داوا دەکەن دەستوورەکەی پێشتری سنوەسی پاشا کە پێش ساڵی ١٩٦٩ کاری پێکراوە بهێننەوە بواری کارکردن، ئەمەش ئەو ساڵە بوو کە معەمەر قەزافی و هاوڕێیەکانی دەستیان گرت بەسەر فەرمانڕەوایی لیبیادا و رژێمی کۆمارییان لەبری رژێمی پاشایەتی( گەندەڵ و بۆگەن) بەپێی گوزارشتی ئەوسای خۆیان دامەزراند.

## هەڵمەتێکی عەرەبی و نێودەوڵەتی توند لە دژی قەزافی

بەدەرکەوتنی بزووتنەوەی نارەزایەتی لەشاری بنغازییەوە لەدژی هێزو دەزگاکانی رژێمی قەزافی پێکدادانێکی خوێناوی لێکەوتەوە، ئەمەش سەرهەڵدان و دیاردەیەکی کتوپڕ بوو لەئەنجامی هەڵمەتێکی سیاسی و راگەیاندنێکی توندی نێودەوڵەتی ( بەتایبەت خۆرئاوایی ) و هەروەها عەرەبیش، هەموو ئەم هەراوزەنای راگەیاندنە لەدژی قەزافی و رژێمەکەی بۆ ئەوەبوو فشار بخەنە سەری و بیرووخێنن.

زۆربەی ئامرازەکانی راگەیاندنی عەرەبی قەبەکردن و زیادەڕۆییان لەژمارەی قوربانییەکان و ئاستی داپلۆسین دەکرد تا لەسەر حوکم کەناری بخەن ، دواتر حەقیقەتی ئەم زێدەڕۆییە دەرکەوت و بووە هۆی ئەوەی وردە قەزافی و لایەنگرانی دەستپێشخەری سیاسی و راگەیاندن بگێڕنەوە بۆ لای خۆیان و لەبەرژەوەندی مانەوەیان دەنگوباسەکان دارێژنەوە، تا لەدواجاردا قەزافی دەرکەوتەوەو لەهەمووان هێمنترو روونبین تر قسەی دەکرد، لەکاتێکدا یەکەمین خیتابی پڕی لەهەڵچوون و تووڕەبوون بوو، زمانێکی زبری تێدا بەکارهێنا، چاودێران ڕایان وایە کە هەماهەنگی و تەوقیتێکی پێشوەختە بە ڕێکەوتن لەلایەن بزووتنەوە نارازییەکانی ناوخۆو نەیارانی دەرەوەی نێودەوڵەتی و عارەبی لە دژی قەزافی ڕێکخرابوو، چونکە قەزافی بەوە ناسراوە بەدرێژایی ٤٢ ساڵی فەرمانڕەوایی خۆی سەرسەخت ترین دوژمن و نەیاری لە وڵاتانی ترەوە بۆ خۆی دروست کردووە، لەسەر هەڵوێست وەرگرتنی بەرامبەر رووداوە گەرماوگەرمەکانی دنیا وڵاتانی گەورەو بچووکی دەوروبەری خۆی بەقسەکانی تووڕە دەکردن. زۆر بەتووندی وڵاتانی وەك ئەمەریکاو بەریتانیاو ئیتاڵیای لەخۆی تورە دەکردوو ئەمەش لەئاکامی ئەوەی کە وڵاتانی ناوبراو تاکو ئێستاش داگیرکاری وڵاتە ئەفریقیاکان و عارەبییەکانن، ئەمیش پشتگیری بزووتنەوەکانی رزگاریخوازوو ئۆپۆزسیۆنی وڵاتانی عەرەبی و جیهانی دەکرد،لەبەرانبەریاندا پشتگیری بزاڤ و رێکخراوە ئۆپۆزسیۆنگەرییەکانی زۆربەی وڵاتانی دنیای دەکرد، لەوانە گرووپەکانی ڕزگاریخواز لە باشووری فلیپین و باکووری ئێرلەنداو زۆربەی زۆری وڵاتانی ئەفریقی و ئاسیاوی بە بزاڤی رزگاریخوازی کوردیشەوە.

ئەودەوڵەتانەی کە کوردیان تێدا بوون زۆر لە قەزافی تووڕە بوون چونکە بەردەوام قەزافی هاوسۆزی بۆ کێشەی کورد دەردەبڕی، تەنانەت لە لایەن رژێمی بەعسی عێراقیەوە بەسەرسەختترین دوژمنی عەرەبیان لەقەڵەم دەدا( دواتر دێینە سەر ئەو باسە).

تەحەدداکردن و دژایەتیکردنی ئەمەریکا لەلایەن قەزافییەوە بۆ ئاستێك بەرزبۆوە تا گەیشت بەوەی ساڵی ١٩٨٦ ئەمەریکییەکان هێرشێکی ئاسمانی چڕ لەتەرابلووسی پایتەختدا بکەنە سەر بارەگای قەزافی ،تێیدا قەزافی بەڕێکەوت لێی رزگار بوو، دواتر ئەمەریکا گەمارۆی ئابووری و سیاسی خستە سەر لیبیا، ئەم دوژمنایەتیەی نێوان ئەو دوو وڵاتە تووندتر بۆوە لەدوای ڕووداوی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی نەفەرهەڵگری ئەمەریکی لە لۆکەربی، کە لەناوەندی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەم ڕووداوە ڕوویداو واشنتۆن پەنجەی تۆمەتبارکردنی ئاڕاستەی قەزافی کرد، ئەمەش ئەو کارتەیە کە ئێستا دیسانەوەو سەرلەنوێ ناوەندەکانی ئەمەریکا دەیوروژێنن تا لێپرسینەوەی لەگەڵ قەزافی پێ بکەنەوە، وێڕای ئەوەی کە ئەو دۆسییەیە پێشتر تەسویەی بۆکرابوو ..

## کەمبوونەوەی دەرفەتەکانی دەستێوەردان و ڕێگەچارەی سەربازییانەی نێودەوڵەتی

پێشنیازو ڕاوبۆچوونەکانی ناوەندە نێودەوڵەتیەکان ئاڕاستەدەکران بۆ ڕێگەچارەیەکی سەربازی لە لیبیا، بەڵام ئەو ئەگەرە لەسەرەتای مانگی شوباتەوە کەمتر بۆوە دوای ئەوەی خەڵکی لەچاوەڕێدا بوون لەهەرساتەوەختێکدا بێت ئەم ڕێگا چارەیە بەکار بهێنرێت، تەنانەت واشنتۆن بەهۆی هۆکاری زەحمەتی جیۆپۆلێکتیکی و هەروەها ڕێگری کردنی وڵاتانی عەرەبی دەوروبەری لیبیا بۆ ئەو ڕێگەچارەیەو تەنانەت هەندێك لە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنیش ڕێگر بوون لەبەردەم ئەم ڕێگاچارەیە سەربازییەدا، لەبەرئەوە وەزیری بەرگری ئەمەریکا

وتی:( ئەمە پێویستی بەبڕیارێکی نێودەوڵەتییە، دواتریش بڕیارەکە گۆڕدرا بۆ سەپاندنی ناوچەی دژە فڕین لەلیبیادا..) دیسانەوە ئەمەش جێبەجێکردنی زەحمەتە، هەتاکو نووسینی ئەم وتارەش جێبەجێ نەکراوە و نازانرێت لەداهاتووشدا رۆژان چییان لە هەگبەدا شاردۆتەوە، پێشنیازێکی تریان خستەڕوو ئەویش ناردنی چەك و تەقەمەنی و پارەو هاوکاریکردنی ئەنجومەنی نیشتمانی و ئەو حکومەتە کاتییەیە کە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە لە هەرێمی بەنغازی دامەزراوە ، ئەمەش بە ئاسانی جێبەجێ ناکرێت، چونکە ئۆپۆزسیۆنی لیبی لەناوخۆیاندا ڕێك و تەبا نین و زۆربەشیان خۆیان لە حکومەتە کاتییەکە کشانۆتەوە کە بەسەرۆکایەتی وەزیری دادی پێشوو دامەزراوە.

لەم دواییەشدا قەزافی لە لێدوانێکیدا بەگومانەوە دەیڕوانییە جیددیەت بوونی هەندێك لە ئەفسەرانی خۆی کاتێك چوونەتە پاڵ بزووتنەوەی ناڕازی، لەم کاتانەشدا لەنێوان لایەنگرانی قەزافی و هێزە چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆندا پێکادان و ململانێیی خوێناوی هەیە بەتایبەت لە نێوان شارەکانی زاوییەو مسراتەو برگییە کە گرنگییەکی ستراتیژی و ئابووریان هەیە، جەنگیش بەردەوامە و بەهۆیەوە دیاردەی کۆڕەوی لێکەوتۆتەوەو بەدەیان هەزار کرێکاری توونسی و میسری و دانیشتووانی تری لیبیا بۆ هەڵاتن بەرەو سنوورەکان دەکشێن، کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش لەکارەساتێکی مرۆیی گەورە دەترسێت.

## دەرفەتێك بۆ دیالۆگ و ئاشتەوایی نیشتمانی

لەلایەکەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و خەڵکی لیبیاش لەناوخۆدا نیگەرانن بە ئەگەری دروستبوونی جەنگێکی ناوخۆ، بەڵام دەرفەت و توانای چارەسەرکردنی گرفتەکەیان لە ڕێگای دیالۆگەوە بەکراوەیی هێشتۆتەوە، یەکەمین کەس ئەم دەروازەیەی بۆ دیالۆگ و ئاشتەوایی کردەوە سەیفوئیسلام بوو کە دووەمین کەسایەتی دەسەڵاتداری لیبیایە لە دوای قەزافی باوکی هەر لە ڕۆژانی بەرایی پەرپابوونی نارەزایەتییەکانەوە ئۆپۆزسیۆنی خستە بەردەم دوو هەڵبژاردنەوە

١- دیالۆگ و ڕێککەوتن لەڕێگای ڕازی کردنی یەکترەوە .

٢- جەنگی ئەهلی و دابەشبوون.

گەرچی تێڕوانینەکەی خۆی بە وردی شرۆڤەنەکرد بەڵام شرۆڤەکارانی سیاسی وتەکانی سەیفولئیسلامیان بە بەڵگەی لاوازی لەقەڵەمداو وتیان ئەمە نیشانەی دۆڕاندنیەتی و هەروەها هەڕەشەکردنیەتی بۆهەڵگیرساندنی جەنگێکی ناوخۆ. ئەو خاڵە بنەڕەتییەیان بەهەند وەرنەگرت کە داخوازی بوو بۆ دیالۆگ و ڕێککەوتن لە ڕێگای ڕازیکردنی هەردوو لاوە.

بەواتا ددانی بەواقیعەکەدا نابوو کە لیبیا بۆتە دووبەشەوە بەتایبەت لە بەنغازی کە کەوتۆتە دەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەندییەوە، بۆیە لەڕێگای دابەشکردنەوە پێشنیازی بیرۆکەی ڕێککەوتنی دەکرد، لە لێدوانێکی دواتریشیدا روونتری کردەوە کەمەبەستی لە جۆرێك فیدرالییەت بووە؛ دیسانەوە داوای لە ئۆپۆزسیۆن کردەوە کە بۆ دانانی دەستوورێکی تازەو داڕشتنەوەی پەیکەربەندی دەوڵەت بەپێی ئەو واقیعە نوێیەی کە دروستبووە دانیشن ، دواتر قەزافی هەمان بیرۆکەی خستەڕوو، ئامادەیی نیشاندا بۆ وەرگرتنی هەر دەستوورێکی نوێ کە لە ڕێگای دیالۆگەوە گەلی لیبیا دایبڕێژنەوە بەڵام بەزمانێکی توندو زبرەوە خستییەڕوو بۆیە بایەخی ناوەڕۆکەکەی نەهێشت، دواتر زانرا کە قەزافی چەندین شاندی دانوستانی ڕەوانە کردووە بۆ بنغازی تا هەمووان لەسەر مێزی گفتوگۆ دابنیشن، بەڵام زۆربەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن دیالۆگیان لەگەڵ قەزافی رەتکردەوە.

زۆر پێم سەیرە کە زۆربەی ناوەندەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و عارەبی هەواڵی ئەم دەستپێشخەری و دانوستان و داخوازییانەی دەسەڵاتی لیبیایان بۆ دیالۆگ دەشاردەوە، لەوکاتەدا تەرازووی هێزەکان لەسەر زەوی گۆڕدرابوون، هەرێمی بنغازیش بەلایەنی کەمەوە تەنیا دەیانویست لە مەرکەزییەتی حوکم ڕزگاریان بێت و حوکمێکی ناوخۆیی لەچوارچێوەی فیدرالییەت یا کۆنفیدرالییەت بەدەست بهێنن.

هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لەبنغازی بەشەفافییەتەوە لەسەر ئەم بابەتانە نەدەدوان ، وێڕای دەرکەوتنی چەندین دەنگی بێلایەن بۆ نەڕشتنی خوێن و ڕێگاچارەی گفتوگۆ، دواتر دەرکەوت کە ئەم کێشەیە لەسەر شێوازی هاوکێشەی نەبراوەو نە دۆڕاوە کۆتایی دێت و هەمووان دەگەنەوە خاڵی هاوسەنگی و دواجار دیالۆگ، ئەوەی جێی سەرنجی زیاترە ئەوەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش داواکاری قەزافییان بۆ دیالۆگ فەرامۆش دەکردو باسیان لێوەنەدەکرد. ئەوانیش وەك ئۆپۆزسیۆنی لیبیایی دروشمەکانیان لە دەوری ڕوخاندنی قەزافیی دەهات و دەچوو، بەمشێوەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەت ئەمەریکا گەورەترین هەڵە ئەنجام دەدەن گەر بێتوو چەك و تەقەمەنی و پارە بەئۆپۆزسیۆن ببەخشن و بانزین بەم ئاگرەدا بکەن ؛ لەکاتێکدا زۆر دەروازەی تر هەن کە دەتوانن لێیەوە پشتگیری بیرۆکەی ئاشتەوایی و دیالۆگ بکەن، کە هەر لەسەرەتاشەوە ئەم دەروازانە بۆ هەمووان کرابوونەوە.

هەموو وڵاتانی عەرەبی جگە لە عارەبستانی سعودییە کەئەویش بێدەنگی هەڵبژاردووە بەهۆی ئەوەی چاوەڕێی نەدەکرد ئەم پەرەسەندنە کتوپڕ و خێرایە لە لیبیادا ڕوودات، هەروەها توانای هیچ ڕۆڵ بینینێکی نەماوە، بۆیە بێدەنگ بووە.

زۆربەی وڵاتانی تری عەرەبی لە هەوڵدان ڕژێمی قەزافی بڕووخێنن، بەڵام ئەم ئەگەری ڕووخانە رۆژ لە دوای رۆژ کەمتر دەبێتەوە، بۆیە سعودییە تەنیا گوزارشتی لەهاوسۆزی خۆی کرد بۆ حکومەتی لیبیا تاکو لەم میحنەتە ڕزگاریان بێت ، لەکاتێکدا گەلی لیبیا لە هەمووان بۆ بەرژەوەندی و پێگەی هەرێمایەتی خۆیان روونبینترن بەپێچەوانەی ناوەندە عەرەبی و نێودەوڵەتییەکانەوە کە ئومێدی گۆڕینی لیبیا دەیانجووڵێنێ، ئێستاش تێڕوانینەکان بۆ ئەوە دەچن لیژنەیەکی حەکیمانەی عەقڵانی دروست بێت بۆ ڕاگرتنی خوێن ڕشتن و کردنەوەی دەرگای دیالۆگی گشتی لەنێوان تەرابلوس و بنغازی کە بەبیروڕای من ئەم خاڵەی دواییان وەك ڕێگەچارە ئەقڵانیترە، چونکە لە لیبیادا چەندین کەسایەتی و عەقڵی واقیعبین هەن کەهەموو دوژمنکارییەك لەنێوان لیبیەکاندا ڕەت دەکەنەوە، بۆیە زەحمەتە جەنگی ئەهلی دروست بێت، گەرچی ماسمیدیای دنیا لایەنەکانی ناو گرژییەکە لەیەکتر تیژ دەکەنەوە ، ئەوەی دەمێنێتەوە پێکدادانی کەم و دیاریکراوی نێوان هەندێك لایەنە بۆ دەمار گرتنی یەکتر تا بارودۆخەکە دەگاتە سەر ڕاستەڕێی چارەسەرێکی ئاشتیانەی پێویست .

## خاڵێك لەبەرژەوەندی ڕاگەیاندنی عەرەبی و جیهانیدا نییە

ماوەیەکی زۆرە بەئاگادارییەوە چاودێری ئەو شێوازە ڕاگەیاندنانە دەکەم کە لەسەر لیبیا ماسمیدیای عەرەبی و نێودەوڵەتی کاری لەسەر دەکەن، کەسێکی ئاسایی دوور لە سیاسەتیش بۆنی ئەو فرتوفێڵی قەبەکردن و گچکە کردنەوە و شاردنەوەو دەرخستنی ڕووداو بەئارەزووی کەسانی تر نەك بەپێی واقیعەکەی کە هەیە لەسەر زەویدا هەست پێ دەکات، ڕاگەیاندنەکان پەردەی ڕەشیان داوە بەسەر هەموو بانگەوازەکانی ئاشتی و داواکارییەکانی هێورکردنەوە، زۆربەی زۆریان لایان داوەتە پاڵ ئۆپۆزسیۆن بەمەش ئیتیکی رۆژنامەگەرییان لەدەستداوە، بۆیە قەزافی هەندێك لەو دەوڵەتە عەرەبیانەی کە دوژمنایەتی دەکەن بەوە ناوی هێناون :( تێناگەم بۆچی سوورن لەسەر دوژمنایەتیم) کەمەبەستی قەتەڕو میسرو چەند وڵاتێکی دەوروبەریەتی،بەڵام ئاڕاستەکان ئێستاکە وردە وردە بە جۆری تر دەگۆڕدرێن، تەنانەت فەرەنساو ئیتاڵیا ترسناکی بارودۆخی لیبیایان لەبەرچاوە گەر ڕابکێشرێتە ناو جەنگی نێوخۆییەوە، چونکە لیبیا ڕووبەرێکی بەرفراوانی هەیەو بەسامانی سروشتی دەوڵەمەندەو دەکەوێتە کەنارەکانی باشووری دەریای ناوەڕاستەوە بەدرێژایی زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر. هەڵەو کەموکورتی و ناڕێکییەکانی لیبیا لە ساڵی ١٩٦٩ تا ئێستا هەرچییەك بووبێت گەر هاوسەنگی ناوخۆیی تێك بدرێت زۆر سامناکتر دەبێت و ڕاستەوخۆ کار لە باشووری ئەوروپاو وڵاتانی باکووری ئەفریقیاو خۆرهەڵاتی ناوەندیش دەکات.

## ئایا قەزافی هیچی پێشکەش نەکردووە

چاودێرانی نێودەوڵەتی و شارەزایانی مێژووی کۆمەڵگای لیبیا لەهەموکەس باشتر حەقیقەتیان لایە، حەقیقەتی ئەوەی کە سەرەتای فەرمانڕەوایەتی قەزافی ڕاپەڕینێکی رۆشنگەریی و پەروەردەیی و ئابووری و ئاوەدانی بۆ ئەو وڵاتە لێکەوتبووەوە، ئامارەکانی سەردەمی پاشایەتی ئیدریس سنەوەسی تا ساڵی ١٩٦٩زایینی ئاماژەدەرن بەوەی کە لیبیا هەژاردارترین وڵاتی جیهان و دواکەوتووترینیان بووە، ڕێژەی نەخوێندەواری زۆر زۆر بەرز بووە، بەڵام

لەسەردەمی حوکمی قەزافی دا ئەم بوارانە رووی لەباشی کردووە

١- بازدانێکی جۆریی لە خوێندن و پەروەردەدا بەتایبەتی خوێندنی ئافرەتان گەرچی لەسەرەتاوە بەربەرەکانییەکی توندی پیاوانی ئایینی و سەرۆك هۆزەکان لەدژی قەزافی بەرپا دەکران تاکو کچان لە خوێندن دوور بخەنەوە، بەڵام ئەو سوور بووە لەسەر ئەوەی ئافرەتان ڕوو لەدنیای شارستانییەت بکەن.

٢- باشبوونی باری تەندروستی و دروستکردنی چەندین نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی و گرنگیدانی سەرتاسەری بەوەرزشی گەنجان .

٣- هەوڵدانی بۆ پێگەیاندنی توێژێکی بەرفراوان لە رۆشنبیران هەروەها دروستکردنی چینی ناوەند، هەموو ئەو دیپلۆماسییانەی کە ئێستا چوونەتە پاڵ ئۆپۆزسیۆن لەسەر نەفەقەو بە هاندانی مەعنەوی قەزافی لە وڵاتانی دەرەوە خوێندنیان تەواو کردووە، ئەوەی گرنگە هەرێمی بنغازی و ناو شاری بنغازی گەورەترین زانکۆی بەناوی (قار یونس) تێدایە کە بەدەیان کۆلێژوو پەیمانگاو بەبەرزترین تەکنیك و توانای زانستی دابینکراوە.

٤- بەشێوەیەکی ڕێژەیی بارودۆخی نیشتەجێبوون لە ساڵانی سەرەتای هەشتاکانەوە چارەسەر کراوە، هەر خێزانێك خانووی خۆی هەیە، ئێستاش بەبەردەوامی هەر ئەندامێکی کۆمەڵگا خێزان دروست بکات ئەرکی دەوڵەتە خانووی بۆ دابین بکات، بۆیە لیبیا یەکەمین وڵاتی عەرەبی و ئیسلامییە کە چارەسەری قەیرانی نیشتەجێبوونی کردووە.

٥- تا چەند ساڵێك لەمەوبەر هیچ گەنجێکی لیبیایی بێکار نەبووە، فرسەتی کارکردنیش بۆ هەمووان مسۆگەر کراوە بەڵام بەهۆی تەقینەوەی دانیشتووان پێداویستی و داخوازی دنیای تازەوە لەم ساڵانەی دواییدا لیبیا نەیتوانیوە درێژە بەم پرۆژانە بدات.

٦- بەمشێوەیە باری بژێوی خۆراك بەرەو باشتر دەڕوات ئەوەش بەهۆی ئەو رووبارە دەستکردەی کە لەباکوورەوە بەرەو باشوور ئەنجامدراوەو سەدان کیلۆمەتر درێژەو بەتازەترین شێوازی ئاودێری کشتوکاڵ بۆ لیبیا دابین دەکات ، لە وڵاتێکدا کە ٨٠٪ی زەوییەکەی بیابانە بەڵام لەدابینکردنی خۆراکدا نزیکبۆتەوە لەوەی بەتەواوەتی پشت بەخۆی ببەستێت.

٧- لیبیا کەوتۆتە پێشەنگی وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوتەوە و پێوەندی بازرگانی لەگەڵ هەموو وڵاتانی ئەفریقیاو جیهان هەیە، دەوڵەمەندێتی سامانی نەوتی لە لیبیا وایکردووە خزمەتگوزاری ئاوو کارەبا و هاتوچۆ بۆ هەمووان دابین بکات، بەبێ ئەوەی داوای هاوکاری لە وڵاتانی تر بکات.

## چی بەسەر نەوەی نوێ هاتووە تا شۆڕش بکات؟

ئەمەی کە باسم کرد لایەنگیری و پروپاگەندە نییە بۆ قەزافی بەڵکو هەمووتان دەتوانن ئەو سەرچاوە زانستیانەتان دەستبکەوێت کە شارەزایان و چاودێرانی نێودەوڵەتی بێلایەن ئەو خاڵانەی سەرەوەیان باسکردووە. پرسیار ئەوەیە کەواتە بۆچی ؟ ئۆپۆزسیۆن داوای چی دەکات وێڕای ئەو تواناو سامانە سروشتییەی لیبیا هەیەتی بەڵام ئەو وڵاتە موعاناتیان لەسەر دوو شت هەیە:

یەکەم نەبوونی ئازادی تاك و کۆمەڵ.

دووەم — دەرهاویشتەکانی دەستگرتن بەجڵەوی دەسەڵات و درێژبوونەوەی فەرمانڕەوایی بۆ زیاتر لە ٤٠ ساڵ

ئەمەش دیاردەیەکی سلبی سامناکە لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە کە باڵی کێشاوە بەسەر زۆربەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیاو وڵاتانی تری جیهان چونکە چەند حوکم دادپەروەریش بێت ، بەردەوامبوونی چەند رووخسارێکی دیاریکراو تەنانەت لە وڵاتانی دیموکراتیشدا دەبێتە هۆی بێزاری و نیگەرانی دانیشتووانەکەی، ئەی چی بڵێن بەدەسەڵاتدارانێك کە ٣٠-٤٠ ساڵ لەسەر کورسی حوکم بن هەروەك لەیەمەن و میسرو لیبیاو شوێنانی تردا هەن، گەرچی ئەزموونی هیچ وڵاتێك لە وڵاتێکی تر ناچێت نەبوونی دەستوور و دامودەزگای یاسایی و خاوەن دەسەڵاتی دیاریکراو بۆ هەر سێ دەسەڵاتەکەو نەهێشتنی دەسەڵاتی چوارەمیش هۆکاری بەهێزن بۆ دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن کە ئەوانیش کار لەسەر هۆکارەکانی هەژاری و برسێتی بێکاری و خراپی خزمەتگوزاری و جیاوازی چنایەتی خەڵکەکە دەکەن لەو وڵات یا ئەویاندا.

## هۆکاری جیاوازی لەسەر بناغەی ناوچەگەرێتی و ئیتنی یا ئایین

ئەمە هۆکارێکی گەورەن بۆ دروستبوونی قەیران،لەزۆربەی وڵاتاندا کاتێك دەسەڵات و پارە لەیەك شوێندا کۆدەبنەوە بەتایبەت لەپایتەختدا زۆربەی هەرێم و ناوچەکانی تر لە سامان و خزمەتگوزاری و هاوبەشیکردنی دەسەڵات بێبەش دەبن ، رەنگە ئەم جیاوازییە هۆکارەکانی ئیتنی بێ یا نەتەوەی یا ئایینی یا بەهۆی جیاوازی زمانەوە بێت، بەڵام لە حاڵەتی لیبیادا دیاردەیەکی لەو شێوەیە نابینرێت چونکە گەلی لیبیی هەموویان موسڵمانن و عەرەبن و لەیەك رەگەزەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەویش ئەللبوو. ئینجا ئەمازیغ (بەربەر) ئینجا ئەو عەرەبانەی کە پێش زایین بەچەند ساڵێك لیبیایان داگیرکردووە، وشەی لیبیا لە وشەی قەبیلە یا تیرە(للبوو) هاتووە کە پێش هەزارەهاساڵ لەمەوبەر لەسەر ئەم زەوییە ژیاون بەڵام هاوشێوەو هاونزیکی مێژوویی لە دروست بوونی سێ هەرێمە سەرەکییەکەی لیبیادا چەندین خەسڵەت و سیمای تازەی بۆ هەر هەرێمێك دروست کردووە، سێ هەرێمەکە

یەکەمیان بریتییە لە تەرابلوس ، ناوە دێرینەکەی (تریبوو- لیتانیا) یە رووبەری ئەم هەرێمە بریتییە لە ١٣٦ هەزار کیلۆمەتر دووجا .

٢- هەرێمی فزان پایتەختەکەی بریتییە لە سبها ڕووبەرەکەی نزیکەی ٢٨٠ هەزار کیلۆمەتر دووجایە .

٣- هەرێمی بنغازی پێشتر سیرنیکای ناوبوو کە فراوانترین هەرێمەو نزیکەی ملیۆنێك کیلۆمەتر دووجاو زیاتریشە، لەکاتێکدا رووبەری گشتی لیبیا لە ملیۆنێك و ٧٧٠ هەزار کیلۆمەتر دووجا زیاترە، بەڵام ژمارەی دانیشتووانەکەی لە ١٠ ملیۆن کەمترەو نیوەیان لە تەرابلوس نیشتەجێن.

ئەم هەرێمانە هەر یەکەیان بۆ خۆیان میرنشینێك بوون یان دەسەڵاتێکی سەربەخۆیان هەبوو لەسەردەمی رۆمانی و یۆنانییەکان ئەو کاتەی لیبیایان لەژێر دەستدا بوو، لە ناویاندا هەرێمی بنغازی بەردەوام سەربەخۆیی هەبووەو باشترین زەویوزار و سەرچاوەی ئاوو سامانی نەوتی و شاخ و داخی سەوزی هەبووە ، شۆڕشەکەی عومەر موختار کە لەدایکبووی بنغازی بوو لەساڵانی ١٩٢٠ تا ١٩٣١ لەدژی داگیرکاری ئیتاڵیایی لەم هەرێمەوە دروستبووە، کەدواتر عومەر موختار بەدیل گیراو ساڵی ١٩٣١ لە سێدارە درا، بەڵام ئەم بزووتنەوە نارازییەی ئێستا کە هەر لە بنغازییەوە سەریهەڵدا لەوە دەچێت حکومەتی ناوەندی لە تەرابلوس چاوەڕوانی ئەم هەڵگیرسانە نەبووبێت، بۆیە پشتگوێی خستوو زیاتر بایەخی بە پاراستنی هەردوو هەرێمی تەرابلوس و فزاندا. پێشتریش ئەم هەرێمانە بەدرێژایی قۆناغەکانی مێژوو دابەش بوو بوو تا ساڵی ١٩٥١ لەسەر دەستی ئیدریس پاشا یەکیانگرتەوە، بەڵام ئەم یەکگرتنە لاواز بوو، هەرێمی بنغازی چەندین جاری تر لە مێژوودا بۆ جیابوونەوە راپەڕیوە، ئەم رووداوانەی دواییش درێژبوونەوەی ئەو هۆکارە مێژووییەیە کە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە زیاتر سەریهەڵداوە، کاتێك ئیتاڵیاو ئەڵمانیا شکستیان هێنا هاوپەیمانان هەرێمەکانی لیبیایان خستە ژێر ئینتدابەوە. تەرابلوس لە نسیبی بەریتانیا و ئیتاڵییەکان بوو تا دوا جار ئیتاڵیایان لێ دەرکردە دەرەوە بەڵام هەرێمی فزان هەر لەژێر ئینتدابی فەرەنسی مایەوە ، هەرێمی بنغازیش لە ژێر سایەی ئینتدابی بەریتانی دانرایەوە. هەر لەدوای کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم بەریتانیا داگیری کرد چونکە بەلایەوە پێگەی تبرقی ئاویی و پێترۆلی و گەشتوگوزاری و ستراتیژی گرنگتر بوو لە بنغازی. لەوکاتەوە بەریتانیا هەوڵی داوە حکومەتێکی نێوخۆیی بۆ هەرێمی بنغازی دامەزرێنێت کە جیاواز بێت لە تەرابلوس، بەڵام یەکلابوونەوەی بارودۆخەکانی ساڵانی چلەکان ئەم هەرێمەشی خستە پاڵ دوو هەرێمەکەی تر . لەو بڕوایەدام ئەم گرفتە کۆنە بەدرێژایی رۆژگار وایکردووە تەرابلوس ببێت بەسەنتەر بۆ حوکم و سامان و پێوەندی نێودەوڵەتی .

## رژێمی فیدراڵی یا کۆنفیدرالی

رەنگە چارەی گرفتی لیبیا لە دانپیانانی دەستوورێکی نیمچە سەربەخۆدا بێت بۆ هەریەك لە سێ هەرێمەکە هەروەها دامەزراندنی رژێمێکی فیدرالی یا کۆنفیدرالی سیاسی و ئیداری نوێ لەسەر بناغەی دیاریکردنی سنووری هەرێمەکان، هەروەها دامەزرانی لیبیای نوێ لەسەر بناغەی دیموکراتییەت و

لامەرکەزییەت و دارشتنەوەی دەستووری هەمیشەیی بەشێوازی دروستکردنی دامودەزگای نێودەوڵەتی و دابەشکردنەوەی دادپەروەرانەی سامان و دەسەڵات کەواتە دەرفەتێکی گەورە هەیە بۆ دیالۆگ و ئاشـــتەوایی ناوخۆ لەسەر ئەم بنەمایە، چونکە بەردەوامبوون لەســـەر شێوازی تەقلیدی حوکم کە شێوازێکی تۆتالیتارەو جۆرێکە لە شـــێوازی پاشایەتی یا کۆماری، لەو بڕوایەدام گەلی لیبیـــا وریاترن هەروەهـــا ئەزموونیان زیاترە لەوەی ببنـــە نێچیری جەنگێکی کوێرانەی ناوخۆ، لەکاتێکدا چارەســـەری ئاشتیانەو دەستووری لەبەردەمیاندا بوونی هەیە. مەرکەزی توند لە دەسەڵاتی تەرابلوسدا وەبەرهێنەرانی بیانی و لیبی نیگەران کردووە، هەروەها پرۆســـەیەکی بیروکراتی زیاد لە پێویســـتی دروســـتکردووە، جگە لەبەربەستی کارگێڕی و یاســـایی کە لەمەرکەزییەتی حوکمەوە دروســـتبووە . ئێستا ئەگەرەکانی ڕێگا چارەی سەربازی نێودەوڵەتی بۆ دواوە دەکشێتەوەو دەستەبەرکردنی دیالۆگ و ئاشتەوایی نێوخۆ زیاتر دەبێت، سەرەڕای بڕیارە نێودەوڵەتییەکانی کە هەندێك لەسەرکردەکانی ڕژێمی لیبیایان خستۆتە ســـەر لیســـتی تاوانبارانی جەنگ هەموو ئەم بڕیارانەش هۆکاری فشـــارن بۆ قەزافی تاکو ئاقڵانە هەڵســـوکەوت بـــکات و ڕۆژانی داهاتووش ئامادەیـــی نێودەوڵەتی بۆ هاریکاری لیبیا دروســـت دەبێـــت تا لەم میحنەتە دەربچێت.

## پشتگیری کردنی قەزافی بۆ گەلی کورد

لەکۆتاییـــدا هەڵوەســـتەیەکی خێرا لەســـەر ئـــەم خاڵە دەکەین؛ لەســـاڵی ١٩٦٩ لـــە پرێکدا موعەمـــەر قەزافی لە ڕێگای کەناڵەکانی دەنگوباســـی جیهانییەوە پشـــتگیری خۆی بۆ گەلی کوردو کێشـــە ڕەواکەی ڕاگەیاندوو داوای چارەســـەرکردنی کێشـــەی کوردی لە هەرچوار پارچەکەی کوردستان بەدروســـتبوونی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ کرد، ئەم ڕاگەیاندنەی قەزافی هەرایەکی زۆری بەرفراوانی لێکەوتەوە، تووڕەیی هەموو وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاســـتی هەســـتان بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە کوردســـتانیان بەســـەردا دابەشکراوە، بەمشـــێوەیە قەزافی گرفتێکی دیپلۆماسی و سیاسی بۆ خۆی لەگەڵ ئەم دەوڵەتانە دروست کرد، کە دواتر بەپەلە دەسەڵاتدارانی لیبیا کەوتنە ڕوونکردنەوەی ڕاگەیاندنەکەو وتیان ئەمە کرتنەوەی دەرگایەکە بۆ شرۆڤەکردن و فیکر نەك هەڵوێستێکی سیاسی مەیدانی .

ورووژاندنی کێشـــەی کورد لەو کاتەدا کە لەهەموو لایەکەوە شۆڕشـــەکەی گەمـــارۆ درابوو، بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی کەم نەبوو، لەکاتێکدا هەموو دنیا گوێی خۆیان لەو زوڵم و ســـتەمەی کە لەکورد دەکرا داخستبوو، بەڵام دەنگی قەزافی تەنیا دەنگێکی پشـــتگیری بوو کە بێدەنگی شـــکاند لەبەرامبەر میحنەتەکانی گەلی کورد، بایەخی هەڵوێســـتەکەی لەوەدا بوو کە ڕاگەیاندنەکەی لە وڵاتێکی عەرەبی و ئیســـلامییەوە دەهات، ئەم هەڵوێستی پشتگیرییەی لە ساڵی ١٩٨٩ دووپات کردەوە، دیسانەوە لەساڵی ١٩٩٠ درێژەی پێدا تا لە ساڵی ٢٠٠٣ قەزافی داوای لەسەرکردە سیاسییەکانی کوردی عێراق کرد، لە ڕووخاندنی ڕژێمی ســـەدام دەرفەت لەدەست خۆیان نەدەن و دەوڵەتی کوردی ســـەربەخۆ ڕابگەیەنن. (ئەگینا پەشیمان دەبنەوە) بەم وشەیە کۆتایی بە پشـــتگیرییەکانی هێنان دواتر ڕەخنەی لێگرتن چونکە پێی وابوو بەئەرکی خۆیان هەڵنەســـاون هەروەها بەدرێژایی ٣٠ ساڵ قەزافی لەچەندین لێدوان و دانیشتنیدا باسی لە ڕزگاربوونی کورد کردووە بەهۆی ئەو ستەمەی کە مێژوو دەرهەقی کردوون، هەروەهـــا داوای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی کردووە، تاکو ئێســـتاش هۆکاری ئەم هەڵوێستی پشـــتگیرییەکەی قەزافی بۆ کورد ڕوون نەبۆتەوە کە لەبەرامبەردا هیچ سوود و قازانج و پاداشتی وەرنەگرتووە کەسیش داوای ڕاگەیاندنی وای لێنەکردووە. هەوڵم داوە لەکتێبێکی تایبەت بە(قەزافی و کێشـــەی کورد) ئەم ڕاگەیاندنەی قەزافی شیبکەمەوە کە لەساڵی ١٩٨٩ و ١٩٩٠ دواتر لە ٢٠١٠ ئەم هۆکارانەم لە هەڵوێستەکەیدا هەڵهێنجاوە:

١- قەزافی خۆی بەقوتابی و دەروێشـــی زەعیمی گەورەی عەرەب جەمال عەبدولناسر دەزانێت، ئەمەی دواییان هاوڕێ و داکۆکیکاری گەلی کورد بووە هەر لەشۆڕشـــی یۆلیۆی ١٩٥٢ تا دوا ساتەکانی ژیانی پابەندبوو بەو هێڵە دیموکراتییە مرۆڤایەتییەوە تا دوا ڕۆژی مردنی کە لەســـاڵی ١٩٧١ کۆچی دوایی کرد داوای لە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق دەکرد بەشێوازی ئاشتیانە کێشـــەی کورد چارەسەر بکەن، هەروەها ئیدانەی کوشتنی کوردانی کردووە.

٢- فیکـــرو بیـــروڕای قەزافی لەو تیـــۆرە تایبەتەدا کۆدەبـــۆوە کە تێیدا بەتوونـــدی بەرگری لە کەمینـــەکان و گەلانی ژێر دەســـتەی جیهان دەکرد بەتایبەت ڕەش پێســـتەکان و هیندییە سوورەکان و منداڵان و ئافرەت و پیرەکان هەروەها پشـــتگیری خەباتی باشـــووری فلیپین و باکووری ئێرلەنداو گەلی فەڵەســـتین و هەموو ئۆپۆزســـیۆنە ڕزگاریخوازەکانی وڵاتانی ئیسلامی کە گەلی کوردیش زۆرترین و گرنگترین گەلی چەوساوەی ناوچەکە بوو.

٣- نەیـــار بوونی لەگەڵ وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاســـت لەزۆر قۆناغی جیـــاوازدا، بەتایبەتی ئێران و تورکیا بەهۆی هاوپەیمانێتییان لەگەڵ وڵاتانی داگیرکـــەردا، قەزافی لە ڕێگای هاندانی بزووتنەوەی کوردەوە ئەو ڕژێمانەی دەترساند. بەمانایەکی تر هەڵوێســـتی قەزافی لەبەرامبەر کورد هاوئاهەنگ بوو لەگەڵ ئاراســـتەی فیکری خۆی بەڵام ئەگەر هۆکاری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری تر هەبێت ئەوا خوا دەزانێت .

بەچاوپۆشـــی لەگەڵ چۆنیەتی چارەســـەری قەیرانی ئێســـتای لیبیاو چارەنووسی قەزافی گەلی کورد بەشـــانازییەوە هەڵوێستەکانی پێشووی ئەم کەسایەتییە عەرەبی و ئیسلامییە هەڵدەسەنگێنم و ئەو هەڵوێستە مێژووییەی بەبـــەرزی دەنرخێنم، لە کتێبەکەمـــدا بەناوی ( قەزافی و کێشـــەی کورد) هەڵوێســـتە مرۆڤایەتییەکەییم لە چـــوار چێوەی پشـــتگیریکردنی عەرەبی لەگەلی کورد ریزبەند کردووە هەروەك هەڵوێستی عەبدولرەحمان عەزام و جەمال عەبدولناســـرو ئەحمەد بن بیلاو ســـەرکردەکانی کۆماری یەمەنی دیموکراتی کە بەفەرمی و بەناوی دەوڵەتی خۆیانەوە دانیان نا بە مافی کوردان لەســـەر دیاریکردنی چارەنووســـی خۆیان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان ئەمەش لەســـاڵی ١٩٧٠ و دواتر تا ڕۆژی نەمانی یەمەنی باشوور لە ساڵی ١٩٩٣ و یەکگرتنی لەگەڵ باکووری یەمەن. لیســـتی داکۆکیکارانی عەرەب لەگەڵ کورد کەسانی ڕۆشـــنبیرو سیاسیشی تێدایە ( وەك کەمال جونبلات) و هەروەها کەســـایەتی دیموکراتیخوازی تر بەڵام ئەم کتێبە لەلایەن هەندێك لە ڕۆشـــنبیرانی عەرەب و کوردەوە بەهەڵە لێی تێگەیشـــتن وایان دەزانی ستایش و مـــەدح کردنە، بەتایبەت لەبەرامبەر قەزافی کـــە بەوردی نەیانخوێندبۆوە. ئەگینا دەیانزانی کە ئەو کتێبە بەتەنیا تەرکیز دەخاتە سەر هەڵوێستی قەزافی لەبەرامبەر کێشـــەی کوردو پاشـــهاتەکانی . لەکاتێکدا پێگەی سەرکردایەتی قەزافی و باری سیاســـی ئەوەم لەدوورو نزیکەوە باس نەکردووە نە بەســـلبی و نە بەئیجابی تەنیا ئەوە نەبێت هەســـت و سۆزی جەماوەری کورد لەبەرامبەر داکۆکیکردنی کەسانی تر بگوازمەوە، ئەم هەڵوێستە جێی بایەخ پێدانە بەشێك دەبێت لە مێژووی ناوچەکەو کێشـــەی کورد . گەر قەزافی بمێنێتەوە یان لە وجوددا نەمێنێت کە ئەوەش چارەنووسی هەموو مرۆڤێکە، هەڵوێستەکەی هەر دەمێنێت و لە زاکیرەی گەلی کوردا دەپارێزرێت .

هیچ پێوەندی بە ڕژێمی سیاسی و چارەنووسی ڕژێمەکەی ئێستایەوە نییە وەك وتم ڕێکخستنەوەی لیبیا لەسەر بنەمای فیدراڵی یا کۆنفیدراڵی کارێکی نیمچـــە حەتمییە چ لە ژێر ســـایەی حوکمی قەزافی یان لە ژێر ســـایەی حوکمێکی تردا گەر بێتوو بەویستی خۆی بەجێی بهێڵێت، لە کۆتاییدا ئومێدی خێرو ســـەلامەت و پێشکەوتن بۆ گەلی لیبیا دەخوازم وەك هەر گەلێکی تری دنیا ئومێدی سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم بەسەر ئەو قەیرانەی ئێستا تێی کەوتوون تـــا بە هێـــزەوە لێی دەربچن و ئەو ژیانە هەڵبژێرن کـــە ئاواتی بۆ دەخوازن تا لەرووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئیدارییەوە دابیرێژنەوە .

**تێبینی:**

١- لەبەهـــاری ١٩٨٦ قەزافـــی لە کۆنگرەیەکی بەرفـــراوان لە تەرابلوس بە ئامادەبوونی نوێنەرانی هەموو حزبە کوردییەکانی بەشـــەکانی کوردســـتان لـــە دیالۆگێکی بەرفراوان و تێرو تەســـەلدا پەرەســـەندنی کێشـــەی کوردو پشـــتگیریکردنی لەلایەن لیبیاوە دوایەمین چالاکی و پشـــتگیری سیاسی و ڕۆشنبیری قەزافی بوو بۆ کورد لەم بوارەدا.